سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩ ...................... لاپەڕەی ........... ٥

١- لەسەر قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

٢- کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران

٣- دوای بیستو یەک ساڵ لە جینایەتی هاوینی ٦٧، جینایەتەکانی ڕێژیم بەردەوامن

٤- براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی دێموکراسییە

٥- کەشو هەوای سەرکوتکەرانەی ئەمساڵ و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان

٦- لە پەراوێزی سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاراندا

٧- گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان و ئاکامەکانی

٨- دیپلۆماسیی ئەحمەدی نژاد و ئاکامی سەفەر بۆ ئافریقا و ئامریکای لاتین

٩- ستراتێژیی نوێی ئامریکا لە ئەفغانستان و چەند قسەیەک

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ ...................... لاپەڕەی ........... ٤٣

١٠- پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران دوای کۆبوونەوەی بەغدا

١١- کۆبوونەوەکانی مۆسکۆش هیچ ئاکامێکیان نەبوو

١٢- وشکبوونی گۆلی ورمێ، کارەساتێک بۆ ناوچەکە

١٣- هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری و «ڕیفۆرمخوازانی ساختە»

١٤- کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران و تێچوو و دەسکەوتەکانی ڕێژیم

١٥- دووره دیمەنی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا

١٦- کێ دژی ڕاگرتنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکانە؟

١٧- ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و نیگەرانیی خامنەیی

١٨- دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و داهاتووی پێوەندیی ئێران و ئامریکا

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ ...................... لاپەڕەی ........... ٧٥

١٩- ئالقەیەکی نوێ لە زنجیرەی کۆبوونەوە ئەتۆمییەکان

٢٠- دووره دیمەنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران لە ساڵی تازەدا

٢١- ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنو بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە ئێراندا

٢٢- ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران پەرەی سەندوە

٢٣- مەترسیو گرفتەکانی بەردەم پەناخوازان

٢٤- کۆبوونەوەکانی ژێنێڤ بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران

٢٥- ١٣ای خەزەڵوەر و دیپلۆماسیی تەدبیر و ئومێد!

٢٦- هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٣ بە گوێرەی ئارشیوی «کوردستان و کورد»

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ....................... لاپەڕەی ............ ١٠٨

٢٧- پەیامی نەورۆزیی خامنەیی و ساڵی بەڕێوەبەریی جیهادی

٢٨- وڵاتێک بە ناوی عێراقو ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە

٢٩- وردبوونەوەیەک لە هەستی نەتەوایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان

٣٠- ڕاپرسیی سەربەخۆیی سکاتلەند و پەیامەکانی

٣١- خوێندنەوەیەک بۆ نوێترین هەڵوێست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٢- پشتیوانی جیهانی بۆ کوبانی و سەرکوتی خۆپێشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ ....................... لاپەڕەی ............ ١٢٨

٣٣- ڕووداوە تیرۆریستییەکانی پاریس و شەڕی دژە تیرۆر

٣٤- گرژییەکانی نێوان کۆنگرە و کۆشکی سپی لەسەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران

٣٥- نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا

٣٦- نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا

٣٧- پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە گەمارۆکان

٣٨- لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا

٣٩- کۆتایی ماوەی دیاریکراوی دانوسانەکان و بەردەوامیی ناکۆکییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا

٤٠- ڕووداوە گرینگەکانی بەر سەرنجی میدیاکان لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩

## لەسەر قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی سێپتامبری ئەمساڵ مەحموود ئەحمەدی نژاد بۆ پێنجەمین جار وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قسەی کرد. بەڵام بەشداریی ئەمساڵی ئەحمەدی‌نژاد لەم کۆڕەدا جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ساڵانی پێشوو هەبوو. ئەحمەدی‌نژاد ئەمساڵ لە حاڵێکدا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەشدار بوو کە لە ئەنجامی کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی ئێران و کوشتنی دەیان کەس و گرتن و ئەشکەنجەی سەدان کەس لە ناڕازییان لە شەقامەکانی ئێراندا، مەشروعییەتی خۆی و دەوڵەتەکەی و ڕێژیمەکەی لە جیهاندا هەتا ئاستێکی زۆر نزم دابەزیوە و لە ئاکامی بەربەرەکانیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران تووشی قەیرانێکی زۆر جیددیی نێوخۆیی بوونەوە. هەر بۆیە ئەمساڵ بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی هێندێک لە ڕاڤەکاران کە بە سەرنجدان بە کەسایەتی و ڕابردووی ئەحمەدی‌نژاد پێیان وابوو دیسان باس لە نەهێشتنی ئیسراییل و مەسەلەی هۆلۆکاست دەکا، هیچ باسێکی لەو دوو بابەتە نەکرد کە ساڵانی پێشوو تەوەری سەرەکیی قسەکانی بوون. واتە لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە بەرەی نێوخۆییدا تووشی گرفتێکی جیددی هاتوە و مانەوەی دەوڵەتەکەی کەوتۆتە مەترسییەوە، ئەمساڵ لە بەرەی دەرەکیدا ناچار بوو کەمێک نەرمتر بدوێ بۆ ئەوەی وزەکەی بۆ شەڕ لە بەرەی نێوخۆیی تەرخان بکا و بە خەیاڵی خۆی لە مەیدانی دەرەوەدا کەمتر مانۆڕ بدا و تووشی شکست نەبێت. بەڵام ئەوەی دیتمان دیسان پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ئەحمەدی‌نژاد و ڕاوێژکارەکانی بوو، چونکە بە لێوردبوونەوە لە قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لەو کۆڕەدا بۆ ئێمە و بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبێتەوە کە ئەو قسانە نەک ڕای گشتیی جیهانی لەسەر کۆماری ئیسلامی بە گشتی و ئەحمەدی‌نژاد و دەوڵەتەکەی بە تایبەتی نەگۆڕی، بەڵکوو قسەکانی ناوبراو سیمای ئەو ڕێژیمە و بەرپرسانی، زۆر زیاتر لە پێشوو بۆ جیهان ئاشکرا کرد.

ئەحمەدی‌نژاد لە بەشێک لە قسەکانیدا باسی لە کۆمەڵێک بە وتەی خۆی تەنگژە کرد کە بەرەوڕووی بەشەرییەت

بوونەتەوە و، پێغەمبەرئاسا ئەو گرفتانەی خستە بەرباس و کۆمەڵێک پەندو ئامۆژگاریی ئایینی و ئەخلاقیی دا بە دنیا، هەروابزانە زاتی موبارەکی بێگەردە و لە هەمووی ئەم هەڵەو پەلانە بەری و بەدوورە.!

لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا باسی لە بوونی زیندانە نهێنییەکان و گرتن و دزینی تاکەکان و دادگایی و سزادانی نهێنی بێ وەبەرچاوگرتنی یاساو ڕێسا حوقووقییەکان کرد و گوێگرتن لە تەلەفۆنەکان و کردنەوەی نامەکانی خەڵک و بانگ کردنیان بۆ ناوەندە پۆلیسی و ئەمنییەتییەکانی بە شتێکی ڕۆژانەی جیهان ناوبرد و گلەیی لە گرتن و گوێنەدان بە وتە و بیروڕای زانایان کرد! وەک ئەوەی ئەو شتانە لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا هەر ڕوویان نەدابێ و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە لە دوای کودیتای خوێناویی ٢٣ی جۆزەردان و ڕیسوایی زیندانی کەهریزەک و دەیان زیندان و بازداشتگای نهێنی و ئاشکرای دیکە و ئەشکەنجە سەدەنێوەڕاستییەکان و تەنانەت جینایەت و دەستدرێژی کردنە سەر گیراوەکان لە کۆماری ئیسلامیدا هیچکات ڕوویاننەدابێ.

ناوبراو باسی لە پەرەسەندنی تیرۆر و تیرۆریزم کرد و بە شیاوی کۆمەڵگەی بەشەریی نەزانی و سیاسەتمەداران و نیزامییەکانی دەسەڵاتە گەورەکانی بە پشتیوانی تیرۆریزم ناوبرد، بە بێ ئەوەی ئاوڕێکی بچووک لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری تیرۆریزمدا بداتەوە کە چۆن تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و دەزگای تیرۆری دەسەڵاتدارانی تاران گیانی لە سەدان خەباتکارو ئازادیخواز لە سەراسەری دنیا ئەستاند. ئەم قسانە لە کاتێکدا لە تریبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرێن کە دەستی ڕێژیمی تاران وەک گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە پشت زۆر لە تیرۆر و تەقینەوە گەورەکانی جیهاندا دیار بووە و تیرۆری ڕێبەرانی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و دەیان کادرو پێشمەرگەی دیکەی ئەم حیزبە و زۆر کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد و ئێرانی و هەروەها تەقینەوەکانی ئارژانتین و ئەلخۆبەری عەرەبستان و زۆر جێی دیکە بەهۆی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجامدراون.

هەروەها ئەحمەدینژاد باسی لە مەسەلەی هەژاری و ئاکامەکانی و سیاسەتی غەڵەتی ئابووریی دەسەڵاتە گەورەکان کردو دۆخی ئابووریی جیهانی دایە بەر ڕەخنە، لە حاڵێکدا کە لە ئاکامی سیاسەتە ئابوورییە هەڵەو چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت دەوڵەتی ئەحمەدینژاد زۆربەی خەڵکی ئێران کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن کانگای گەورەی نەوت و سەرچاوە ژێرزەوییەکانە، لەگەڵ هەژاری و بێکاری و ڕۆژڕەشی بەرەوڕوون و ڕێژیم

لە جیاتی بیر لە ژیان و بارودۆخی ئابووریی خەڵک بکاتەوە، سەرمایەکانیان بۆ بردنەپێشی سیاسەتە غەڵەت و دژیگەلییەکانی بەکاردێنێ و ئەوەی بۆی گرینگ نیە خەڵکی ئێرانە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدانی چەکوچۆڵ و رکەبەرایەتی لە بەرهەمهێنانی مووشەک و چەکی قورس دوا و ئەو دیاردەیەی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خەڵکی جیهان ناوبرد. ئەو قسانە لە حاڵێکدان کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاترین رادەی مووشەکی دوورهاوێژو کورت هاوێژی بەرهەمهێناوە و تاقی کردۆتەوە و بەشێکی بەرچاوی سەرمایەکانی خەڵکی ئێرانی بۆ خۆ تەیارکردن بە چەکی نائاسایی و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی تەرخانکردوە.

ئەحمەدینژاد لە قسەکانیدا باسی لە پێشێلکرانی یاسا و مافە نێونەتەوەییەکان و وەبەرچاونەگرتنی بەرپرسایەتییەکان کرد و وڵاتانی دیکەی بە لە ژێرپێنانی یاسا و رێسا و بڕیارە نێونەتەوەییەکان تۆمەتبارکرد و لە پێوەندی لەگەڵ یاسای داماڵینی چەکە ناوکییەکاندا دەسەڵاتە گەورەکانی دایە بەر رەخنە. لە حاڵێکدا کە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێکی بە بڕیارنامەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و داوا نێونەتەوەییەکان نەداوە و لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ و هەروەها مەسەلەی ناوکیی رێژیمدا چەندین راپۆرت و تەنانەت و بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوونە بەڵام ئێران نەک ملی بۆ هیچکامیان رانەکێشاوە، بەڵکوو هەموویانی بە سووک و بێ بایەخ لەقەڵەم داون.

لە هەمووی ئەو قسانە سەیرتر و رووهەڵماوانەتر ئەوە بوو کە ئەحمەدینژاد سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری گوتی ئەو هەڵبژاردنە ئازادترین و دێموکراتیکترین هەڵبژاردنی دنیا بوو و خەڵکی ئێران شانازی و بەرپرسایەتییەکی قورسیان خستۆتە سەرشانی ناوبراو! بەڵام روونی نەکردەوە کە ئەگەر وابووە و هاتنە سەرکارەکەی لە رێگەی کودیتاوە نەبووە، بۆچی ئەو هەمووە خەڵکەیان لە بەرچاوی خەڵکی جیهان و وا بێ بەزەییانە دایە بەر گوللە و لاوانی ئێرانیان لە گرتووخانەکاندا و لەژێر ئەشکەنجە و تەنانەت دەستدرێژیدا کوشت ئەویش تەنیا بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر دزینی دەنگەکانیاندا.

ئەو قسانە و زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتە لە لایەن ئەحمەدینژادەوە ئەگەرچی چاوەڕوان نەکراو نەبوون بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو تایبەتمەندییەیان هەبوو کە سیمای بێشەرمایە و رووهەڵماڵاوانەی سەرکۆماری رێژیمی

ئیسلامییان زۆر زیاتر لە پێشوو بۆ هەموو جیهان ئاشکراکرد. لە حاڵێکدا کە لە ئاکامی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا و هەروها لە ئاکامی سیاسەت و ڕەفتارە چەوت و نائینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا مەشرووعییەتی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئاخوندی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچێتە ژێر پرسیار و ئەو وتە و ئیدیعا رووهەڵماڵاوانەی سەرۆک کۆماری کودیتاچیی ڕێژیمی ئێران نیشانەی ئەوپەڕی بێشەرمی و درۆزن بوونی بەرپرسانی ڕێژیمە کە بەو جۆرە قسە و هەڵسوکەوتانە سووکایەتی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەن و بە گەمژە و نائاگاهیان دەزانن و پێیان وایە خەڵکی جیهان ئاگای لە جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر خەڵکی وڵاتی خۆیدا نیە. بەڵام خۆپێشاندانی بەرینی خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی جیهان و بە تایبەت لە شاری نیۆیۆرک و لە کاتی قسەکانی ئەحمەدی‌نژاددا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران، دەنگی ئازادیخوازی و پەیامی ریسوایی ڕێژیمی بە گوێی ڕای گشتیی هەموو جیهان گەیاند. هەر بۆیە لەژێر گوشاری ڕای گشتی و بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی بەرامبەر سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرۆک کۆماری کودیتاچی لە ماوەی ٣٥ خولەک قسەکردنی ئەحمەدی‌نژاددا نوێنەرانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ساڵۆنی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت و قسەکانی ئەحمەدی‌نژادیان بە شیاوی ئەوە نەزانی گوێیان بۆبگرن بەجۆرێک کە لە ١٩٢ وڵاتی دنیا تەنیا نوێنەرانی ٤٣ وڵات گوێیان بۆ قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد ڕاگرت کە ئەوە خۆی نیشاندەری ڕادەی بێ ئیعتباریی ئەحمەدی‌نژاد لە ئاستی جیهاندایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

---

## کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی خەرمانان، دوای پێنج ڕۆژ باس و وتوویژ لەسەر وەزیرە پێشنیارکراوەکانی مەحموود ئەحمەدی نژاد بۆ کابینەی نوێی دەوڵەتەکەی، نوێنەرانی مەجلیس دەنگەکانی خۆیان لەسەر متمانە یان بێ‌متمانەیی وەزیرەکان خستە سندووقەکانی تایبەتی ئەو کارەوە. تاوتوێ کردنی سەلاحییەتی وەزیرە پێشنیارکراوەکان لە دەوڵەتەکانی پێشوودا بە گشتی لە ٢ یان ٣ ڕۆژدا کۆتایی پێ‌دەهاتو دەوڵەت دەستی بە کارەکانی دەکرد،

بەڵام ئەم دەوڵەتە نوێیە هەروەک هاتنە سەرکارەکەی لە ئاکامی کودیتایەکی خوێناوییدا ئاسایی نەبوو، کۆبوونەوەی مەجلیس بۆ تاوتوێ کردنی متمانەی وەزیرەکانیشی ئاسایی نەبوو. دەنگدان بە وەزیرەکان دوای پێنج ڕۆژ مشتومڕی دوورودرێژو لە ژێر گوشاری ڕێبەری نیزامدا بەڕێوەچووو سەرەڕای گوشاری خامنەیی بۆ دانی دەنگی متمانە بە هەموو وەزیرەکان تەنیا ١٨ وەزیر لە ٢١ وەزیری پێشنیارکراو دەنگی متمانەیان وەرگرتو بەمجۆرە دەوڵەتی دەیەم لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوو بە یەکەمین دەوڵەت لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا کە بە کابینەیەکی ناتەواوەوە دەستی بەکارەکانی کرد.

درێژبوونەوەی مشتومڕەکان لەسەر دان یا نەدانی دەنگی متمانە بە وەزیرە پێشنیارکراوەکان بۆ پێنج ڕۆژ، لە ئاکامی قووڵتر بوونەوەی کێشەکانی نێوان باڵەکانی نیزام لە لایەک و لاوازو ناکارا بوونی زیاتری کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد لە کابینەی یەکەمی لە لایەکی دیکەوە بوو (دیارە کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نژاد لە باری لێهاتووییەوە لە هەر هەشت کابینەی پێش خۆی لاوازتر بوو).

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر پێکهاتەی کابینەی نوێی ئەحمەدی نژاددا بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وەزیرانی ئەم کابینەیە لەباری تواناو سەلاحییەت و پسپۆریی پێویست بۆ ئەو وەزارەتەی بۆی دیاری کراون لە ئاستێکی زۆر نزم دان. بەجۆرێک کە ٦٠ لەسەدی وەزیرەکان تواناو پسپۆریی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەیان نیە. لەباری ئاستی خوێندەوارییشەوە، ڕادەی خوێندەواریی گشتیی وەزیرە نوێیەکان لە بەراورد لەگەڵ کابینەی پێشوودا لەخوارترە، بەجۆرێک کە لە کابینەی پێشوودا لە ٢٣ وەزیری کابینە ١١ دوکتورا، ٨ فەوقی لیسانس و ٢ لیسانسیان تێدا بوو، لە حالێکدا کە لە کابینەی پێشنیارکراودا ٨ دوکتورا، ٤ فەوقی لیسانس و ٩ لیسانسی تێدایە.

ئەوەی لە کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاددا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە تەنیا ٥ وەزیر لە وەزیرەکانی کابینەی پێشووی تێدا بەرچاو دەکەوێ و وەزیرەکانی دیکە هەموویان تازەن و بەشی زۆریان پێشینەی بەڕێوەبەریان لە ئاستی بەرزدا نیە ئەوە لە حالێکدایە کە ئەحمەدی نژاد لە وەڵامی ڕەخنەگران لە دەوڵەتی نوێیەمدا، دەوڵەتەکەی بە یەکێک لە سەرکەوتووترین و کارامەترین دەوڵەتەکان لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دەزانی و بە دانی ئاماری سەیرو سەمەرە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا خۆی و دەوڵەتەکەی بە سەرکەوتووتر لە هەموو دەوڵەتەکانی پێش خۆی دەناساند بەڵام ناوبراو ڕوونی ناکاتەوە کە ئەگەر دەوڵەتی پێشوو ئەوەندە سەرکەوتوو و کارامە بوو

بۆچی تەنیا ٢١ لەسەدی وەزیرەکانی ئەو کابینە سەرکەوتووە لەدەوڵەتی نوێدا دەبینرێن و نزیک بە ٨٠ لەسەدی وەزیرەکان وەلانراون؟!

تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد ئەوەیە کە کابینەی نوێ کابینەیەکی تەواو نیزامی و ئەمنییەتییە. دیارە ئەگەرچی کابینەی پێشووش زیاتر لە کابینەکانی پێش خۆی لە ئەندامانی سپا پێک هاتبوو، بەڵام دوو جیاوازی لە نێوان ئەم دوو کابینەیە لەم بارەوە هەیە: یەکەم ئەوەکە ڕێژەی ئەندامانی سپا لە دەوڵەتی نوێدا ئەوەندە زیاتر و بەرچاوترە کە بە ڕاست دەکرێ بە کابینەیەکی نیزامی ناوببرێ و، دووەم ئەوە کە لە کابینەی پێشوودا وەزیرە سپاییەکان زیاتر لە بەرپرسانی پلە یەکەمی سپا بوون بەڵام لە کابینەی نوێدا زیاتر لە کەسانی خوارووتری بەرپرسانی سپای پاسداران و لە بەرپرسانی پلە دوو و سێی سپاو بەسیجن.

خاڵێکیتر کە ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆریش بەجێ نەبێ لە کابینەی ئەحمەدی نژاد، ئەوە بوو کە ئەگەرچی ناوبراو لە بەرامبەر ڕکەبەرەکانیدا کە باسیان لە مافەکانی بەناو قەومییەت و کەمایەتییەکان دەکرد، باسی لە هێنانی کەمایەتییەکان بۆ نێو کابینەکەی کردبوو، بەڵام هیچکام لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان سەر بە هیچکام لە نەتەوە یان کەمایەتییە ژێردەستەکانی ئێران نەبوون و ئەم خاڵە وەک خاڵێکی لاواز لە لایەن نوێنەری خەڵکی بروجێردەوە ئاماژەی پێکرا.

هەمووی ئەم تایبەتمەندییانە و زۆر خاڵی تریش هەر لە کاتی ئاشکرابوونی لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکانو بەتایبەت لە کەشوهەوای ئاڵۆزی سیاسیی ئێرانی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک و گیران و کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و کێشە و ناکۆکیی زیاتر لە پێشووی نێوان باڵەکانی دەسەڵات، نشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە ئەم کابینەیە بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانەی مەجلیس لەگەڵ کێشەیەکی جیددی بەرەوڕوویە و پێشبینیی ئەوە دەکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی متمانەیان پێنەدرێ، بەجۆرێک کە محەممەد ڕەزا باهونەر، جێگری سەرۆکی مەجلیس پێش بینیی ئەوەی کردبوو کە ٨ هەتا ٩ کەس لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی متمانە وەرنەگرن کە ئەوە خۆی لەخۆیدا شکستێکی گەورەی دیکە و زەبرێکی قورسی دیکە لە ئیعتبار و مەشرووعییەتی دەوڵەتی نوێ دەبوو. بەڵام بەڕێوەبەرانی ستادی کودیتاو لە سەرووی هەمووانەوە خامنەیی لە ترسی ئەوەی دەنگ نەهێنانەوەی بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی کابینەی نوێ مەشرووعییەت و ڕەوایی دەوڵەتی کودیتا هەرچی زیاتر بەرێتە ژێر پرسیار و لەگەڵ کێشە و تەنگژەی زیاتری

بەرەوڕوو بکاتەوە، کەوتەخۆ و بە هەڕەشە و تەماع وەبەرنان و بانگ کردن و پێوەندی گرتن بە نوێنەرانەوە، گوشارێکی زۆریان هێنا کە هەموو وەزیرەکان دەنگی متمانەیان پێبدرێ، بەڵام بەو حاڵەو سەرەڕای داوای زۆر جیددیی خامنەیی، سێ کەس لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی پێویستیان بۆ بە دەستەوە گرتنی وەزارەتەکەیان نەهێنایەوە.

لێرە لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی کابینەی نوێدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا دیاری کردنی ئەم ژمارە زۆرە سپایی و بەسیجی‌یە وەک وەزیر بۆ کابینەی نوێ بە ڕێکەوت بووە یان لێکدانەوەیەکی تایبەتیی لە پشت بووە؟ ئەگەر ئەم پێکهاتەیە بە ڕێکەوت هەڵنەبژێراوە، دیاری کردنی ئەم کۆمەڵە بەسیجی و سپایی‌یە بۆ وەزارەتەکان و بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک بۆ ماوەی چوار ساڵ چ پاساوێکی لە پشتە؟

وڵامی هەمووی ئەم پرسیارانە بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر کارنامەی چوارساڵی یەکەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و ڕووداوەکانی دوای ئەو و بارودۆخی نێوخۆیی ئێستای ئێران ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیەکە ئەحمەدی نژاد کە لە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆماریی ئێراندا بە کۆمەڵێک دروشمی پۆپۆلیستی هاتە سەرکار و دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە کابینەیەکی لاوازو بێ بەرنامە و تەخەسوسەوە لە ماوەی چوار ساڵدا لەباری سیاسەتی دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی غەڵەت و بێ بنەما و گوێ نەدان بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ئێرانی تووشی تەریک مانەوە و قەیرانێکی کەم وێنە کرد و کۆمەڵێک تەحریمی ئابووریی بۆ ئێران بە دیاری هێنا و لە باری نێوخۆییشەوە بە کۆمەڵێک سیاسەتی ئابووریی غەڵەت و تەحریمی ئابوورییەوە ژێرخانەکانی ئابووریی ئێرانیان لەوەی کە بوو وێرانتر کرد و بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێرانیان بە ڕادەیەکی زۆر تووشی قەیران و نەهامەتی کرد و بە گشتی وێرانەی ڕێژیمیان وێرانتر کرد.

دەوڵەتی نۆیەم یان کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نژاد کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا دەیزانی بەو کارنامە لاوازە و بەو هەمووە بێزارییەی خەڵکی ئێران لە ئاکامی بەرنامەکانی ئەو دەوڵەتە لە هەموو بوارەکانداو، هەروەها بە بوونی ڕکەبەری وەک کەڕروبی و مووسەوی لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمدا ناتوانێ ئەمجارە بە دروشم و درۆ خەڵک هەڵبخەڵەتێنێ، کەوتە بیری پیلانێک و ئەو کودیتایەیان لەدژی دەنگی خەڵک بەڕێوەبرد کە ئاکامەکەی بوو بە

تەقینەوەی بورکانی رق و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و راپەڕینی بەرینی خەڵک و، دژکردەوەی دڕندانەی پارێزەرانی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی لێکەوتەوە و بوو بە هۆی گیران و کوژرانی سەدان کەس لە لاوان و ناڕازییانی ئێران لە شەقامەکان و گرتووخانەکاندا. ئەم راپەڕین و ناڕەزایەتییانە لە ئاستێکدا بوون کە لە نێوخۆ بناغەکانی کۆماری ئیسلامیان لەرزاند و لە دەرەوە مەشرووعییەتی رژێمیان بە شێوەیەکی بێوێنە خستە ژێر پرسیار، بەجۆرێک کە دەوڵەتی دەیەمیان لە تەنانەت لە پیرۆزبایی نزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهان بێبەش کرد و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش پیرۆزبایی دەوڵەتی نوێی ئەحمەدی نژادیان نەکرد.

لەو هەلومەرجەدا و لەو قەیران و تەنگژەیەدا کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تووشی هاتبوون و بە سەرۆک کۆمارێکی وەک ئەحمەدی نژاد بە پاشخانی فکریی مەهدەوییەتەوە کە لە بناخەڕا دژی زانست و بیرکردنەوەی سەردەمیانەیە و بەگشتی لەگەڵ بژاردەکان و پسپۆڕان ناکۆکە و، لە بازنەی نزیکان و دۆستانی ئەحمەدی نژادیشدا کە هیچکامیان لە خۆی باشتر نین، سروشتییە کە مەحموودی ئەحمەدی نژاد نەتوانێ و نەیهەوێ تیمێکی لەوەی ئێستا بەتواناتر پێشنیار بکا دیاریکردنی کەسێکی وەک ئەحمەد وەحیدیی تیرۆریست بۆ پۆستی وەزیری بەرگری کە لە تەقاندنەوەی ناوەندی کولتووریی جوولەکەکان لە ئارژانتیندا دەستی هەبوو و لە لایەن پۆلیسی نێونەتەوەییەوە داواکراوە، هەر لەم سۆنگەیە و لە چوارچێوەی فکری و بیروباوەڕی ئەحمەدی نژاد و بەرنامەکەی بۆ چوار ساڵی دووەمی سەرۆک کۆمارییدا خۆی دەبینێتەوە. بە تایبەت کە ئەوەی بۆ ئەحمەدی نژاد زۆر گرنگە یەکدەستی و گوێ لەمستیی وەزیرو هاوکارەکانییەتی بۆ ئەوەی هیچ دژایەتییەک لەگەڵ بڕیارە سەیرو سەمەرە و ناعەقڵانییەکانی نەکرێ و ئەوەی لە کابینەی پێشوودا رووی‌دا دووبارە نەبێتەوە کە زیاترین رادەی وەلانان و گۆڕینی وەزیر و بەرپرسانی بەرزی دەوڵەتی تێدا روودا.

هەروەها لە کاتێکدا کە ستادی کودیتا لە حاڵەتی ئامادەباش دایە و تەنانەت هەرکام لە ڕێپێوان و بۆنە فەرمی و حکوومەتییەکانیش بە مەترسی و هەڕەشەیەک بۆ سەر نیزام دەزانێ کە ڕەنگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو کەلکی لێوەرگرن و بیکەن بە مەیدانێکی دیکە بۆ دەربڕینی دژایەتی و بێزاری لە ڕێژیم و، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕێژیم هەڵبژاردنی دەوری نوێی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی لە پێشە کە دەتوانێ بۆ ڕێژیم ببێتە کارەساتێکی گەورەتر لە راپەڕینی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان، ڕێژیم زیاتر لە هەمیشە خۆی لە مەترسیدا دەبینێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی و سروشتییە کە دەوڵەتی نوێ و کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد نیزامی‌تر و ئەمنییەتی‌تر بێ و ئەوەی بۆ ئەم دەوڵەتە لەو هەلومەرجەدا گرنگە یەکدەست و گوێ لەمست بوونی

ئەندامانی کابینەیە نەک پسپۆڕی و شارەزاییان. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە لاواز و بێتوانا و شارەزاییە هەرچەند لەوەش نیزامی‌تر و ئەمنییەتی‌تر بێ، ناتوانێ لەو قۆناغە پڕ تەنگژە و کێشەیەدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ و بەسەر شەپۆلی رووداوەکانی داهاتوودا زاڵ بێ.

بێ گومان ئەو کەلێنە گەورەیەی لە ریزەکانی دەسەڵات کەوتووە و رۆژ بە رۆژ قووڵتر دەبێتەوە و، هەروەها بڕیاری یەکجارەکیی وەلانانی جیابیران و باڵی بەرامبەر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ستادی کودیتاوە و، ژیلەمۆی رق و بێزاریی خەڵکی ئێران، گەردەلوولێک لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا پێک دێنێ و ئاگرێک لە پەیکەری نیزامی دیکتاتۆریی ویلایەتیی فەقیهی بەردەدا کە مەحاڵە بەو کابینە بێتوانایە دابمرکێتەوە و، بڕینی هەتا سەری ئەم دەریا تۆفانییە بۆ گەمیی ئەو دەوڵەتە نامەشرووع و لاوازە دەگمەن و، بە ئەنجام گەیاندنی چوار ساڵی کاری ئەم کابینەیە ئاستەم دێتە بەرچاو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## دوای بیست‌و یەک ساڵ لە جینایەتی هاوینی ٦٧، جینایەتەکانی رێژیم بەردەوامن

بیست‌و یەک ساڵ لەمەوبەر و دوای هەشت ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەرو بێئاکام کە بە شکستی رێژیمی ئاخوندی و خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن خومەینی و مل راکێشان بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش کۆتایی پێهات، رێژیمی جینایەتکار و دژەگەلیی کۆماری ئیسلامی دەستی‌دایە بەڕێوەبردنی یەکێک لە قێزەوەنترین جینایەتەکانی مێژوو لە دژی رۆڵە ئازادیخوازەکانی وڵات و، بێ رەحمانەترین کۆمەڵکوژیی لە زیندانەکانی ئێراندا وەڕێخست.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە بچووکترین باوەڕی بە ئازادی و مافی مرۆڤ و بەها ئینسانییەکان نەبووە، بەدوای هاتنە سەرکاری‌دا دەستی کرد بە سەرکوت و کوشتنی جیابیران و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کەشوهەوایەکی تۆقێنەرو سەرکوتکەرانەی بەسەر ئێراندا زاڵ کردو هەموو دەستەو گرووپ و تاکە جیابیرەکانی

خستە پەراوێزەوە. ڕێژیم باش دەیزانی سەپاندنی ئەو کەشوهەوایە بەسەر خەڵکێکدا کە بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و سەرەڕۆیی ڕێژیمی پاشایەتی ڕاپەڕیبوون و ئەو ڕێژیمەیان وەلانابوو کارێکی ئاسان نیە، هەر بۆیە خومەینی شەڕ لەگەڵ عێراقی بە نیعمەتی خوایی زانی کە لە سایەی ئەو شەڕەو دۆخی نیزامیی وڵاتدا دەکرا درێژە بە سەرکوتی جیابیران بدەن و ویستو داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ ژیانێکی ئازادو شەرافەتمەندانە سەرکوت بکەن.

لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا کە کوژران و کەم ئەندام بوونی سەدان هەزار ئێرانی و وێرانی و بەفیڕۆدانی بەشێکی زۆر لە سەرمایەکانی وڵاتی لێکەوتەوە، هەر دەنگێکی جیاوازیان بە توندی سەرکوت کردو هەموو داواو هاوارەکانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی لە گەرووردا دەخنکاندو کەشوهەوای پۆلیسی و تۆقێنەری دیکتاتۆریی ئیسلامییان بەسەر ئێراندا زاڵ کرد. بەڵام کاتێک دوای هەشت ساڵ شەڕ، ڕێژیم توانای خۆڕاگری و درێژەدان بە شەڕی نەما، خومەینی جامی ژەهری خواردەوەو شەڕ کۆتایی پێهات، ئیتر چیدی نەیاندەتوانی بە بیانووی شەڕ داواکان بێوەڵام بێڵنەوەو ڕای گشتی بەلاڕێدا بەرن. دەبوایە وەڵامی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵک بدەنەوە و بەڵێنەکانی حکوومەتی ئیسلامی بێننەدی. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ڕێژیم نە توانای وەدیهێنانی ئەو ویست و داخوازییانەی خەڵکی هەبوو و، نە باوەڕی بەو ویست و داوایانە بوو کە بریتی بوون لە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی و ژیان و بارودۆخی ئابووریی باش.

کەوابوو تەنیا چارە بۆ ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی ویست و داخوازەکانی خەڵک و ئازادیخوازان و خەباتکارانو بەربەست کردنی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران، تۆقاندن و چاوترسێن کردنی جیابیران و کۆمەڵانی خەڵک بوو. بۆ ئەو مەبەستە خومەینی فتوای ئێعدامی زیندانییە سیاسییەکانی لە سەرانسەری ئێران دەرکردو بڕیاری دا ئەو فتوایە بێ بەزەییانەو زۆرو بەپەلە بەڕێوەبچێ. هەر بۆیە زۆر خێرا هەیئەتی مەرگ دامەزرا و لە سەرەتاکانی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوییەوە دەستیان کرد بە ئێعدامی زیندانییەکان و نەک ئەوانەی حوکمی ئێعدامیان درابوو، بەڵکوو ئەوانەی حوکمی جیا لە ئێعدامیان هەبووو بەشێک لە ماوەی زیندانەکەشیان کێشابووو تەنانەت زۆر کەسیش کە هەر دادگایی نەکرابوون لە بەناو دادگاییەکی سەرپێیی و چەند خولەکیداو تەنیا بە چەند پرسیارێک و بەگوێرەی وەڵامی ئەرێ یان نا بەو پرسیارانە، حوکمی ناعادڵانەی ئێعدامیان بەسەردا سەپاو لە ماوەی چەندمانگدا زیاتر لە چوارهەزار کەسیان لە لاوان و ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە لەسێدارە داو بە شێوەیەکی زۆر بەپەلەو سەرلێشێواوانە لە گوڵزاری خاوەران و چەند شوێنی دیکە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا ژێر خاکیان کردن

و شاردیاننەوە.

ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئیسلامی کە بە فتوای دامەزرێنەری نیزام و بۆ لەنێوبردنی بەناو کافران و بۆ ڕەزای خوا! بەڕێوەچووو بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانییەوە، بۆ ئەوە بوو کە بە خەیاڵی خۆیان خەڵکی ئێران و جیابیران و ناڕازییان چاوترسێن بکەن و ڕێگە لە سەرهەڵدانی دەنگی نارەزایەتی لەدژی ڕێژیمی جینایەت و کوشتار بگرن. ڕێژیم دەیهەویست بە نەهێشتن و کوشتاری بە کۆمەڵی دژبەران وێڕای چاوترسێن کردنی خەڵکی ئێران، بە خەیاڵی خۆی نەوەی ناڕازی و دژبەر لەنێوبەرێ و نەوەی دوایی لە سایەی تۆقاندن و سەرکوت و هەروەها پەروەردەی بەناو ئیسلامیی خۆی نەوەیەکی گوێ لەمست و دەستەمۆ رابێنێ. بەڵام لە سایەی وشیاریی گەلانی ئێران و خۆڕاگری و بەردەوامیی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی گۆڕەپانی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە جگە لەو جینایەتە دەیان جینایەتی وەک قەتڵە زنجیرەییەکان و سەرکوتی ١٨ی پووشپەڕی ٧٨ و تیرۆری سەدان جیابیرو ئازادیخواز لە نێوخۆو دەرەوەی ئێرانی لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا تۆمارکردوە، نە ئەو جینایەتە و نە جینایەتەکانی دیکەش نەیانتوانی ئاگری بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ئاخوندەکان دابمرکێنن. دەبینین لاوانی ئێران ئەمڕۆ نەک نەبوونەتە ئەو نەوە دەستەمۆ و گوێلەمستەی کە ڕێژیم دەیهەویست بەڵکوو زۆر وشیارو ئازاو چاونەترسانە لە هەموو بوارەکاندا ڕێژیمیان تووشی قەیران کردوەو بە خۆڕاگری و خەبات تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیوە.

ئەمڕۆ دوای بیست و یەک ساڵ لە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە کاتێکدا یادی ئەو جینایەتە سامناکە دەکەینەوە کە ڕێژیم لەگەڵ گەورەترین قەیرانی تەمەنی خۆی بەرەوڕوو بۆتەوەو شەرعییەتی ڕێژیم نەک هەر لە نێوخۆی ئێران بەڵکوو لە سەراسەری دنیادا چۆتە ژێر پرسیار. ئەمساڵ کاتێک خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ٣٠ ساڵ سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆمارییان کرد بە مەیدانێک بۆ "نا" گوتنێکی دیکە بە ڕێژیم و بە دەنگ نەدان بە پاڵێوراوی دڵخوازی ڕێبەری ڕێژیم، ویستیان دەرفەتێک بۆ هاتنەدیی کەمترین رادەی داخوازەکانیان دەستەبەر بکەن، لەگەڵ کودیتای پاوانخوازان بەرەوڕوو بوونەوە. دەنگەکانیان بە قازانجی پاڵێوراوی گوێ لەمستی (وەلیی فەقیە) دەستی بەسەرداگیراو کاتێک خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی دەنگەکانیان لە حەرەکەتێکی جەماوەریی کەم وێنەدا هاتنە سەر شەقامەکان، لە لایەن جەللادان و گۆپاڵ بەدەستانی بەکرێگیراوی باندی کودیتاوە بە توندترین شێوە سەرکوت کران و شەقامەکان بە خوێنی لاوانی وڵات سوور کران و زیندانەکان لە کیژان و کوڕانی ئازادیخوازی وڵات

ئاخنران و جیابیران و ناڕازییان کەوتنە ژێر بێڕەحمانەترین ئازارو ئەشکەنجەکان و دەیان کەس لە زیندانەکاندا و لە ژێر ئەشکەنجە گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەمڕۆ دوای بیستو یەک ساڵ لە جینایەتی هاوینی ٦٧ی ڕێژیم دەرهەق بە زیندانییە سیاسییەکان، دەبینین دیسان ئەو ڕووداوانە دووپات دەبنەوە و ڕێژیم بۆ خۆ رزگارکردن لە لافاوی رق و بێزاریی گەلانی ئێران کە خەریکە بەردی بناغەی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بن دەردێنێ، رۆڵەکانی وڵات لە زیندانەکاندا و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە و دەستدرێژییەکاندا دەکوژێ و بە بێ دەنگی و بەدوور لە چاوی ئازیزانیان لە گۆڕە بێ ناوو نیشانەکاندا دەیاننێژێ. ئەمڕۆ دەبینین کە ڕێژیم بە وەڕێخستنی شانۆی دادگایی کردنی بە کۆمەڵی گیراوانی نارەزاتییەکانی ئەم دواییانەو لە دوای ئاشکرابوونی یەک لە دوای یەکی جینایەتەکانی لە زیندانەکاندا لە دژی لاوانی ئەم وڵاتە، هەوڵ دەدا خۆ لەو گێژاوە رزگار بکا کە لە ئاکامی ٣٠ ساڵ جینایەت و سەرکوت تووشی بووە.

شانۆی دادگایی کردنی بە کۆمەڵی ناڕازییان و، کوشتاری زیندانییەکان لە زیندانەکاندا و بەخاکسپاردنیان بە نهێنی و دوور لە چاوی کەس و کاریان، جارێکی دیکە دیمەنی کۆمەڵکوژیی هاوینی ٦٧ و دادگاییە چەند خولەکییەکان و ئێعدام و ناشتن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دێنێتەوە بەرچاو و بیری هەموو لایەک. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا لە ئارادایە هاوکات دوو راستیی تاڵ و شیرینمان بۆ دووپات دەکاتەوە. یەکەم، ئەوەکە ڕێژیمی ئیسلامی کە هەموو لاپەڕەکانی تەمەنی پڕن لە جینایەت و کوشتار لەدژی خەڵکی ئێران، لە سەر رشتنی خوێنی لاوانی ئەم وڵاتە هەروا سوورە و بە کەڵک وەرگرتن لە سەروەت و سامانی ئێران بەڵایەکی بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هێناوە کە هیچ دوژمنێکی دەرەکی بەسەری نەهێناوە. دوویەم، ئەوەکە بە هەر رادەیەک ڕێژیم لە جینایەت و کوشتار لەدژی خەڵکی ئێران رژدتر دەبێ، خەڵکی ئێران لە سەر خەبات و خۆڕاگری بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دژی گەلییە سوورتر دەبن و هیچکام لە جینایەت و سەرکوتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نەیتوانیوە بڵێسەی ئاگری خەبات و خۆڕاگری بۆ هەمیشە دابمرکێنێ و ئازادیخوازانی وڵات لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیدا بەچۆک دابێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی دێموکراسییە

لە دنیای ئەمڕودا کە شەپۆلی دێموکراسیخوازی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە،

دێموکراتیک بوون یەکێک لە خواست و چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی گەلان و تەنانەت دەوڵەتەکانی جیهانە. پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن گرنگی و بایەخێکی وای وەدەست هێناوە کە بۆ دەوڵەتەکان دێموکراسی یەکسانە لەگەڵ مەشروعییەتی سیاسی، بەجۆرێک کە ئەگەر دەوڵەتێک بیهەوێ مەشروعییەت و ڕەوابوونی خۆی نیشان بدا دەبێ هەبوونی مەرجەکانی دێموکراتبوون لەخۆیدا بسەلمێنێ.

بەباوەڕی زانایان و پسپۆڕانی بواری سیاسەت یەکێک لە سەرەکیترین نیشانەکانی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا بوونی هەڵبژاردنی ئازادە. بەڵام ئاشکرایە کە لە دنیای ئەمڕۆدا کە لە نێوان ١٩٢ وڵاتدا کە بە هەموو پێوانەکان ٤٢ وڵاتی دیکتاتۆر و نادێموکراتیک هەن و هەر هەمووی ئەم وڵاتانەش هەوڵ دەدەن خۆیان بە دێموکراتیک نیشان بدەن و لە زۆربەشیاندا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێ، ناتوانین بڵێین تەنیا هەبوونی هەڵبژاردن نیشانەی دێموکراتیک بوونە. بەڵکوو ئەوەی بە یەکێک لە سەرەکیترین نیشانەکانی دێموکراسی دەزانرێ بوونی هەڵبژاردنی ئازادە کە کۆمەڵێک مەرج و نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئێستا بێ ئەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەم باسە دەمانهەوێ سەرنج بدەینە ئەزموونی دێموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد لە نێو گەلێکدا کە لە ناوچەیەکی هەستیاری جیهان هەڵکەوتوە.

ڕۆژی ٢٥ی جولای ئەمساڵ هەرێمی کوردستانی عێراق شایەدی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و سەرۆکایەتیی هەرێم بوو. ئەم هەڵبژاردنە لە چەند ڕووەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو کە هەوڵ دەدەین بە کورتی تیشک بخەینە سەر هێندێک لایەنی ئەم بایەخ و گرنگییانە.

بێگومان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێک لە هەستیارترین ناوچەکانی جیهانە و هەڵکەوتنی کوردستان لەم ناوچەیە و دۆخی مێژوویی و سیاسیی گەلی کورد تێیدا، گرنگیی ئەزموونی حکوومەتێکی کوردی چەند قات زیاتر

دەکا. بەچاوخشاندن بەسەر وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەری کوردستان و هەروەها ئەم وڵاتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەڵسەنگاندنی رادەی دیموکراسی و ئازادی تێیاندا، دەتوانین بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان ئەم دوو لایەنەی بەراوردکردنەکەماندا بکەین.

باسی دیموکراسی و هەڵبژاردن لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا رەنگە زۆر ئاڵۆز نەبێ و هەر لە دوورەوە دیارە کە دۆخ و مێژووی هەڵبژاردن بە گشتی لەم وڵاتانەدا چۆنە. هەڵبژاردن لە وڵاتانی عەرەبیدا لە چاو مێژووی حکوومەتدارییان، مێژوویەکی کورتی هەیە و ئەو نیمچە هەڵبژاردنانەش کە تا ئێستا و لە ژێر گوشاری قورسی رای گشتیی جیهان و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی ئەم وڵاتانەدا بەڕێوەچوون ئەوەندە لاواز و پڕ کەموکوڕین کە ناکرێ وەک نیشانە و نموونەیەکی بەرچاو لە مێژووی دێموکراسیدا وەبەرچاو بگیرێن. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر لە هێندێک لە وڵاتە گەورەکانی عەرەبدا ژنان نەک هەر مافی خۆپاڵاوتنیان نەبوو، بەڵکوو تەنانەت مافی دەنگدانیشیان نەبوو و، لەم دواییانەدا مەسەلەی بەشداریکردنی ژنان لە هەڵبژاردندا وردە وردە هاتۆتە نێو باسە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانەوە.

تورکیەش بەهۆی ئەوەی بەشێک لەو وڵاتە لە نێو خاکی ئورووپا هەڵکەوتوە و بە دەروازەی ئورووپا بۆ ئاسیا دەژمێردرێ و هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە لە هەوڵی چوونە نێو یەکیەتیی ئەورووپا دایە و بەزۆر هۆی دیکەوە شێوەیەک لە دێموکراسیی تێدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لەم وڵاتەشدا بەهۆی زاڵبوونی شۆڤێنیزمی تورک و دیکتاتۆریی کەمالیستی و پێشێل کرانی مافە رەواکانی گەلی کورد کە گەورەترین پارچەی خاکەکەی لەم وڵاتەدا هەڵکەوتوە هەمیشە هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دێموکراسی هێمایەکی پرسیاریان لەسەر بووە.

لە هەمووی ئەو وڵاتانە ئاڵۆزتر وڵاتی ئێرانە کە بە مێژووی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ شارستانییەت و حکوومەتدارییەوە، شۆڤێنیزمی فارس دەرفەتی سەرهەڵدانی لە گەلانی دیکە بڕیوە. شۆڤێنیستەکان ئێران بە پێشەنگی ژیار و شارستانییەت نەک هەر لە ناوچە بەڵکوو لە جیهانیشدا دەناسێنن. بەڵام ئەمڕۆ لە سەدەی ٢١دا و دوای زیاتر لە سەدساڵ هەبوونی حکوومەت بە شێوازی مۆدێرن و تێپەڕینی زیاتر لە سەدەیەک بەسەر شۆڕشی مەشرووتەدا، ئەمڕۆ دەبینین ئێران بەدەست دیکتاتۆرییەکەوە دەناڵێنێ کە نەک هەر بۆ گەلانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە بەڵکوو بۆ هەموو جیهان بۆتە کێشە و گرفتێکی گەورە. لەم وڵاتەدا کە ڕێبەرانی ئیدیعا دەکەن ئازادترین و دێموکراتیکترین دەوڵەتی جیهانیان هەیە و دێموکراسیی ئیسلامی زیاترین ئازادیی بۆ مرۆڤەکان دابین کردوە!،

هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەماوەی سی ساڵی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوون و دوایین هەڵبژاردنیش هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بوو. بەڵام داخوا ئەم هەڵبژاردنانە دەچنە خانەی هەڵبژاردنی ئازادو ئایا سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێران دەچێتە خانەی سیستمێکی دیموکراتیکەوە؟!

هەر وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێکرا تەنیا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن نابێتە نیشانەی دێموکراسی و ڕەوابوونی نیزامێک. ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئازاد کۆمەڵێک مەرج و نیشانەی هەیە کە هیچکامیان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بەرچاوناکەون. هەڵبژاردنی ئازاد بە مانای بوونی ئازادیی تەواو لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردن واتە خۆپاڵاوتن، بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدانەدایە. بەڵام داخوا لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا ئازادی لە کام یەک لەم قۆناغانەدا دەبینرێ! هەر لە یەکەم قۆناغدا دەبینین کە ئازادیی خۆپاڵاوتن نیە و، هەموو لایەن و گرووپ و تاکەکان مافی ئەوەیان نیە خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان بپاڵێون و، ئەوە شووڕای نیگابانە کە دیاری دەکا کێ و چ لایەنێک مافی ئەوەی هەیە وەک پاڵێوراو بێتە مەیدانی رکەبەرایەتیی هەڵبژاردنەوە. بەو پێیە دەبینین کە تەنیا کەسانی جێی متمانە و پەسندی نیزام لە یەکەم قۆناغی هەڵبژاردن دەردەچن. بەمجۆرە و بە شێوەیەکی ئوتوماتیک ئازادی لە قۆناغی سێیەمی هەڵبژاردن واتە قۆناغی هەڵبژاردنیشدا ژێرپێ دەنرێ و بە کردەوە دەنگدەران مافی ئەوەیان لێ دەستێندرێتەوە کە دەنگ بە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆیان بدەن و، تەنیا دەتوانن دەنگ بدەن بە پاڵێوراوی دڵخوازی نیزام. بەم پێیە ئازادیی قۆناغی دوویەمی هەڵبژاردنیش چارەنووسەکەی دیارە و، ئاشکرایە کە چ بانگەشەیەک لە رەوتی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێ و سنووری ئازادیی پاڵێوراوان لە ماوەی دیاریکراودا بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردن هەتا کوێیە. جگە لەمانە دەبێ ئەو خاڵەش بە هەڵبژاردنەکانی ئێرانەوە زیاد بکەین کە هەرگیز ڕێگەیان نەداوە نەک چاوەدێرانی بیانی و نێونەتەوەیی بەڵکوو چاوەدێرانی سەربەخۆی ئێرانیش چاوەدێری بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بکەن. هەمووی ئەمانە ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەگەرچی لە ئێراندا هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە فڕیان بەسەر هەڵبژاردنی ئازادەوە نیە و هیچ مەشروعییەتێکیان بۆ نیزام لێ ناکەوێتەوە.

هەروەک گوترا دوایین هەڵبژاردن لە ئێراندا هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بوو کە لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. ئەم هەڵبژاردنە وێڕای ئەوەی هەموو ئەم کۆت و بەندو کەندوکۆسپانەی سەرەوەی لەبەردەم بوو، بەڵام دیسانیش ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کە نزیک بە ٥٠ ڕۆژە سەرنجی رای گشتی و راگەیەنەکانی هەموو

دنیای بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەموو جیهان دیتیان کە ڕێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتی خاوەن ژیاری چەند هەزار ساڵەی ئێراندا! تەنانەت ئاکامی ئەو شێوە هەڵبژاردنە بەرتەسک و سنووردارەشی پێ تەحەمول نەکرا و کودیتای لە دەنگی خەڵک کرد و نارازییانی ئاکامی کودیتای بە دڕندانەترین شێوە دایە بەر پەلامار و شەقامەکانی ئێرانی شەلاڵی خوێنی لاوانی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە کرد.

لەوەها بارودۆخێکدا و لەم ناوچە پڕ کێشە و گێروگرفتەدا، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد لەنێو گەلێکی زۆرلێکراو و بەشخوراوی وەک گەلی کورد، لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ گەلی کورد کە خاکەکەی بە زۆر و بێ ئیرادەی خۆی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و لە هیچ کام لەم چوار بەشەشد ا هیچکات کەمترین و سەرەتاییترین مافەکانی وەک نەتەوەیەک پێ ڕەوانەبینراوە و سەدان ساڵە بۆ دابینکردنی ئەم سەرەتایی ترین مافانە خەبات دەکا و خوێن و قوربانی دەبەخشێ، ئەم هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنەکانی دیکە گرنگی و بایەخێکی لەڕادەبەدریان هەیە.

بە چاوخشاندنەوەیەک بەسەر بەڕێوەچوونی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینین هەڵبژاردنەکان بە پێی ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە باس کران هەڵبژاردنێکی بە تەواوی ئازاد بوون. خەڵکی کوردستان لە هەر سێ قۆناغی هەڵبژاردندا ئازادیی تەواویان هەبوو. لە قۆناغی خۆپالاوتندا هیچ مەرج و بەربەستێک بۆ هیچ لایەن و حیزب و تاکێک لە ئارادا نەبوو و هەموو لایەک ئازادبوون خۆ بپاڵێون. لە قۆناغی بانگەشەکردنیشدا ئازادی بە تەواوی بۆ هەموو لایەنەکان هەبوو کە بانگەشە بۆ خۆیان و بەرنامەکانیان بکەن بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە بکەونە ژێر گوشار و لێپرسینەوە. لە قۆناغی سێیەمیشدا خەڵکەکە بەوپەڕی ئازادییەوە و بێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەسێکەوە بکەونە بەر گوشار دەنگیان بە کاندیدای دڵخوازی خۆیان دا. بوونی ٤٥ هەزار چاوەردێر کە ١٦ هەزار کەسیان لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ٢٧ هەزاریان هی حیزب و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بوون و ژمارەیەکی زۆر چاوەدێری بیانی و هەروەها ٢ هەزار رۆژنامەنووسی نێوخۆیی و بیانی یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و خاڵێکی بەرچاو و پۆزێتیڤی ئەم هەڵبژاردنانە بوون.

بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بەو شێوە ئازاد و دیموکراتیکە بێ ئەوەی چووکترین کێشەی ئەمنییەتی رووبدا، لە حکوومەتێکدا و بۆ گەلێک کە ئەزموونی حکوومەتداریی بە شێوەی مۆدێرن کەمتر لە ٢٠ ساڵە، بە بەراورد

لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان نەک هەر سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە بۆ ئەزموونی حکوومەتداری لە باشووری کوردستان، بەڵکوو سەرکەوتن و شانازییەکی گەورەشە بۆ گەلی کورد بە گشتی. لەخۆڕا نیە کە زۆریەک لە چاوەدێرانی سیاسی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە نموونەیەک بۆ ناوچەکە بە گشتی و بۆ عێراق بە تایبەتی دەزانن.

بێ گومان ئەم ئەزموونە و ئەم پرۆسەیە وەک هەموو دیاردەکانی دەستکردی مرۆڤ بێ کەموکوڕی نابێ و لەوانەیە هێندێک گرفتی چووکەش لە ئاستی تاکەکاندا روویدابێ کە نەک هەر لە ئەزموونی ساوای گەلی کورددا بەڵکوو لە پیرترین و کۆنترین دێموکراسییەکانیشدا شتی لەوانە گەورەتر روودەدەن، کە دیارە دەبێ هەوڵ بدرێ جار بە جار کەمتر ببنەوە و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووپات نەبنەوە. لەم پێوەندییەشدا بێ گومان ناوەندی چاوەدێری خاوەن سەلاحییەت بە سکاڵاکاندا دەچنەوە و کاری پێویستیان بۆ دەکرێ. بەڵام ئەو ئەرکەی ئەم ئەزموونە دەیخاتە سەر شانی گەلی چەوساوە و ئازارچێشتووی کورد ئەوەیە کە لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتی دەیان ساڵ خەبات و بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانماندا و بۆ دەوڵەمەندتر کردن و باشترکردنی ئەم ئەزموونە کە لە راستیدا بڕینی ڕێگەی سەدان ساڵەی دێموکراسی لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵدایە، بەوپەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی کردنەوە تێبکۆشن و بە رووحێکی یەکتر قەبووڵکردنەوە هەوڵ بدەن لە چوارچێوەی حکوومەتی دێموکراتیکی پێکهاتوو لە هەموو لایەن و ڕەنگەکاندا پرۆسەی دێموکراسی بەرەوپێش بەرن. هەروەک توانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا حەماسەیەک بخوڵقێنن کە براوە سەرەکییەکەی گەلی کورد و ئەزموونی دێموکۆاسی بوو. لەدوای هەڵبژاردنیش پرۆسەی پێکەوە کارکردن بۆ پەرەپێدانی دەسکەوتەکان و هێنانەدیی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و، نەهێشتنی لاوازییەکان و کەم و کورتییەکان، درێژە پێبدەن. ئەگەر بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنی ئازاد لە هەرێمی کوردستان، لەنێو جەرگەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دراوسێیەتیی وڵاتان و نەتەوەکانی بێبەشکراو لە دیموکراسیدا، جێگای شانازییە، پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کوردیش کە ئەمڕۆ لە حکوومەتی هەرێم و پارلمانی کوردستان و یاسا و دەسەڵاتی دیموکراتیکدا، خۆی دەبینێتەوە، پێویستییەکی مێژووییە. زۆر گرنگە کە لە یەک کاتدا هەم روویەکی گەش و جێگای شانازی لەم ئەزموونەی کوردستان بە دنیا نیشان بدرێ، هەم ئەو پیلانانە پووچەڵ بکرێنەوە کە دوژمنانی ئەم ئەزموونە، لە دژی گەلی کورد بەردەوام خەریکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنیانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

# کەشو هەوای سەرکوتکەرانەی ئەمساڵ و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان

خەڵکی کوردستان ئەمساڵ لە حاڵێکدا بەرەو یادکردنەوەی ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی چوون کە بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی جینایەتی ١٣ی ژوئیەی ڤییەن، بە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵدا، مانگێک بوو شەقامەکانی تاران و ئیسفەهان و شیراز و قەزوین و زۆر شاری دیکەی ئێرانیان بە خوێنی لاوانی ئەم وڵاتە سوورکردبوو.

بیرەوەریی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کەوتە سییەمین ساڵی تەمەنی دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندی. هەر لەم ساڵەشدابوو کە خەڵکی ئێران لە دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا یەکپارچە هاتنە مەیدان و "نا"یەکی گەورەی دیکەیان بە ڕێژیم گوتەوە و کاندیدای دەستنیشانکراوی وەلیی فەقیهیان ڕەت کردەوە. بەڵام بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی کە ئەزموونێکی دیکەی لەم چەشنەیان لە کارنامەی خۆیاندا هەبوو ئەمجارە بە یارمەتیی ڕاوێژکاران و کارناسانی رووسی لە دارشتنی نەخشەی کودیتاو بەرپرسانی ئەمنیەتی و سەرکوتکەری خۆیان پیلانێکی ڕەشیان داڕشت و کودیتایەکیان لە خەڵکی ئێران کرد. بەڕێوەبەرانی کودیتا کە پێش بینیی ناڕەزایەتیی خەڵکیان دەکرد، هەر لە کاتی داڕشتنی نەخشەی کودیتایەکەدا هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێک خستبوو و بە تەواوی ئامادەی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک بوون. بۆیە هەر لە یەکەمین ساتەکانی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک لە کودیتاچییەکان هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەندین ڕەنگ و فۆرم و شێوە ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیی هێمنانەی خەڵکیان شەلاڵی خوێن کرد. بۆ ماوەی نزیک بە سێ حەوتوو لە دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان، زۆربەی شارەکانی ئێران و بە تایبەت شارە گەورەکان و لە سەرووی هەمووانەوە تاران لە دۆخێکی حکوومەت نیزامی و میلیتاریستیدا بوون. دەسەڵاتدارانی کودیتاچی بە هەر شێوەیەک لە دەستیان دەهات هەوڵیان دەدا ترس و نیگەرانی بەسەر خەڵکدا زاڵ بکەن بۆ ئەوەی نەوێرن بێنە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتیان لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و دەوڵەتی تیرۆر و کودیتا بەرزکەنەوە.

بیرەوەریی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلەکەمان، هەروەها هاوکات بوو لەگەڵ ١٠ ساڵەی

جینایەتی کوی دانشگای تاران. دە ساڵ لەمەوبەر لە شەوی ١٨ی پووشپەڕدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەدوور لە هەموو پرەنسیپە ئینسانی و نێونەتەوەییەکان هێرشیان کردە سەر شوێنی حەسانەوەی خوێندکارانی زانستگای تاران و وێڕای بەزاندنی هەرێمی پەروەردە و زانست، دەستیان کرد بە لێدان و بێ حورمەتی بە خوێندکاران و ژمارەیەکیان کوشت و دەیان کەسیان بە توندی بریندار کرد و گۆشەیەکی دیکە لە سیمای دزێوی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهیان بە خەڵکی جیهان نیشاندا. ئەم جینایەتەی ڕێژیم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی خوێندکارانی لێکەوتەوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ کۆشکی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانی وەلەرزەخست. لەو ساڵەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ خوێندکارانی ئازا و بوێری زانستگاکانی ئێران کە هەمیشە پێشەنگی حەرەکەتە جەماوەری و ناڕەزایەتییەکان بوون، بەشێوەی جۆراوجۆر یادی کوژراو و بریندارەکانی ئەم جینایەتەی ڕێژیم بەرز رادەگرن و بێزاریی خۆیان لەو ڕێژیمە دەردەبڕنەوە.

بەڵام ئەم ساڵ ئەو یادکردنەوە و خۆپێشاندانانەی خوێندکاران تێکەڵ بەو حەرەکەتە گەورە و کەم وێنەیە بوو کە خەڵکی ئێران لە ٢٢ی جۆزەردانەوە دەستیان پێکردبوو، هەربۆیە ڕێژیمی سەرکوت و کوشت و بڕ کە وەک گوترا لە پێشترەوە هێزەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی وەحشیانە لەگەڵ خەڵک ئامادەکردبوو، ئەو ڕۆژە و ئەو حەرەکەتەشیان لەبیرنەکردبوو و، بە هەرچی پۆلیسیتر کردنی کەش و هەوای زانستگەکان بەرەوپیری ئەو ڕۆژەوە هاتن و لەو مەیدانەشدا و بۆ جارێکی دیکە لە ١٠ ساڵەی جینایەتی کوی زانستگای تاراندا هێرشیان کردە سەر ئەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانانەی بەو بۆنەیەوە لە لایەن خوێندکارانەوە پێک هاتبوون و ژمارەیەکیان لە خوێندکاران بریندار کرد و چەندین کەسیان دەسبەسەر کرد.

خەڵکی کوردستان لە کەشوهەوای پۆلیسی و سەرکوتکەرانەی دوای ئەم دوو بەرەنگارییەدا یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان کردەوە. خەڵکی کوردستان جگە لە نیشاندانی هاوخەباتی و هاوپێوەندییان لەگەڵ خەباتی سەراسەریی خەڵکی ئێران لە جەریانی ناڕەزایەتی و بەربەرەکانییەکانی دوای ٢٢ی جۆزەرداندا، دەبوایە لە بیست ساڵەی تیرۆری ڕێبەری لێهاتووی گەلەکەماندا بە حەرەکەتێکی بەرینی جەماوەری لەگەڵ شەهیدان پەیمان نوێ بکەنەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان دەست لە خەبات و خۆڕاگری هەڵناگرن و هەروەها بە ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامییش نیشان بدەنەوە کە تیرۆری ڕێبەرانمان و هەڕەشە و گوشارەکانی ناتوانێ توسقاڵێک وەرەی گەلی کورد بۆ خەبات تا سەرکەوتنی یەکجاری دابەزێنێ. ڕێژیمیش کە سی ساڵە لە دژی خواستە ڕەواو بەرهەقەکانی گەلی کورد شەڕ دەکا، باش لەو ڕاستییە ئاگاداربوو و دەیزانی خەڵکی کوردستان بوێرانە بە

پیر بانگەوازی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە دێن و خۆیان بۆ حەرەکەتێکی جەماوەریی بەشکۆتر لە ساڵانی پێشوو ئامادە دەکەن.

لە حاڵێکدا کە هەروەک باسکرا ڕێژیم پێش بینیی حەرەکەتێکی ئازایانەی جەماوەریی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لە بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا دەکرد، لە درێژەی ئەو شەڕە گەورەیەی لەگەڵ خەڵکی ئێرانی دەست پێکردبوو، بەشێکی زۆر لە هێزەکانی لە شارەکانی کوردستان ئامادەی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵک کرد و بە هەموو هێز و تواناوە و لە ڕێگەی دامودەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی و نیزامییەکانییەوە کەوتە هەڕەشە و گوشارهێنان بۆ سەرخەڵک کە لە لایەک ئەندامانی ئازا و چاونەترسی حیزبی دێموکرات نەتوانن و نەوێرن چالاکیی تەبلیغی بەو بۆنەیەوە وەرێبخەن و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک نەوێرن لە مانگرتنی گشتیی کوردستاندا بەشداری بکەن. بەڵام ئەوەی خەڵکی ئێران و جیهان دیتیان پێچەوانەی ویست و ئارەزووی ڕێژیم و دامودەزگای سەرکوتی نیزام بوو. خەڵکی قارەمانی کوردستان ئەگەرچی ئەمساڵ جگە لەو کەش و هەوا ئەمنییەتییەی هەمیشە لە کوردستان هەبووە، لە سایەی ڕاپەڕین و نارەزایەتیی گشتیی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەو حەرەکەتە ئەو دۆخە پۆلیسی و ئەمنییەتییە دووقات توندتر بووە، بەڵام وەک دیتمان هەم بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی سەراسەریی خەڵکی ئێران لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان، بەشێک لە دوکان و بازاڕەکانیان داخست و هاوخەباتیی خۆیان و بەردەوامیان لە خەباتی سی ساڵەی خۆیان لەدژی دیکتاتۆری نیشاندایەوە، هەم زۆر ئازایانە بەرەوپیری بانگەوازی حیزبی دێموکرات بۆ مانگرتنی گشتی هاتن و ئەگەرچی ڕێژیم بە بانگ کردنی زۆربەی دوکاندارەکان و تەنانەت چوون بۆ دوکانەکانی بەشێکیان هەڕەشەیان لە تەک تەکی دوکاندارەکان کردبوو کە ئەگەر لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا دوکانەکانیان داخەن ڕووبەڕووی ئاکامی زۆر سەخت دەبنەوە، خەڵک نەک هەر لەو هەڕەشانە نەترسان بەڵکوو زۆر بەشکۆتر لە ساڵانی پێشوو بەشدارییان لە مانگرتندا کرد و لە زۆربەی شارەکان مانگرتن بەڕێوەچوو، بەجۆرێک کە لە هێندێک لە شارەکاندا نەک هەموو دوکان و بازاڕەکان داخرابوون بەڵکوو هێندێک لە کارمەندەکانی ئیدارەکانیش لە چوون بۆ سەر کارەکانیان خۆیان بوارد. ئەوە جگە لەو هەموو کاروچالاکییە تەبلیغییەشە کە قوتابیانی قاسملووی نەمر لە شارو گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوەیان برد و دارودیواری شارەکانیان بە دروشمی حیزبی و وێنە و وتەکانی ڕێبەرانی شەهید ڕازاندەوە و بۆ جارێکی دیکە نیشانیاندایەوە کە ڕۆڵەکانی دێموکرات هەرگیز لە بەرامبەر هەڕەشەی دوژمنانی ئازادی و کوردکوژانی کۆماری ئیسلامیدا سەر نەوی ناکەن و حیزبی خۆشەویستی خۆیان بە تەنیا ناهێڵنەوە و ڕێبازی شەهیدانی ڕێگای ئازادی لەبیر ناکەن.

هەزار سڵاو لە گیانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کە بە خوێنی سووری خۆیان لە خەباتی سەراسەریی ئێراندا سیمای راستەقینەی دەوڵەتی تیرۆر و کودیتا و ڕێژیمی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهییان چاکتر بە دنیا ناساند و دنیایان ناچار کرد سەری کڕنۆش بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دانوێنێ و حکوومەتی کودیتا نەک بە ڕەسمی نەناسێ، بەڵکوو مەحکووم و شەرمەزاری بکا.

هەزاران سڵاو لە خەڵکی بە شەرەفی کوردستان کە جارێکی دیکە لە ماوەی سی ساڵ تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا نیشانیاندایەوە کە هەروا لە سەنگەری ئازادیخوازی و خەبات لەدژی دیکتاتۆریدا راوەستاون و توندترین و دڕندانەترین هێرش و هەڕەشەکانی بەکرێگیراوان و جەلادانی ڕێژیمی تیرۆریست و کودیتاچی ورەیان دانابەزێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٠٩

---

## لە پەراوێزی سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاراندا

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ (٤ی خەزەڵوەر) ڕەجەب تەییب ئۆردوغان سەرۆک وەزیرانی تورکیە وێڕای هەیئەتێکی ٢٠٠ کەسی، پێکهاتوو لە بەرپرسانی سیاسی، ئابووری و بازرگانیی وڵاتی تورکیە گەیشتە تاران. ئەم سەفەرەی ئۆردوغان و قسەو بۆچوونەکانی پێش دەسپێکردن و لە کاتی سەفەرەکەدا کۆمەڵێک باس و بیروبۆچوون و تەنانەت گەش بینی و ڕەشبینیی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم دوو وڵاتە و ناوچە و تەنانەت ڕۆژئاواشدا ورووژاند. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەفەرە و ئەو بیروبۆچوون و نیگەرانییانەی لە پێوەندی لەگەڵ سەفەر و قسەکانی ئۆردوغان و ئاکامەکانیدا هاتوونەتەگۆڕێ.

ئۆردوغان لە کاتی دەسپێکردنی سەفەرەکەی لە فرۆکەخانەی ئانکارا و لە ماوەی سەفەرەکەیدا لە تاران بەشێوەیەکی بێ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ئێران دوا و لە هەڵوێستێکدا کە بووە جێی سەرسوڕمانی ڕۆژئاواییەکان بە توندی پشتیوانیی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران کردو دەستڕاگەیشتنی ئێرانی بە وزەی ناوکی بە مافی ڕەوای ئێران زانی. ناوبراو هەروەها پشتیوانیی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد کرد. ئەم پشتیوانی و هەڵوێستەی ئۆردوغان لەم قۆناغە هەستیارەی کێشەی ناوکیی ئێراندا هەروەک گوترا لە نێوخۆ و

دەرەوەی هەر دوو وڵات کۆمەڵێک باس لێکەوتەوە و هێندێک لایەنی نێو تورکیە و ڕۆژئاوا ئەم هەڵوێستەیان بە وەرچەرخانێک لە سیاسەتی تورکیە و دووربوونەوە لە ڕۆژئاوا لەقەڵەم دا. بۆ لێوردبوونەوە لە ڕاستی یان ناڕاستیی ئەم بۆچوون و لێکدانەوانە پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لە دوای هەڵوەشانەی یەکیەتیی سۆڤییەت تا ئێستا بدەینەوە و هەورازو نشێوەکانی ستراتیژیی تورکیە لەو ماوەیەدا هەڵبسەنگێنین.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە تورکیە هاوپەیمانێکی نیزامیی ڕۆژئاوایە و لە سەردەمی شەڕی سارد لە نێوان دوو بلووکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەور و جێگەو پێگەیەکی گرنگی لە باڵانسی قودرەت لە ناوچەکەدا بۆ ڕۆژئاوا هەبوو. بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و نەمانی شەڕی سارد بە شێوازی کلاسیکی ئەودەم تورکیە ئەو گرنگییەی نەما و بەڕێوەبەرانی تورکیە هەستیان بە پێویستیی گرتنە پێشی سیاسەتێک کرد کە تورکیە بۆ پێگەی پێشووی بگێڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە تورکیە کە پێویستییەکی زۆری بە دابینکردنی نەوت و گاز لە دەرەوەڕا هەیە، لە ناوچەیەک هەڵکەوتوە کە وڵاتانی دەوروبەری لە وڵاتانی گەورەی هەناردەکاری نەوت و گازن و پێویستیان بە بازاڕی فرۆشتنی نەوت و گازەکەیان لەوبەری دەریای مەدیترانەوە هەیە.

هەروەها دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و جیابوونەوەی کۆمارەکانی نێو ئەو یەکیەتییە و دامەزرانی چەندین وڵاتی سەربەخۆ لە ناوچەی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقازدا بوارێکی دیکە بۆ ڕکەبەرایەتی و مەیدانداریی تورکیە وەک هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ڕووسیەدا ڕەخسا و دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن ئازەربایجان و تورکەمەنستان و گورجستانەوە تورکیە لە یەکەمین وڵاتەکان بوو کە ئەو دەوڵەتانەی بە ڕەسمی ناسی و هەوڵیدا بە نزیک بوونەوە لێیان و دانی یارمەتیی نیزامی و ئابووری پێیان دەوری ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان ئەوان و ڕۆژئاوادا بگێڕێ و لەو دەرفەتە زێڕینەی بۆی هەڵکەوتووە بۆ بردنە پێشی ستراتیژیی خۆی لە ناوچەکەدا و بۆ مسۆگەر کردنی داهاتی سیاسی و ئابووریی خۆی کەڵک وەرگرێ.

تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقازدا جگە لە بواری کولتووری کە خۆی لە دامەزرانی یەکیەتییەکی وڵاتانی تورک زماندا دەبینێتەوە، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا سیاسەتێکی گرتەبەر کە لە بەرزکردنەوەی پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچە و لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا دەورێکی گرنگی هەبوو. لە بواری نەوت و گازدا هەروەک گوترا وڵاتانی دەوری دەریای خەزەر و کانگا گەورەکانی نەوت و گازی ئەو ناوچەیە پێویستییان بە گواستنەوە بۆ بازاڕەکانی فرۆش هەبوو و تورکیەش زۆر زیرەکانە هەوڵیدا لە دامەزراندنی

هێڵەکانی لوولەی گواستنەی نەوت و گازی دەریای خەزەر بۆ ئوورووپا دەست ڕەپێش بخا و هێڵەکانی باکوو- جەیهان و لەم دواییانەشدا پرۆژەکانی "ترانس خەزەر" و ناباکۆ، جگە لە دابینکردنی سووتەمەنیی پێویست بۆ ئەو وڵاتە داهاتێکی ئەرزیی زۆریشی لە بابەت گومرگ و گواستنەوەی نەوت و گاز بۆ ئوورووپا پێدەبڕێ. ئەم رووداوە جگە لە دەسکەوتێکی بەرچاوی ئابووری، قورسایی تورکیە لە هاوکێشە سیاسی‌یەکاندا و بە تایبەت لە رکەبەرایەتی لەگەڵ دوو هێزی گەورەی ناوچە واتە رووسیە و ئێراندا کە لەگەڵ رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا ناکۆکن زیاتر دەکا.

هەروەها لەدوای رووداوی ١١ی سێپتامبرەوە کە مەسەلەی شەڕ لەدژی تێرۆریزم بوو بە ئەولەوییەتی یەکەمی رۆژئاوا، تورکیە دیسان هەوڵیدا کەڵک لە دەرفەتەکە وەرگرێ و لە بواری ئەمنییەتیشەوە دەورێکی گرنگی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست وەئەستۆگرت بەجۆرێک کە رۆژئاوا دیسانیش گرنگیی تورکیەی وەک ئەندامێکی موسوڵمانی ناتۆ بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بناژۆخوازیی ئیسلامی وەبەرچاو گرتەوە و، ئەمریکا بە ئەسپاردنی فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی ئاشتی لە ئەفغانستان بە تورکیە، هەوڵیدا وێڕای ئەوەی کە هاوپەیمانە موسوڵمانەکەی لە ناتۆدا بخاتە بەرامبەر ئیسلامییە توندڕەوەکان، رێگەش لە دروستبوونی کەشوهەوایەکی دژە ئەمریکایی دیکە لە ناوچەکەدا بگرێ. بەمجۆرە تورکیە هەوڵیداوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان و بە هاوئاراستەیی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا وەک هاوپەیمانێک لە ناوچەی هەستیاری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاست، هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی و دوژمنایەتیی نێوان ئەمریکا و دوو هێزی ناوچە واتە ئێران و رووسیە، قورسایی و پێگەی خۆی لە مامڵەکردن لەگەڵ رۆژئاوادا بەرزکاتەوە و وێڕای وەدەستهێنانی قازانجێکی زۆری ئابووری، خۆی بگەیەنێتەوە ئاستی سەردەمی شەڕی سارد.

ئێستا دوای ئەم ئاوڕدانەوە کورتە لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لە ناوچەی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و تەنانەت رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شرۆڤەکردنی قسەکانی ئۆردوغان لە سەفەرەکەیدا بۆ تاران ئاسانتر دێتە بەرچاو. ئەگەرچی هەروەک گوترا لە ماوەی حەوتووی دوای سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاراندا قسەکانی نابراو لە پشتیوانی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران و سیاسەتەکانی ئەحمەدی‌نژاد نیگەرانییەکی زۆری بە تایبەت بۆ رۆژئاواییەکان دروست کرد و لە راگەیەنە رۆژئاواییەکاندا چەندین وتاری لەسەر بڵاوبۆوە و لە نێوخۆی تورکیەشدا دژبەرانی دەوڵەتی ئۆردوغان ئەو حەرەکەتانەیان بە دووربوونەوە لە رۆژئاوا لەقەڵەم دا و تووڕەیی و نیگەرانیی خۆیان لەو هەڵوێستە دەبڕی، بەڵام راستییەکە شتێکی جیا لەو بۆچوون و لێکدانەوانەیە هەروەک خودی ئۆردوغانیش رۆژی سێشەممە ٣ی نۆامبر لە وڵامی ئەو باس و نیگەرانییانەدا رایگەیاند ئەو قسانە نیشانەی گۆڕانی سیاسەت و رووەوەرگێڕان لە رۆژئاوا نیە، راستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیە لەو سەفەرەشیدا لە بەرەبەری وەرزی

سەرما کە پێویستیی تورکیە بە گازی ئێران زیاتر دەبێ هەوڵیدا لە چوارچێوەی ستراتیژی روون و ئاشکرای خۆیدا دوو ئامانجی سیاسی و ئابووری بپێکێ و وێڕای دابینکردنی گازی پێویستی خۆی و ئیمزاکردنی چەندین رێککەوتننامەی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ تاران، بە پشتیوانی کردنی زارەکی لە سیاسەتەکانی ئەحمەدینژاد و بەرنامەی ناوکیی ئێران پێوەندیی دەوڵەتەکەی لەگەڵ ئەو ولاتە پەرەپێبدا. لە بواری نێوخۆییشەوە ئەم هەڵوێستەی ئۆردوغان دەتوانێ لە رکەبەرایەتیی حیزبی بو هەڵبژادنەکانی داهاتووی تورکیە بە قازانج بێ و لە راکێشانی خەڵکی موسوڵمانی تورکیەدا بەسوود بێ. هەر وەک ئەو حەرەکەتە نمایشییەی لە مێزگردێک لە پەراوێزی کۆبوونەوەی داووس‌دا کە ئۆردوغان بە نیشانەی تووڕەیی لە قسەکانی شیمۆن پرێز سەرۆک کۆماری ئیسراییل میزگردەکەی جێهێشت و لە نێو خەڵکی موسوڵمانی تورکیەدا وەک قارەمانێکی نەتەوەیی پێشوازی لێکرا. دیارە ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە تورکیە خۆشی بە نیازی دەستڕاگەیشتن بە وزەی ناوکی‌یە و ئەو هەڵوێستە دەتوانێ رێگە خۆشکەرێکیش بێ بۆ بەرنامە شیمانەکراوەی تورکیە لە داهاتوودا.

راستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێستای تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا هەر ئەو ستراتیژییە رەچاودەکا کە باسی لێکرا و تا ئێستا بە باشی کەڵکی لە هەموو پارامێترە زەمانی و ناوچەییە سیاسی و ئابوورییەکان وەرگرتوە و لەدەستدانی پێگەی پێشووی ئەو وڵاتەی لە دوای نەمانی شەڕی سارد قەرەبوو کردۆتەوە. تەنیا جیاوازییەک کە دەوڵەتی ئۆردوغان و حیزبی AKP لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێشووی تورکیە هەیەتی ئەوەیە کە ستراتێژیستەکانی ئەم حیزبە پێیان وایە پێوەندیی نێوان تورکیە و ئەمریکا تا ئێستا پێوەندییەکی "ئەرباب و رەعییەتی" بووە و ئەوان دەیانهەوێ بە گەشەی پێوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی موسوڵمان فورسایی و پێگەیەکی زیاتر بۆ تورکیە دەستەبەر بکەن و لەم رێگەیەوە پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا بکەن بە پێوەندیی نێوان دوو هاوکار و هاوپەیمان.
دیارە پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە پێوەندیی ئێران و تورکیە بەهۆی دوژمنایەتیی ئێران و ئەمریکا هەرگیز ناتوانێ لە رادەیەکی دیاریکراو باشتر بێ و سێبەری دوژمنایەتیی ئێران و ئەمریکا لە ماوەی سی ساڵی رابردووی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە دیار بووە.

بەڵام ئەوەی لەم سەفەرەدا جێی لێوردبوونەوەیەکی تایبەتە هەڵوێستی ئێران و راگەیەنەکانی ئێران لە بەرامبەر ئەو سەفەرە و ئاکامەکانی‌دایە. ئەوەی راستی بێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی‌دا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت و دوور لە هەموو یاساو رێسا نێونەتەوەییەکان هیچ دەسکەوتێکی جگە لە دابەزاندنی پلە و پێگەی ئێران و ئێرانییەکان لە دنیادا و تەریک هێشتنەوەی ئەم وڵاتە لە کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتیدا نەبووە. ڕێژیمی تاران لە نێوخۆدا بە سەپاندنی دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندی ژیانی گەلانی ئێرانی تووشی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی کردوە و لە ئاستی دەرەوەشدا بە سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش جگە لە دابەزاندنی پێگەی ئەو وڵاتە هەتا ئاستی پشتیوانێکی چالاکی تیرۆریزمی دەوڵەتی، هەموو سەروەت و سامانەکانی گەلانی ئێرانی بەفیڕۆداوە. ئێران لە هەموو ئەو بوارانەدا کە لە سەرەوە باس کرا و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی گواستنەوە و هەناردەکردنی نەوت و گازدا لەگەڵ تورکیە لە ڕکەبەریدایە و بە هۆی هەڵکەوتی تایبەت و شازی ژێئۆپۆلۆتیکیی ئێران دەیتوانی بە سیاسەتێکی دروست و ئوسوولی زیاترین دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران وەدەست بێنێ و تورکیە لە مەیدان وەدەرنێ بەڵام هەروەک ئاشکرایە بە هۆی نەبوونی سیاسەت و ستراتێژییەکی دروست و لۆژیکی لە ناوچە و جیهاندا جگە لە دوژمنایەتیی جیهانی پێشکەوتوو و تەریک مانەوە و بێبەش بوون لە هەموو ئەو ئیمکانات و دەرفەتانەی لەو ناوچە دەوڵەمەندەی جیهاندا هەیە هیچی پێنەبڕاوە.

لەم سەفەرەشدا هەروەک ئاشکرایە ئەوەی قازانجە سەرەکییەکەی پێبڕاوە هەیئەتی تورکیەیە کە بە کۆمەڵێک گرێبەستی قازانجهێنەر و گرەنتیی دابینکرانی سووتەمەنی بۆ وەرزی سەرمای ئەمساڵ گەڕایەوە وڵاتەکەی و ئەحمەدینژاد و دەوڵەتەکەشی تەنیا بەوە سەرمەست و دڵخۆشن کە پشتیوانیی ئۆردوغان لە بەرنامەی ناوکی و سیاسەتەکانی دەوڵەتەکەیان پێبڕاوە و بە خەیاڵی خۆیان لە ئاکامی سیاسەتە ئوسوولییەکانی ئەوانەوە تورکیە لە ئۆردوگای ڕۆژئاوا دوور کەوتۆتەوە. بەڵام بێ بنەمابوونی ئەم بۆچوونانە هەر زۆر خێرا و لە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانی دوو باڵی نێو دەسەڵاتی تاراندا خۆی دەرخست بەجۆرێک کە باڵی پاوانخوازی ڕێژیم پشتیوانیی ئۆردوغان و گرێبەستە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەم سەفەرەیان وەک دەسکەوتێک بۆ دەوڵەتی ئەحمەدینژاد زەق کردەوە و لە بەرامبەردا ڕۆژنامەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز هەڵوێستێکی جیاوازیان گرت و پێیان وابوو ئەم سەفەرە ئەگەر دەسکەوتێکی ئابووری هەبووبێ ئەوە بۆ تورکیە بووە کە کۆمەڵێک ئیمتیازی باشی لە ئێران وەرگرت و بە دەستی پڕ گەڕایەوە و جێی سەرسوڕمانە کە ئێران ئەو شتە بەم شێوەیە زەق دەکاتەوە. چونکە لە ڕاستیدا نە سەرکەوتنە بۆ ئێران و نە هیچ شانازییەکیشی هەیە.

(لە ژمارە ٥٢٢ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

## گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان و ئاکامەکانی

ڕۆژی سێشەممە ١٩ی خەزەڵوەر مەجلیسی ئێران گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان" دوای مشتومڕێکی زۆر پەسند کرد کە لە بەفرانباری ٨٧ دا بۆ یەکەمجار لە لایەن دەوڵەتی ئەحمەدینژادەوە درایە مەجلیس. بە پێی ئەم گەڵاڵە پەسندکراوە، یارانە یان سوبسیدی دەوڵەت بۆ کڕینی بێنزین، گاز، گازۆئیل و بەرق دەبڕێ و، بەکارهێنەران دەبێ ئەم پێداویستییانە بە نرخی تەواوبوویان لە بازاڕەکانی کەنداوی فارس بکڕن. لە بەرامبەردا دەوڵەت بەڵێنی داوە دوای نەهێشتنی یارانەکان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی گران بوونی ئەم شتانە یارانەکان بە شێوەی نەقدی لە نێو بنەماڵەکاندا دابەش بکا.

گەڵاڵەی لابردنی یارانە یا سوبسیدەکان کە بە گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان ناسراوە و بە ڕواڵەت گەڵاڵەیەکی ئابوورییە و دەوڵەت بە وتەی خۆی بۆ نەهێشتنی کەلێنی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە و دابەشکردنی دادپەروەرانەی یارانەکان لە نێو توێژە نەدارەکانی کۆمەڵگادا پێشکەشی کردوە، کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران زۆر لەوە زیاترە کە کارناسانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد باسی لێدەکەن. لە ڕاستیدا بەڕێوەچوونی ئەم گەڵاڵەیە زۆر ئاکامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتووریی هەیە کە لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران و تەنانەت دەوڵەت بێ کاریگەری نین. هەر بۆیە بە پرۆژەیەکی زۆر هەستیارو مەترسیدار دەزانرێ کە ئاکامی زۆر جیددی و هەستیاری لێدەکەوێتەوە.

لە کاتی پێشکەش کرانی ئەم گەڵاڵەیە بە مەجلیسەوە هەتا پەسندکرانی لە لایەن نوێنەرانی مەجلیسی هەشتەمەوە لە ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەردا زۆر کارناس و پسپۆڕ بە پشتیوانی و لە دژایەتی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیەدا قسەیان کردوە و لایەنە چاک و خراپەکانیان لەسەر ژیانی خەڵک و ئابووری و پیشەسازیی ئێران خستۆتە بەر باس. ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی زانستی و بە پێوەرە ئابووری و کۆمەڵناسانەکان لایەنەکانی ئەم گەڵاڵەیە لێک بدەینەوە باسەکە ئەوەندە درێژ دەبێتەوە کە لەوانەیە لە وتارێکی لەم چەشنەدا نەگونجێ، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی خێرا تیشک بخەینە سەر هێندێک لایەنی گرینگی گەڵاڵەکە و ئامانجی سەرەکی و هۆکاری گوشارەکانی دەوڵەت بۆ پەسندکرانی ئەم گەڵاڵەیە شی بکەینەوە.

مەبەست لە سوبسید یا ئەو شتەی لە ئێران پێی دەڵێن یارانە، جیاوازیی نرخی خستنەڕووی کالا یان خزمەتگوزارییەک لەگەڵ نرخی راستەقینەیەتی کە ئەو جیاوازییە لە لایەن دەوڵەت و بۆ راگرتنی نرخەکان لە ئاستی توانای توێژە کەم داهاتەکان، دابین دەکرێ. بۆ وێنە ئەگەر نرخی کالایەک لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا ١٠٠ دۆلار بێ و دەوڵەت ئەو کالایە لە بازاڕی نێوخۆییدا بە ٤٠ دۆلار بدا بە خەڵک ئەو جیاوازییە واتە ٦٠ دۆلارەکە یارانەیە کە دەوڵەت دابینی دەکا. مەسەلەی بوونی یارانەکان لە ئێران و پێویستیی زیاتر لە ٧٥ لەسەدی خەڵکی ئێران واتە چینی مامناوەندی و خوارتر بە یارانەکان بۆ سیستمی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە کە ڕێژیم بە ئابووریی ئیسلامیی ناودەبا کە لە راستیدا کۆپییەکی سەقەتی ئابووریی ناسەرکەوتووی کۆمۆنیستییە. لە کۆماری ئیسلامیدا ئابووری و پیشەسازیی قورس و بەشی کشتوکاڵ و بانکداری و زۆر بەشی دیکە بووە بە دەوڵەتی و ئەوە بۆتە هۆی بەسترانەوەی هەرچی زیاتری داهاتی بەشێکی بەرچاوی خەڵک بە تایبەت توێژی کەم داهات و هەژار و هەروەها کارمەندانی دەوڵەت بە دەوڵەت و یارمەتییە دەوڵەتییەکان کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆپین و هەروەها یارانەکاندا خۆ دەبینێتەوە. ئێستا کە دوای رووخانی بەرەی کۆمۆنیستی و هەرەسهێنانی ئابووریی کۆمۆنیستی، بەشێکی زۆر لە وڵاتان و تەنانەت وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی پێشوو لە سەرکەوتووتر بوونی ئابووریی بازاڕی ئازاد گەیشتوون و ڕوویان لەو شێوازە کردوە، ڕێژیمی تارانیش هەوڵ دەدا لەو سیستمە ئابوورییە نزیک بێتەوە و ئاستی بازاڕەکانی نێوخۆ بگەیەنێتە ئاستی بازاڕە نێونەتەوەییەکان. ئەم کارەشی بە بەرتەسک کردنەوەی دەسەلات و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و پیشەسازیدا و ئەسپاردنیان بە کەرتی تایبەت و لەم دواییەشدا لابردنی سوبسیدەکان لەسەر سووتەمەنی و برق و کالا ئەساسییەکان و گەیاندنیان بە نرخی راستەقینەیان دەست پێکردوە. ئەم کارە لە چەند ساڵ لەمەوبەر و لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەفسەنجانییەوە دەستی پێکردوە و بەرەبەرە دەوڵەت هەوڵیداوە بوار بۆ گەیشتن بەو قۆناغە بڕەخسێنی. بەڵام ئەم ڕەوتە لە سەردەمی ئەحمەدینژاد و کابینە نیزامی و ناشارەزاکەیدا وەک هەموو پرۆژە غەڵەت و نازانستییەکانی دیکەی ئەم دەوڵەتە کەوتۆتە قۆناغێکی سەیر و نائاساییەوە. گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان نوێنگەی هەرە بەرچاوی ئەم دۆخەیە. چونکە ئەو دەوڵەتانە و بە تایبەت دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە حاڵێکدا هەوڵ دەدەن یارانەکان نەهێڵن و ئاستی ئابووری و نرخەکان بگەیەننە ئاستی جیهانی کە لانیکەمی پێش مەرجی ئەو کارەیان جێبەجێ نەکردوە کە گەیاندنی ئاستی داهاتی سەرانەی خەڵکی ئێران بە ئاستی پێویستە.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە رواڵەت دەیهەوێ ئەم ڕەوتە درێژە بدا کە لە سەرەوە باسی لێکرا و ئەم گەلاڵەیەش لەم پێناوە دایە. بەڵام بە لێوردبوونەوە لە ئابووری و دۆخی ژیان و ئاستی داهاتی زۆربەی خەڵکی ئێران کە

دەسکەوتی سیاسەتە غەڵەتەکانی ڕێژیم و بە تایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاد دایە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم گەلاڵەیە لە چەند لایەنەوە لەنگە. جگە لە چەندین هەڵەی تەکنیکی و وەبەرچاونەگرتنی چارەنووسی هەژاران و کەم داهاتەکان، نیازپاکیی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد و ئامانجەکانی پێداگری لەسەر پەسندکران و بەڕێوەچوونی هەرچی زووتری ئەم گەلاڵەیە دەکەوێتە ژێر پرسیار.

هەر لە سەرەتاوە دەبینین کە ئەم گەلاڵەیە لە باری حوقووقییەوە چەندین کێشەی هەیە و لە ڕاستی‌دا ئەم گەلاڵەیە کە لە لایەن بەناو نوێنەرانی خەڵکی ئێرانەوە پەسندکراوە بە پێی یاسا و ئاییننامەکانی نێوخۆی مەجلیس وەک گەلاڵە کێشەی هەیە. چونکە بە پێی ئاییننامەی نێوخۆیی مەجلیس، گەلاڵە پێناسەیەکی تایبەتی هەیە و ئەم گەلاڵەیەش کە پەسندکراوە چەندین بابەتی زۆر گرنگی وەک بردنە سەری نرخی سووتەمەنی و ئاو و برق و چاکسازیی یاساى ماڵیات و یاسای کار و زۆر شتی دیکە لەخۆ دەگرێ کە بە پێی پێناسەی گەلاڵە هەر کام لەم بابەتانە خۆیان گەلاڵەیەکن و پێویستیان بە باسی کارناسانە و پەسندکرانی جیاواز هەیە. کەچی نوێنەرانی دڵسۆزی خەڵک! لە مەجلیس بە لەژێر پێ نانی ئەو یاسا و ئاییننامانە هەمووی ئەم باسە گرنگانەیان بە دەنگێکی بەڵێ و بۆ ڕازی کردنی ئەحمەدی‌نژاد و دەوڵەتەکەی پەسند کرد کە لە ڕاستی‌دا بایەخ و گرنگیی یاسامان لە ماڵی میللەتەوە بگرە هەتا بەڕێوەبەری و دەزگای دادوەری لە سیستمی ویلایەتی فەقیهی‌دا وەبیر دێنێتەوە .!

ئەگەر واز لە کێشە حوقووقییەکانی ئەم گەلاڵەیە بێنین کە زۆر لەوە زیاترن، دەبینین کە ئاکامە ئابوورییەکانی کە بە ڕواڵەت ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت لەم گەلاڵەیەن، ڕاست پێچەوانەی پێشبینی یان بۆچوونەکانی ڕاوێژکارانی ئەحمەدی نژادن. زۆربەی شارەزایان و ئابووریزانانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە لابردنی لە نەکاوی ئەو ئاستە لە سوبسیدەکان و دانی پووڵی نەقد بە خەڵک یان بە واتایەکی دیکە ڕژاندنی ئەو برە پووڵە لە بازاڕ ئاکامەکەی تەنیا چوونەسەری ڕێژەی ئاوسانی ئابووری و گرانیی لە ڕادەبەدەرە. واتە ڕادەی ئاوسان لە ئاست ئەو برە پووڵەی دەردێ بە خەڵک زۆر زیاترە و لە ڕاستی‌دا ئەو برە پووڵە قەرەبووی چارەکێکی ئەم ئاوسان و گرانییەش ناکاتەوە کە لێی دەکەوێتەوە. لێرەدا روون و ئاشکرایە کە ئەوەی زیاترین زیانی بەردەکەوێ توێژی هەژار و کەم داهاتی ئێرانە و ئاوسان و گرانی بۆ چینی دەوڵەمەند نەک هەر گوشارێک دروست ناکا بەڵکوو لە زۆر رووەوە بە قازانجیشیان تەواو دەبێ و بەجۆرێک داهاتیان دەباتە سەر.

بە بەڕێوەچوونی ئەم گەلاڵەیە و گران کردنی نەوت و گاز و بێنزین و برق هەتا ئاستی نرخەکان لە کەنداوی

فارس واتە نرخی فرۆشی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکان، بە شێوەیەکی ئۆتوماتێک نرخی هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی خەڵک بە رادەیەکی یەکجار زۆر بەرز دەبێتەوە. بە گوێرەی لێکدانەوە و پێش بینییەکانی کارناسان، ئاوسانێکی ئابووریی ٦٠ لەسەدی دروست دەکا کە قورسایی باری گرانییەکەی ئەوەندە زۆرە کە یارمەتیی نەغدی دەوڵەت لە بەرامبەریدا شتێکی زۆر کەم و بێ بایەخە. لە ئاکامی ئەو دۆخەدا هەژاران هەژارتر دەبن و رادەی هەژاری و نەداری لە ئێراندا ئەوەندەی دیکە پەرەدەستێنی و چاولەدەستکردنی خەڵک بەو یارمەتییە کەمەی دەوڵەت تەنیا سواڵکەر پەروەری پەرەپێ دەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەو نەداری و دۆخە نالەبارە دەبێتە هۆی بەرزتر بوونەوەی ئاستی تاوان و جینایەت و دزی لە وڵاتدا و بە کردەوە چینی مامناوەندی لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا نزیک دەکاتەوە و بەرەبەرە ئەو چینە دەتوێنێتەوە. بەجۆرێک کە تەنیا دوو چینی هەژار و دەوڵەمەند بە کەلێنێکی زۆر قووڵ لە نێوانیادا دەمێنێتەوە کە لە راستیدا ئاکامێکی کۆمەڵایەتی کولتووریی زۆر نالەبارە.

دیارە لە ماوەی باس و وتووێژەکان لەسەر گەڵاڵەکە لە مەجلیس دا ئەو نیگەرانییە بۆ راوێژکارانی ئەحمەدینژاد دروست بوو کە لەوانەیە لەم نێوەدا بەشێک لە لایەنگران و پشتیوانانی دەوڵەت لە چینی هەژار بە هۆی گوشاری لە رادەبەدەر پشت لە دەوڵەت بکەن و بکەونە بەرەی دژی دەوڵەت. هەر بۆیە یەکێک لە داواکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ئەوە بوو کە داهاتی لابردنی یارانەکان نەچێتەوە سەر بودجەی ساڵانەی وڵات و بخرێتە سندووقێکی تایبەت و دەسەڵاتی چۆنیەتیی بەکارهێنان و خەرج کردنی ئەم پووڵەش بە دەستی دەوڵەت بێ. بەڵام ئەم داوایە سەرەتا دژایەتی لەگەڵ کرا و بووە هۆی ترس و نیگەرانیی ئەحمەدی نژاد و راوێژکارەکانی. هەر بۆیە رۆژی ١٢ی خەزەڵوەر مەحموود ئەحمەدینژاد بێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو چووە مەجلیس و بە شێوەیەکی تێکەڵ بە سووکایەتی هەڕەشەی وەرگرتنەوەی ئەو گەڵاڵەی کرد کە چەندین مانگ بوو مەجلیس بە تێچوویەکی زۆر و چەندین کۆمیسیۆنی کارناسی کاری لەسەر کردبوو. لە ئاکامدا دوای قووڵتر بوونەوەی رواڵەتیی کێشەکە و هەڕەشەی ئەحمەدینژاد و سازانی پشتی پەردە مەجلیس بە گۆڕینی رواڵەتیی بەندێکی گەڵاڵەکە تەسلیمی ئیرادەی دەوڵەت بوو و بە پێچەوانەی پرەنسیپی جیایی دەسەڵاتەکان ئەو جارەش دەوڵەت و دەسەڵات مەجلیسیان ناچار بە مل راکێشان بۆ خواستەکانیان کرد و دەسەڵاتی خەرج کردنی داهاتی ئەم گەڵاڵەیە کەوتە دەستی دەوڵەت.

لە لایەکی دیکەوە هەروەک گوترا داهاتی ئەم پرۆژەیە واتە گران بوونی سووتەمەنی و برق یا گەڕانەوەی پووڵی یارانەکان کەوتە دەستی دەوڵەت و ئەو داهاتە زورە کە بە ٢٠ هەزار میلیارد تمەن مەزەندە دەکرێ بەر دەوڵەت دەکەوێ و لە ئاکامدا قەبارەی دەوڵەت ئەوەندەی دیکەش گەورەتر دەکاتەوە کە پێچەوانەی ئەسلی ٤٤ ە کە دەڵێ

دەبێ قەبارەی دەوڵەت کەم بکرێتەوە و کەرتی تایبەت پەرەبستێنێ.

دەبینین دەوڵەت لە حاڵێکدا دەیهەوێ بە لابردنی یارانەکان و راستەقینەکردنی نرخەکانی سووتەمەنی و برق ئابووریی ئێران بەرەو ئابووریی بازاڕی ئازاد بەرێ کە هیچ کام لە مەرجەکانی ئابووریی ئازاد لە ئابووریی بەڵا لێدراوی ئێراندا دابین نەکراوە و دەوڵەت خۆی لەو راستییە گێل کردوە کە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری و داهات و پیشەسازی لە دەستی سپای پاسداران و بنیاتەکانی سەر بە خامنەیی و دەسەڵات دەربێنێ و بیدا بە کەرتی تایبەت و دواتر داهاتی هەر تاکێکی ئێرانی بگەیەنێتە ئاستێک کە توانای دابین کردنی نرخی نەوت و گاز و بێنزین و برقی بە نرخی کەنداوی فارس هەبێ ئەوجار یارانەکان لابەرێ و هەنگاوی کۆتایی بەرەو ئابووریی بازاڕی ئازاد هەڵێنێتەوە. ئەگینا هەتا سەروەت و سامانی وڵات و رەگی حەیاتی ئابووریی ئێران لە دەستی سپا و خامنەیی و بنیاتەکانی سەر بەواندا بێ‌و هەتا داهاتی خەڵکی ئێران و کارمەندانی ئێران بە ریاڵی ئێران بێ ناتوانن بە دۆلاری ئامریکایی پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە سەرەڕای هەمووی ئەم هۆشدار و هاوارانەی ئابووریزانان و پسپۆران و دڵسۆزانی وڵات لە نێوخۆ و دەرەوە، تۆ بڵێی تیمی ئابووریی ئەحمەدی نژاد و راوێژکارە سپاییەکانی ئەوەندە نەزان و بێ ئاگا بن کە نەزانن ئاکامەکانی ئەم گەلاڵەیە بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت بۆ دەوڵەتیش چەندە مەترسیدار و هەستیارە؟!

بە لێکدانەوەی هەموو ئەو شتانەی باسیان لێکرا و زۆر راستیی دیکە لەم پێوەندییەدا وڵامی ئەم پرسیارە کە لە راستیدا مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارەیە روون دەبێتەوە.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەحمەدی‌نژاد و راوێژکارەکانی هەمووی ئەو رەخنە و پێشنیار و هاوارانەیان بیستوە و باش دەزانن ئەو هاوارانە بۆ چین و ئاکامی کارەکەی خۆیان چییە. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەو شتەی ئەوان بە بەرژەوەندیی دەزانن و کاری بۆ دەکەن ئەو شتە نیە کە کارناسان و دڵسۆزانی خەڵکی ئێران بە بەرژەوەندیی دەزانن، بە واتایەکی‌تر ئەو بەرژەوەندییەی ئەوان بیری لێدەکەنەوە ئەو بەرژەوەندییە نیە کە دڵسۆزان بۆ گەلانی ئێرانیان دەوێ. ئەحمەدی‌نژاد و کابینەکەی لە بەڕێوەبردنی ئەم گەلاڵەیە چەند ئامانجی سیاسی و ئەمنییەتییان هەیە کە ئاکامەکەی تەنیا مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکەیانە.

دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە ئاکامی دزی و گەندەڵی و سیاسەتە ئابوورییە غەڵەتەکانیدا تووشی کەسری بودجە و قەیرانێکی کەم وێنە بۆتەوە کە بەڕێوەچوونی ئەم گەلاڵەیە و داهاتە ۲۰ میلیاردییەکەی دەتوانێ بەشێک لەو کەسری بودجەیەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد و لە ڕاستیدا سپای پاسداران بە بەڕێوەبردنی ئەو گەلاڵەیە و ئاکامە رووخێنەرە ئابوورییەکانی هەموو رکەبەرەکانی خۆی لە مەیدان وەدەر دەنێ و بە پاوانکردنی هەموو سەرچاوەکانی داهات و ئابووری بڕست لە هەموو دژبەران و رکەبەرانی دەبڕێ. ئەوەی لە هەمووی ئەوانە بۆ دەوڵەتی ئەحمەدینژاد گرنگترە ئەوەیە کە لە ئاکامی ئەو گەلاڵەیەدا چینی مامناوەندی کە بە هۆی سەربەخۆ بوونی لە دەوڵەت و یارمەتییەکانی هەمیشە بەهێزترین پتانسییل بووە لە گۆڕینی دەسەلاتەکاندا، ئەوەندە لاواز دەبێ کە ئیتر نەتوانێ ببێتە کۆسپی سەر رێی زێدەخوازی و پاوانکارییەکانی دیکتاتۆریی نیزامی ئیسلامی. دەوڵەت دەیهەوێ بە بە دەستەوە گرتنی تەواوی دەسەلاتی داهاتی یارانەکان و دان یان نەدانی بە هەر کەسێک کە خۆی پێیخۆش بوو، خەڵکی ئێران کە هەمیشە خۆبژێوی و دەست ڕەنگینییەکەی یەکێک لە شانازییەکانی لە نێو وڵاتانی ناوچە بووە بکاتە مووچەخۆر و چاو لە دەستی خۆی و لە ڕاستیدا سیستمێکی وەک حیزبی بەعسی سەدامی گۆڕبەگۆڕ دروست بکا کە هەر کەس سەر بە حیزبەکەی بوو بێ کار و ماندووبوون مووچەی بداتێ و ئەوەی سەر بە حیزبەکەی نەبوو لە برسانی بکوژێ، بێ ئەوەی بیریان لە چارەنووسی سەدام و سەدامەکان کردبێتەوە کە داخوا چەندیان توانی لە سایەی ئەم سیستم و سیاسەتەدا بحەسێنەوە و درێژە بە دەسەلاتەکەیان بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۵ی نۆڤەمبەری ۲۰۰۹

## دیپلۆماسیی ئەحمەدی نژاد و ئاکامی سەفەر بۆ ئافریقا و ئامریکای لاتین

ڕۆژی یەکشەممە ۱ی سەرماوەز، مەحموود ئەحمەدی نژاد سەفەرێکی پێنج ڕۆژەی بۆ دوو وڵاتی ئافریقایی و سێ وڵاتی ئامریکای لاتین دەست پێکرد. لەم سەفەرەدا هەیئەتێکی ۳۰۰ کەسی کە نزیک بە نیوەیان لە بازرگانان و نیوەشیان لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی حکوومەتی پیک هاتبوون، بەشدار بوون. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و

ڕاگەیەنەکانی سەر بە ڕێژیم مەبەست لەم سەفەرەیان پەرەپێدانی پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتانە ڕاگەیاند. ئەم سەفەرە لە حاڵێک دا کرا کە ڕێژیمی تاران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە کەوتۆتە ژێر گوشاری نێونەتەوەیی و مەیدان و مەجالی مانۆر بۆ دیپلۆماسیی ئێران لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ئەنجومەنی ئاسایش و وتووێژەکان لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ لە هەمیشە بەرتەسکتر بۆتەوە.مەحموودی ئەحمەدی نژاد هەر لە سەرەتای بوونی بە سەرۆک کۆمار لە ساڵی ١٣٨٤دا شێوازێکی پۆپۆلیستیی گرتە بەر و بە ئاشکرا دژایەتی و ناتەبا بوونی خۆی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو و وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیشان دا و بە کردەوە هەوڵی نزیک بوونەوە لە ڕێبەرانی چەپگەرا و دژە ئامریکایی لە هەر شوێنێکی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ئەمریکای لاتین دا.

ئەحمەدی نژاد سەفەرەکەی لە دوو وڵاتی ئافریقا واتە سێنێگال و گامبیاوە دەست پێکرد و لەو وڵاتانە چەند ڕێککەوتننامەی ئیمزاکرد و دواتر لە درێژەی سەفەرەکەی‌دا سەردانی سێ وڵاتی وێنێزۆئێلا، بولیوی و برێزیلی لە ئامریکای لاتین کرد. ناوبراو بەر لە وەڕێکەوتن بۆ سەفەرەکەی لە فرۆکەخانە بۆ ڕاگەیەنەکان گوتی ئەم وڵاتانەی سەردانیان دەکا لە ناوچەی خۆیان دەورێکی گرنگ و دیاریکەریان هەیە و هەروەها گوتی وڵاتانێکی وەک ئێران، برێزیل، وێنێزۆئێلا، بولیوی، گامبیا و سێنێگال دەتوانن نەزمێکی نوێی سیاسی لە جیهاندا پێک بێنن. ئەحمەدی نژاد هەروەها گوتی ئەم سەفەرە لە باری نێونەتەوەییەوە بۆ ئێران زۆر گرنگە و دنیا لە حاڵی گۆڕان دایە و ئەو نیزامەی ٦٠ ساڵە بەسەر دنیادا زاڵە گەیشتۆتە کۆتاییەکانی و خەریکە دەگۆڕێ.

بیستنی ئەمجۆرە قسە و بۆچوونانە لە ئەحمەدی نژاد ئەگەرچی شتێکی تازە نیە، بەڵام دەتوانێ بەجۆرێک نیشاندەری هۆکار و مەبەستەکانی ئەم سەفەرەی ئەحمەدی نژاد بێ. هەروەک لە سەرەتادا باس کرا ئەحمەدی نژاد هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک سەرۆک کۆمار ڕوانگە و بیرو بۆچوون و تەنانەت سیاسەتەکانی لە باری نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە ئاشکرا کرد و دواکەوتوو بوون و ناپەسند بوونی ئەم سیاسەت و بۆچوونانە و نەگونجانیان لەگەڵ نەزمی نێونەتەوەیی و بەها ئوسوولی و ئینسانییەکان بەرهەمێکی جگە لە تەریک مانەوە و بەرەو پاش گەڕانەوەی زیاتر بۆ وڵاتی ئێران و لە ئاکامی ئەویشدا ڕۆژڕەشی و نەهامەتیی زیاتر بۆ گەلانی ئێرانی بەدواوە نەبووە.

ئەحمەدی نژاد لە حاڵێکدا ئەم زنجیرە سەفەرانە بۆ ئەم چەشنە وڵاتانە دەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و

دەوڵـەتی کودیتـا لـە هـەموو کاتێـک ریسواتر بـوون و ئـاستی مەشرووعییەتیان لـە نێوخـۆ ئەوەنـدە دابـەزیوە کـە تەنانەت بەشێک لە وەفادارانی رێژیم کە ۳۰ ساڵ بۆ پاراستنی دەستیان لە جینایەتیش نەگێڕاوەتەوە، ئێستا پێی رازی نین و لێی دوور کەوتوونەوە. هەروەها لە ئاستی نێونەتـەوەییشدا بـە هـۆی ملکـەچ نـەبوون بـۆ رێسـا و یاسـا نێودەوڵەتییەکان و یارمەتیدان بە تیرۆر و تیرۆریستان و لە هەمووان زیاتر پەرەوەندەی ئەتۆمی، تووشی قـەیران و گوشار بۆتەوە و لـە هـەموو کـات زیـاتر تـەریک کەوتۆتـەوە. لـەم هەلومەرجەدا ئەحمـەدی نـژاد و بەڕێوەبـەرانی رێژیمی ئیسلامیی تـاران هەوڵ دەدەن بە پەرەپێدانی پێوەندییـەکانیان لەگـەڵ ئـەم وڵاتانـە کـە خـاوەن حکوومـەتی چەپگەران و لە پێوەندی لەگەڵ ئامریکادا سیاسەتێکی هاوشێوەی ئێرانیان هەیە، بەجۆرێک بەرەیەک لە بەرامبـەر هاوپەیمانیی جیهانی لـەدژی سـەرەڕۆییەکانی خۆیـان پێـک بێـنن و بـەمجۆرە بەشـێک لـە گوشـارەکان کـەم بکەنـەوە. بەڵام ئەم وڵاتانەی لەم سەفەرەدا ئەحمەدی نژاد سەردانی کردن جگە لە برێزیل، ئەوانی‌تر نە لە باری سیاسـی و نـە لـە بـاری ئابوورییـەوە قورسـاییەکی ئـەو تۆیـان نیـە کـە وەک هاوپـەیمانێک لـە هاوکێشـە نێونەتەوەییەکانـدا حیسابیان بۆ بکرێ و دڵیان پێ خۆش بکرێ. لەم نێوەدا تـەنیا برێزیلە کە وەک وڵاتێکی پیشەسازیی لە حـاڵی گەشەدایە و لە هەڵوێستی بەرامبـەر ئامریکـا هـاوبیری ئێرانـە و بـە ئاشکرا پشتیوانی لـە بەرنامە ئەتۆمییەکـەی ئێران دەکا. ئەمـەش بـۆ ئێـران زۆر جێـی هیوایـە و سـەرمایەگوزارییەکی زۆری لەسـەر کـردوە و بڕێکـی بـەرچاو لـەو سەروەت و سامانەی دەبوایە بۆ چارەسەریی گیرو گرفتەکانی خەڵکی ئێـران و لـە وڵاتـی خۆیـان بـەکاربهێنرێن لـەم وڵاتەدا سەرمایەگوزاریی کردوە. دروستکردنی کارخانە و چەند هەزار خانوو و زۆر شتی دیکە لەم چوارچێوەیەدا خۆ دەبینێتەوە.

دیارە هەمووی ئەوانە و ترس لەوەی نەکا ئێران بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە بولیـوی و ڤێنێـزۆئێلا ئۆرانیـۆم دابـین بکا بوونەتە جێی نیگەرانیی ئامریکـا و ئیسـرائیل و هـەر بۆیـەش چەنـد رۆژ بـەر لـە سـەفەرەکەی ئەحمـەدی نـژاد، شیمۆن پرێز سەرۆک کۆماری ئیسرائیل سەردانی برێزیلی کرد.بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لـەم گەمەیەشدا شتێکی ئەوتۆ نیە کە نە بۆ ئێران زۆر ببێتە جێی دڵخۆشی و نە بۆ ئامریکا جێی نیگـەرانیی جیـددی بـێ. بـە تایبـەت کـە خۆ پێشاندانەکان لە دژی ئەحمەدی نژاد لە ریـۆدۆژانیرۆ نیشـاندەری ئـەوە بـوو کـە کەسـایەتییەکی وەک ئەحمـەدی نژاد کە لە رشتنی خوێنی هاووڵاتیانی خۆی دەست ناپارێزێ، بۆ خەڵکی ئەو وڵاتـانە زۆر دڵخـواز نیە. لـە لایـەکی دیکەوە برێزیل کاندیدای بوون بـە ئەنـدامی هەمیشـەیی ئەنجومـەنی ئاسایشـە و سـەرەڕای رواڵـەتی پێوەندییـەکانی لەگەڵ ئێران و ئەو خاڵە هاوبەشانەی هەیانە، بە پێچەوانەی بەرپرسانی ئێران چـاکتر لـە نیزامی نێونەتـەوەیی دەگا و خۆی لەگەڵ رێک دەخـا و بەرژەوەندییە راستەقینەکانی باشتر دەناسێ. هـەر بۆیـە سـەرەڕای هـەموو ئـەم

دروشم و هات و هاوارانەی ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی لە کاتی سەفەرەکەیدا بۆ ئەم وڵاتانە وەرپێیانخستبوو، دیتمان هەروەک هەمیشە هیچکام لەم بەناو دیپلۆماسی و سەرمایەگوزاری و هاوپەیمانییانە بۆ ئێران خێریان نەدایەوە و ڕۆژی هەینی ٦ی سەرماوەز کاتێک شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بڕیارنامەیەکی دیکەی دژی ئێران دەرکرد و سەرپێچییەکانی ئێرانی مەحکووم کرد، برێزیلی هاوپەیمانی ئێران تەنانەت ئامادە نەبوو دەنگی نا بدا بە بڕیارنامەکە.!

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە سەرەڕای دیتنی ئەم ڕاستییە تاڵانە بۆ بەرپرسانی ڕێژیمی تاران، چۆنە وەخۆ نایەنەوە و لە بری دژایەتی لەگەڵ گەلانی وڵاتەکەیان و دنیا و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران، واز لەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە ناهێنن و ناگەڕێنەوە لای خەڵکی ئێران و مل بۆ داوا ڕەواکانیان ڕاناکێشن؟

داخوا بەرپرسانی دژی گەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیانوایە بە دزینی سەرمایەکانی خەڵکی ئێران و بردنیان بۆ وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئافریقا و دروست کردنی بەرە لەگەڵ ئەم چەشنە دەوڵەتانە دەتوانن بەرەی جیهانی پێشکەوتوو ببەزێنن و هەروا درێژە بە سەرکوتی خەڵکی ئێران و دزینی سەرمایەکانیان بدەن؟ یا ئەوەکە لە بارو دۆخی خۆیان گەیشتوون و بە دزین و بردنی سەروەت و سامانی وڵات بۆ ئەم شوێنانە دەیانهەوێ جێگە و پێگەیەکی دوور لە دەستی جیهانی دیموکرات و پێشکەوتوو و گەلانی ئێران بۆ کاتی ڕووخانی کۆشکی دەسەڵاتەکەیان و هەڵاتنیان لە ئێران مسۆگەر بکەن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---

## ستراتێژیی نوێی ئامریکا لە ئەفغانستان و چەند قسەیەک

دوای ماوەیەکی زۆر لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتی ئۆباما و چاوەڕوانیی وڵاتانی جیهان، ڕۆژی سێ شەممە یەکی دێسامبر، باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئامریکا لە ئاکادێمیی نیزامیی وێست پۆینت ستراتێژیی نوێی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە ئەفغانستان خستەڕوو و شیی کردەوە. ئەم ستراتێژییەو

ئاکامەکانی بۆ دەوڵەتی ئۆباما گرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە و بە جۆرێک چارەنووس و داهاتووی سیاسیی ئۆباما بەم ستراتیژی و ئاکامانەیەوە گرێ دراوە.

گرینگی و هەستیاریی ئەم ستراتیژییە و سیاسەتی دەوڵەتی نوێی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستاندا لەوەدایە کە دوای ٨ ساڵ لە داگیرکردنی ئەفغانستان، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی تا ئێستا نەیانتوانیوە مەبەستەکانی خۆیان لە دەست پێکردنی شەڕ کە هەمان لەنێو بردنی تیرۆریزمی تالیبان و هێزەکانی ئەلقاعیدە و لە سەرووی هەمووانەوە بێن لادەن بێ، بپێکن و لە ئەفغانستاندا حکوومەتێکی سەقامگیر و ڕێک و پێک دابمەزرێنن کە چەتری دەسەڵاتی بە سەر هەموو بەشەکانی ئەفغانستاندا بڵاو بکاتەوە. ئێستا دوای ٨ ساڵ دەبینین کە میلیشیاکانی ئەلقاعیدە و تالیبان لە گۆشەو کەناری ئەفغانستان و بە تایبەت پارێزگای هێلمەند کە بۆتە ناوەندی سەرەکیی چەکدارانی تالیبان، لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا رادەوەستنەوە و دەبنە کۆسپی سەر ڕێی سەقامگیریی وڵات و نێوە نێوە لە هێندێک بەشی ئەفغانستان دەسەڵاتی ئیسلامیی خۆیان دادەمەزرێنن. دوای هەشت ساڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جگە لە ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار و تێچوویەکی زۆری ماڵی و دەوڵەتێکی گەندەڵ و لاواز لە ئەفغانستان دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە نالەبارە بۆ هاوپەیمانان و بە تایبەت ئامریکا هەستیاریی ئەم ستراتیژییە نوێیەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە.

زیاترکردنی هێزەکان، خێرایی لە گواستنەوەی بەرپرسایەتی‌یە ئەمنییەتییەکان بۆ هێزە خۆجێییەکان، دیاریکردنی کاتی وەدەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان و یارمەتیدان بە بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابووری و مەدەنییەکانی ئەفغانستان خاڵە بەرچاوەکانی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا پێک دێنن.

بە پێی ئەم ستراتیژییە نوێیە ئامریکا ٣٠ هەزار هێزی تازە نەفەس دەنێرێتە ئەفغانستان و بەمجۆرە ژمارەی هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان دەگاتە ١٠٠ هەزار کەس کە بە پێی لێکدانەوەی کارناسانی نیزامیی ئەمریکا ئەم ژمارە هێزە بۆ بەرەنگار بوونەوە و شکستی هێزەکانی تالیبان کاریگەر دەبن.

سەبارەت بە ڕێکەوتی چوونەدەری هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان، ئۆباما وێڕای بەستنەوەی ئەم مەسەلەیە بە مەرجی سەقامگیری و بوونی ئەمنییەت لەو وڵاتەدا، هاوینی ساڵی ٢٠١١ی وەک سەرەتای دەست پێکردنی ئەم پرۆسەیە دەستنیشان کرد و رایگەیاند کە بە پێی هەلومەرج ٤ تا ٥ ساڵ دەخایێنێ.

ئۆباما لە وتەکانیدا پێی لەسەر پێویستیی هەرچی زیاتری کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی شەڕی ئەفغانستان داگرتەوە و گوتی ئەم هەلومەرجەی ئێستای ئەفغانستان نابێ بەردەوام بێ. ناوبراو بە ئاماژە بە لایەنە ناوچەیی و جیهانییەکانی بارودۆخی ئەفغانستان رایگەیاند کە ئەمنیەتی ئامریکا و خەڵکی ئامریکا لە بەردەم مەترسی دایە و گوتی "ئەگەر من ئەمنییەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خەڵکەکەیم لە مەترسیدا نەدیبا زۆرم پێ خۆش بوو هەر سبەینێ فەرمانی گەڕانەوەی هەموو سەربازەکانی ئامریکا دەربکەم"!. ئۆباما هەروەها پێی لەسەر پێویستیی هاوکاریی نزیکی پاکستان داگرت و رایگەیاند کە ئیمکاناتی پێویست بۆ شەڕ لەگەڵ تالیبان بۆ پاکستان دابین دەکەین.

ئۆباما هەروەها رایگەیاند کە ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی هێزەکانی ئامریکا فێرکردن و راهێنانی سپای میلیی ئەفغانستانە بۆ ئەوەی خودی ئەفغانییەکان بتوانن ئەمنییەتی خۆیان دابین بکەن. ناوبراو لە وتەکانیدا داوای لە حامید کەرزای کرد کە لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی هەوڵی زیاتر بدا و گوتی ئیتر سەردەمی دانی چەکی سپی لە لایەن ئامریکاوە بە بەرپرسانی ئەفغانستان و پشتیوانیی بێ قەید و مەرج کۆتایی پێهاتوە.

ئۆباما هەروەها داوای لە هاوپەیمانەکان و بە تایبەت ناتۆ کرد کە لە بەڕێوەبردنی ئەم ستراتیژییەدا هاوکاریی ئامریکا بکەن و دەوری پێویست بگێڕن و بە روونی داوای کرد ئالمان ٢٠٠٠ و فەرانسە ١٥٠٠ سەربازی دیکە بۆ ئەفغانستان بنێرن.

دیارە ستراتیژیی نوێی ئامریکا لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە پێشوازیی لێکراوە و چەندین وڵات ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی سەرباز بۆ ئەفغانستان لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییە نوێیەدا راگەیاندوە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژیی نوێی دەوڵەتی ئۆباما سەبارەت بە ئەفغانستان ٢ خاڵی گرنگ بەرچاو دەکەون کە جێی لێوردبوونەوە و بیرکردنەوەی زیاترن.

یەکیان ئەوەکە داخوا ئەم ستراتیژییە نوێیەی ئۆباما چەندە لەگەڵ دروشم و ژێستەکانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان و هەروەها دیاریکرانی وەک براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەگونجێ و، ئەوەی دیکەش ئەوەکە ئەگەر و مەرجەکانی شکست یان سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە نوێیە چین؟

لە پێوەندی لەگەڵ یەکەمیاندا روون و ئاشکرایە کە ناردنی سی هەزار سەربازی نوێ بۆ ئەفغانستان و بەرەکانی شەڕ، لەگەڵ دروشمی گەڕاندنەوەی سەربازە ئامریکاییەکان بۆ ماڵەکانیان بە تەواوی لە دژایەتی دایە و راستی و دروستیی دروشمەکانی ئۆباما و رەخنەکانی لە جۆرج بووش و سیاسەتەکانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەباتە ژێر پرسیار. لەوەش گرنگتر دیاریکرانی ئۆباما وەک براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل چاوەڕوانییەکان لە ناوبراو بۆ هەنگاونان بەرەو ئاشتی و کەم کردنەوەی شەڕ لە جیهان زیاتر دەکا و هەزینەی ئەم ستراتیژییە نوێیە بۆ داهاتووی سیاسیی ئۆباما دەباتە سەر.

بەڵام سەربارەت بە پرسیاری دووەم و ئەگەر و مەرجەکانی شکست یان سەرکەوتنی ئەم ستراتیژییە، هەر ئەوجۆرەی کارناسێکی سیاسیی کاروباری ئەفغانستان دەڵێ، سپای یەکیەتیی سۆڤییەت لە ئەفغانستاندا دوو هەڵەی کرد، یەکەمیان هاتنی بۆ نێو ئەفغانستان و دووەمیان ناردنی هێزی کەم بۆ ئەفغانستان بوو و هەر ئەم دوو هەڵەیەش بوونە هۆی شکستی یەکیەتیی شۆڤییەت لە ئەفغانستاندا. وادیارە کارناسانی ئەمریکاییش پێیان وایە ئەم دۆخە لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ئامریکا و ناتۆشدا راستە. بەڵام ئەوەی راستی بێ ناردنی هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان کاتێک دەتوانێ وڵامدەر بێ و سەرکەوتنی لێ بکەوێتەوە کە لە لایەک ئامریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی گوشار بخەنە سەر پاکستان بۆ ئەوەی هاوکاریی راستەقینەی کۆمەڵگای جیهانی بدا لە شەر دژی تیرۆریزم و، لە لایەکی دیکەوە ئامریکا بتوانێ بەڵێنەکانی لە بردنەسەری ئاستی توانای نیزامیی ئەفغانستان و راهێنانی سپای ئەو وڵاتە و بنیاتنانەوەی ژێرخانە ئابووری و مەدەنییەکانی ئەم وڵاتەدا بەجێبگەیەنێ.

هەر لەو پێوەندییەدا هاوکاریی دراوسێیەکانی دیکەی ئەفغانستانیش کاریگەر و پێویستە. دیارە ئێران وەک دراوسێیەکی گەورەی ئەفغانستان وەک هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان لەوێش دەوری نەرێنی و خراپی هەبووە ئەوەکە ئۆباماش لە قسەکانیدا لە وێست پۆینت هیچ ئاماژەیەکی بە ئێران نەکرد هەر لەم سۆنگەیەوە بوو و هۆشدارییەکانی وەزیری بەرگریی ئامریکا بە ئێران و ئاماژە بەوەکە ئێران پشتیوانی لە میلیشیا و چەکدارەکانی دژبەری دەوڵەتی ئەفغانستان دەکا نیشانەیتری ئەم راستییەیە. وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاستیش کە ئەگەرچی لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا خۆیان لە کێشەکانی ئەفغانستان بەدوور گرتوە بەڵام پشتیوانیان لەم ستراتیژییە نوێیە کردوە کە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی یارمەتیدەرە.

بەمجۆرە دەبینین کە ئەگەر هەمووی ئەم ئەگەرانە بێنەدی لەوانەیە ئەم ستراتیژییە بۆ ئامریکا و بە تایبەت بۆ

ئۆباما سەرکەوتن بە دیاری بێنێ ئەگینا بە وەربەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا شکستی ئەم ستراتیژییە داهاتووی سیاسیی ئۆباما لەگەڵ مەترسیی جیددی بەرەڕوو دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جانیۆیری ٢٠١٠

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

## پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران دوای کۆبوونەوەی بەغدا

دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و کێشەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ رۆژئاوا لەم پێوەندییەدا تووشی جۆرێک بۆنبەستی سیاسی هاتبوو و بارودۆخەکە لە رووبەڕوو بوونەوەیەکی جیددی لە نێوان ئێران و رۆژئاوا نزیک دەبۆوە، کۆبوونەوەی ئیستانبول و مانۆڕە میدیاییەکانی دوو لایەنی کێشەکە و نیشاندانی گەشبینی و خۆشبینی بە ئاکامی دانیشتنەکە و بە ئەرێنی و «سازندە« وەسف کردنی کۆبوونەوکە، کەشوهەوایەکی نوێی هێنایە ئاراوە. ئەمە بووە هۆی کەم کردنەوەیەکی کاتیی گوشارە سیاسی و رەوانییەکان لەسەر دوو لایەن، بە جۆرێک کە لە لایەک ئێران کە پشتی ئابوورییەکەی لەژێر قورسایی گەمارۆکان چەماوەتەوە هەوڵیدا لانیکەم باری رەوانی و تا رادەیەک ئابووریی گەمارۆکانی رۆژئاوا کەم بکاتەوە. دیتمان دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی رەزامەندیی هەردوو لایەنی کۆبوونەوەکە، نرخی زێڕ و دراوە بیانییەکان کە لە چەند مانگی رابردوودا لە بازاڕەکانی ئێران بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو، بۆ ماوەیەک هاتەخوار. لە لایەکی دیکەوە رۆژئاوا کە لەسەردەمی قەیرانی ئابووریی جیهانی و لە ساڵی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا و چەند وڵاتی ئورووپاییدا نیشانەکانی بەرەوڕووبوونەوەیەکی جیددیی لەگەڵ ئێرانی لەسەر پەروەندە ئەتۆمییەکەی تۆختر لە جاران دەبینی، زیاتر لە پێشوو پێویستیی بە هێورکردنەوەیەکی کەشوهەواکە هەبوو.

هەر بۆیە هەردوولا هەوڵیان دا لە قازانجی خۆیان ئاکامی دانیشتنەکە بە ئەرێنی وەسف بکەن و وا نیشان بدەن کە بە مەبەستە دیارکراوەکانیان گەیشتوون. لەم کەشوهەوایەدا و لەژێر سێبەری ئەم دۆخەدا هەردوولا بە گەشبینییەوە سەرنجی بیروڕای جیهانییان بۆ لای کۆبوونەوەی بەغدا راکێشا و ئەو چاوەڕوانییەیان دروست کرد کە کۆبوونەوەکانی بەغدا هەنگاوێکی جیددی و گەورەتری بۆ چارەسەریی کێشە ئەتۆمییەکەی ئێران لێبکەوێتەوە. هەر بۆیە زۆر کەس بە چاوی کۆبوونەوەیەکی چارەنووسساز و یەکلایی کەرەوە چاویان لە کۆبوونەوەکانی بەغدا دەکرد

و پێیانوابوو دوای ئەم دانیشتنانە لەوانەیە ئاراستەی زۆربەی رووداو و پێشهاتەکانی ناوچە گۆڕانی بەسەردابێ.
لە کۆبوونەوەی ئیستانبوڵیشدا قورسایی گەمارۆکان بەرپرسانی رژێمی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ هێندێک ئیمتیاز بدەن بۆ ئەوەی بەشێک لە گەمارۆکانیان لەسەر لابچێ سەرەنجام رۆژی ٢٣ی مانگی مای کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئێران و گرووپی ١+٥ لە بەغدا دەستی بەکارەکانی کرد و دوای دوو رۆژ باس و وتوویژ لە پشت دەرگا داخراوەکان بێ گەیشتن بە هیچ ئاکامێکی روون و بەکردەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. سەرەڕای ئەو چاوەڕوانی‌یانەی دوای کۆبوونەوەی ئیستابنول لە رای گشتی‌دا پێک هاتبوو، ئەمجارەش رۆژئاواییەکان وێڕای دووبارە کردنەوەی هەڕەشەکانیان بە زیاترکردنی گەمارۆکان، داوایان لە ئێران کرد هەنگاوی بەکردەوە بۆ چارەسەریی کێشەکە و «ئیعتمادسازی» هەڵبێننەوە و بەرپرسانی ئێرانیش رایانگەیاند کە بەرهەمی ئەم کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە توانیویانە زیاتر لە مەبەست و روانگەکانی یەکتر تێبگەن!! وەک ئەوەی لەم دە ساڵەی رابردوودا هیچیان بۆیان دەرنەکەوتبێ کە بۆچی و لەسەرچی ئەو کۆبوونەوانە پێک دێنن!.

لە هەرحاڵدا دوو لایەنی ئێرانی و رۆژئاوایی دوای پێشکەش کردنی بەستەی پێشنیاری و داوا و چاوەڕوانییەکانیان نەیانتوانی بە رێککەوتنێک بگەن و تەنیا لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە کۆبوونەوەکانیان لە رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی جۆزەردان لە مۆسکۆ درێژە پێ بدەن.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ جارێکی دیکە دەریخست کە کێشەکانی نێوان ئێران و رۆژئاوا زۆر لەوە قووڵترە کە بە یەک یان دوو کۆبوونەوە چارەسەر بن و ئێران نیشانی داوە کە بە نیاز نیە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی پاشگەز بێتەوە و لە هەموو کۆبوونەوەکاندا هەوڵی ئەوە بووە کاتی زیاتر بکرێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژە ئەتۆمییەکەی.

لە کۆبوونەوەی ئیستانبوڵیشدا قورسایی گەمارۆکان بەرپرسانی رژێمی هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ کەم کردنەوەی گوشارەکان بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ هێندێک ئیمتیاز بدەن بۆ ئەوەی بەشێک لە گەمارۆکانیان لەسەر لابچێ. هەر بۆیەش وێڕای پروپاگەندەی میدیایی لەسەر بەناو «سازندە» بوونی کۆبوونەوەکان هەوڵیاندا کەشوهەواکە هێور بکەنەوە و ئاکامەکەشی هەروەک گوترا بووە هۆی دابەزینی نرخی زێڕ و ئەرز لە بازاڕەکانی ئێراندا. بەڵام زۆری نەخایاند دوای کۆبوونەوەکەی بەغدا ئەم رەوتە دیسان پێچەوانە بۆوە و درێژەی هەوڵەکان

بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە بۆ کۆبوونەوەی مۆسکۆ دواخرا.

ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەکانی بەغدا ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕایگەیاند کە ئاسەوارەکانی ئۆرانیۆم بە خەستیی ٢٧%یان لە ناوەندی ئەتۆمیی فۆردو دۆزیوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە گوترا ئەوە کێشەیەکی تەکنیکییە بەڵام بە وتەی ڕاگەیەنەکان هەروا لە ژێر لێکۆڵینەوەی وردتر دایە. هەر بە دوای ئەم مەسەلەیەدا ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕایگەیاند کە وێنە ماهوارەییەکان دەریانخستوە کە ئێران هێندێک شوێن و ساختمانی لە ناوەندی نیزامیی پارچین ڕووخاندوە و هەوڵی تێکدان و نەهێشتنی ئاسەواری تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی داوە. ئەم ئیدیعایە وەک هەموو نموونەکانی پێشوو لە لایەن نوێنەرانی ڕێژیمەوە ڕەت کرایەوە. بەڵام ئەم ڕەتکردنەوەیە گومان و نیگەرانییەکانی سەبارەت بە نییەت و ئامانجی بەرپرسانی ڕێژیم و بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی کەم ناکاتەوە.

پرسیارێک کە لێرەدا دێتەگۆڕێ ئەوەیە کە پێشبینییەکان بۆ کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ چیە و داخوا کۆبوونەوەکان بە چ ئاقارێکدا دەچن و پێگە و بارودۆخی ئێران لەم کۆبوونەوانەدا چۆن دەبێ؟

ئەوەی ڕاستی بێ ئاکامی کۆبوونەوەکەی بەغدا سەرەڕای ئەوەی ئێران پێی خۆشبوو بۆ کەم کردنەوەی گوشارەکان بە جۆرێک سازش بگا، بەڵام بۆ هیچکام لە لایەنەکان و بە تایبەت ڕۆژئاوا هیچ شتێکی بەرچاوی تێدا نەبوو. بە تایبەت ئەم ڕاپۆرتانەی دوایی پشکنەرانی ئاژانس کە لەسەرەوە باسکران ئێرانی خستۆتە هەلومەرجێکی نالەبارترەوە و ئەگەری زیاتر بوونی گوشارەکان بۆ سەر ئێران بە مەبەستی دانی ئیمتیازی زیاتر دەباتە سەرتر.

لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجی دەوڵەتی ئامریکا و باراک ئۆباما ئەگەرچی لە لایەک بەهۆی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خوازیاری هێوربوونەوەی بارودۆخەکە وخۆپاراستن لە بەرەوڕووبوونەوەی توند و هێرشی نیزامییە بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ڕکەبەرە کۆماریخوازەکانی بە نەرمی و لاوازی لە بەرامبەر ئێرانی تۆمەتبار دەکەن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئۆباما هەڵوێستێکی توندتر بگرێ و هەوڵ بدا گوشار ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسییەکان بۆ سەر ئێران زیاتر بکا.

بە وەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم فاکتەرانە و لێکدانەوەی بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکیی ئێران هیوای گەیشتن بە ڕێککەوتن لە کۆبوونەوەی مۆسکۆ زۆر کەمە و لە باشترین حاڵەتدا ئەگەری ئەوە هەیە دەرگای کۆبوونەوەکان

دانەخرێ و ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە درێژەیان هەبێ، هەرچەند رۆژئاوا و بە تایبەت ئیسرائیل نایانهەوێ ئەم کۆبوونەوانە هەتا هەتایە بەردەوام بن.

کەوابێ دوو ئیحتمالْ بۆ کۆبوونەوەی مۆسکۆ دەکرێ. یەک ئەوەکە ئێران تەسلیمی گوشارەکان نەبێ و دیسان کۆبوونەوەکان بە بۆنبەست بگەن. دووەم ئەوەکە هەروەک گوترا کۆبوونەوەکان لە شوێنێکی دیکە و لە کاتێکی دیکەدا درێژە بدرێن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٢**

---

## کۆبوونەوەکانی مۆسکۆش هیچ ئاکامێکیان نەبوو

قەیرانی سووریە و هەواڵی رۆژانەی کوشتاری دەیان کەسی لەم وڵاتەدا، قەیرانی ئابووریی جیهانی و قەیران لە ناوچەی یۆرۆ، هەڵبژاردنەکان لە میسر و چەند وڵاتی ئوروپایی و چەندین هەواڵ و رووداوی گرنگی ناوچەیی و جیهانیی دیکەش نەبوونەتە هۆی کەمرەنگ بوونی هەواڵەکانی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و کێشەکانی رێژیمی تاران لەگەڵ رۆژئاوا.

دوای کۆبوونەوە بێ ئاکامەکەی لایەنی ئێرانی و نوێنەرانی گرووپی ١+٥ لە بەغدا و دیسان تۆختربوونەوەی نیگەرانییەکان لە چارەنووسی ئەم پەروەندەیە و ئەگەر و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان لە ئەگەری شکستی کۆبوونەوەکان، لە لایەک گوشارەکانی دوو لایەن بۆ پاشەکشە کردن بە یەکتر زیادی کرد و لە لایەکی دیکەشەوە چاوەکان بە نیگەرانییەوە بڕانە کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ لە رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی جۆزەردان.

کۆبوونەوەی بەغدا نیشانی دا کە بەربەستەکانی بەردەم رێککەوتن لە پەروەندەی ئەتۆمیدا زۆر جیددین، بەجۆرێک کە هەر لە یەکەم رۆژەکانی دوای کۆبوونەوەی بەغداوە تۆمەت و هێرش و هەڕەشەکانی دوو لایەن بۆسەر یەکتر دەستی پێکردەوە. هەر دوابەدوای کۆبوونەوەی بەغدا کۆبوونەوەی نێوان ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لە رۆژی هەینی ١٩ی جۆزەردان بێ ئاکام کۆتایی پێهات و سەرۆکی بازرەسەکانی ئاژانس بێ هیوایی خۆی لە ئاکامی کۆبوونەوەکە دربڕی.

ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانیش یاریدەدەری سەرۆکی شووڕای ئەمنییەتی میللی، عەلی باقری لە نامەیەکدا بۆ یاریدەدری کاترین ئاشتۆن داوای لێکردبوو کە بە پێی ڕێککەوتنێک کە لە کۆبوونەوەی بەغدا پێی گەیشتبوون، چەند کۆبوونەیەک لە ئاستی یاریدەدەرەکان دا پێش کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ پێک بێنن کە دوای سێ جار نامە نووسین، لە ١٩ی جۆزەردان هێلگا شمید یاریدەدەری ئاشتۆن وەلامی داوە و وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پێویستیی سەرقاڵ بوون بە مەسەلە سەرەکییەکان، بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوانەی بە پێویست نەزانی.

دواتر لە رۆژی ٢١ی جۆزەرداندا یەکێک لە راوێژکارانی میت رامنی، بەربژێری کۆماریخوازەکانی ئامریکا بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلیدا رایگەیاند کە ئەگەر کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردندا سەرکەون و ئێران واز لە پیتاندنی ئۆرانیۆم نەهێنێ دەبێ چاوەڕوانی هێرشی نیزامی بێ.

ئەو نیگەرانییانەی دوای بێ ئاکام بوونی کۆبوونەوەی بەغدا پێک هات، بووە هۆی ئەوەی رۆژئاوا گوشارە سیاسی و ڕەوانییەکان بۆسەر ئێران زیاتر بکا و بە هەڕەشەی قورسترکردنی سزاکان بۆسەر ئێران، ناچاری بکا بە نەرمی و ئامادەییەکی زیاترەوە لە کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ ئامادە بێ و ملکەچی داواکارییەکانی کۆمەڵگای جیهانی بێ.

لەم حاڵەتەدا کە ناوچەکە لە ئاکامی قەیرانی سووریە تووشی دۆخێکی ئاڵۆزە و رووسیە و چین و ئێران وەک لایەنێکی مەسەلەکە کەوتوونەتە بەر رەخنە و گوشاری رای گشتیی جیهانی، پەروەندی ئەتۆمیی ئێران و گرژتربوونەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا، ئەو نیگەرانییەی بۆ رووسیە دروست کرد کە شکستی کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ، ئەوان دەخاتە هەلومەرجێکی نالەبارترەوە. هەر بۆیە رووسیەش هەوڵیدا بەجۆرێک لایەنەکان و بە تایبەت ئێران رازی بکا بە دەستێکی پڕەوە بەشداری کۆبوونەوە بن و هیوا بە شکانی بۆنبەستی ئەتۆمی زیاتر بکا. هەر لەو پێناوەشدا رۆژی چوارشەممە ٢٤ی جۆزەردان سێرگێئی لاورۆف، وەزیری دەرەوەی رووسیە سەردانی تارانی کرد و لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە گرنگەکانی ناوچە و بە تایبەت مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران وتوویژی لەگەڵ کاربەدەستانی تاران کرد.

لە چاوپێکەوتن لەگەڵ لاورۆفدا، سەعید جەلیلی سەرپەرەستی گرووپی ئێرانی لە وتوویژەکاندا، بەداخبوونی خۆی لە هەڵوێستەکانی ڕۆژئاوا دەربڕی و گوتی کە گوشارهێنان بۆ سەر ئێران هیچ ئاکامێکی نابێ. ناوبراو هەروەها گلەیی لەوە کردبوو کە لایەنی ڕۆژئاوایی ئامادەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی کارناسانە نیە.

هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتی هەڕەشە و گوشارهێنانەدا ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردان ٤٤ سەناتۆر واتە نزیک بە نیوەی ئەندامانی سەنای ئامریکا پێکهاتوو لە هەر دوو حیزبی کۆماریخواز و دێموکرات لە نامەیەکدا داوایان لە ئۆباما کرد کە ئەگەر کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ شکست بخوا دەبێ وتووێژەکان لەگەڵ ئێران رابگیرێ و گوشار و سزاکان بۆ سەر ئێران زیاتر بکەن.

ئەم هەلومەرجە چاوەڕوانی و نیگەرانییەکانی لە ئاکامی کۆبوونەوەکانی مۆسکۆ بە رادەیەکی بەرچاو زیاتر کرد بەجۆرێک کە هێندێک لە خاوەنڕایان پێیان وابوو شکستی ئەم کۆبوونەوانە مەترسیی توندتر بوونی سزاکان و تەنانەت ئەگەری هێرشی نیزامییش بۆسەر ئێران زیاتر دەکا.
لەگەڵ ئەوەی کە هەموو لایەک هەوڵیان دەدا بوارێک بڕەخسێنن کە ئاکامی دڵخواز لە کۆبوونەوەکان وەدەست بێنن، بەڵام زۆرێک لە بەرپرسانی رۆژئاوایی گومان و شکی خۆیان لە سەرکەوتنی کۆبوونەوەکان نەدەشاردەوە.

لەم دۆخەدا و بە هەمووی ئەم نیگەرانی و گەشبینی و رەشبینیانەوە رۆژی ٢٩ی جۆزەردان کۆبوونەوەکانی ئێران و نوێنەرانی گرووپی ١+٥ لە شاری مۆسکۆ دەستی بە کارەکانی کرد. لە رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا هیچ هەواڵێک لە چۆنیەتیی کۆبوونەوەکان و ئاکامەکانی لە ژووری کۆبوونەوەکان نەهاتەدەر و ئەوە بووە هۆی ئەوەی گومانی بێ ئاکام بوونی کۆبوونەوەکان دروست بێ. هەر بۆیە بەرپرسانی رووسی هەوڵیان دا ئەو پەیامە بگەیەنن کە ئەگەری شکستی کۆبوونەوەکان نزیک بە سیفرە.

بەڵام لە رۆژی دووەمی کۆبوونەوەکاندا و لە کۆتایی کۆبوونەوەیەک کە نزیک بە کاتژمێر دەی شەو بە کاتی تاران کۆتایی پێهات، بۆ جارێکی دیکە و وەک هەموو جارەکانی پێشوو دەرکەوت کە کۆبوونەوەکان جگە لە کڕینی کات بۆ ئێران هیچ ئاکامێکی بۆ هیچ لا بەدواوە نەبووە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا کاترین ئاشتۆن و سەعید جەلیلی بە جیا لە کۆنفرانسێکی خەبەریدا هەوڵیاندا وا نیشان بدەن کۆبوونەوەکان بێ ئاکام نەبووە. رایانگەیاند کە لەسەر ئەوە رێک کەوتوون کە لە ٣ی جولایدا کۆبوونەوەی کارناسی لە تورکیە بەڕێوەبەرن و لە داهاتووشدا کۆبوونەوە لە ئاستی یاریدەدران بەڕێوەبچن.

لە راستیدا روون و ئاشکرایە کە ئەمەی دوو لایەنی کۆبوونەوەکان رایانگەیاند هیچ پێناسەیەکی دیکەی بۆ ناکرێ جگە لە شکست و بێ ئاکام بوونی کۆبوونەوەکان. بە تایبەت بۆ رۆژئاوا کە نەیتوانی هیچکام لە داوا و

چاوەڕوانییەکانی خۆی کە بریتی بوون لە رازی کردنی ئێران بۆ راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی ٢٠% و ناردنی ئۆرانیۆمەکانی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات و هەروەها داخستنی ناوەندی فۆردو، بەسەر لایەنی ئێرانیدا بسەپێنێ. ئەوەش کە رازی بوون کۆبوونەوەی کارناسانە لە ٣ی جولای لە تورکیە بەڕێوە بچێ بۆ رۆژاواییەکان تەنیا پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی شکستی کۆبوونەوەکان. چونکە کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەبنەڕەتڕا کێشەیەکی فەننی و تەکنیکی نیە و مەسەلەکە مەسەلەی متمانە بەخشین و مەسەلەیەکی سیاسییە، کە تا ئێستا ئێران نەیتوانیوە متمانەی رۆژئاوا بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی وەدەست بێنێ.

ئەم کۆبوونەوانە بۆ جارێکی دیکە دەریانخست کە ئێرانییەکان بە لێکدانەوەی بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی و بە چەنەلێدانێکی زۆر دیسانیش توانیان مەسەلەکە بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژبکەنەوە ئەوجۆرەی دەڵێن، کات بکڕن.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی رۆژئاوا لە ئەگەری شکستی کۆبوونەوەکان و دڵنیابوونی نوێنەرانی رۆژئاوا لە بێ ئاکام بوونی ئەم کۆبوونەوەیەش، بۆچی ئامادەبوون کۆبوونەوەکان درێژە بدەن و وانیشان بدەن کە کۆبوونەوەکان بە بۆنبەست نەگەیشتوون؟ وڵام ئەوەیەکە بە بۆنبەست گەیشتنی وتووێژەکان و شکستی دیپلۆماسی مانای پێویستیی شەڕ و کەڵکوەرگرتن لە هێزی نیزامییە و رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا لە هەلومەرجی ئێستادا ئامادەیی ئەو بەربژێرەیان نیە و نایانهەوێ بە تایبەت لە هەلومەرجی قەیراناویی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هاوکات لەگەڵ کێشەکانی سووریە و تا رادەیەکیش عێراق، دۆخەکە قەیراناویتر بکەن. ئێرانیش کە باش ئاگاداری ئەم دۆخەیە و دەزانێ لانیکەم تا دوای هەڵبژاردنەکانی ئامریکا مەترسیی هێرشی نیزامی لە کەمترین ئاستی خۆیدایە هەوڵی درێژکردنەوەی پرۆسەکە و کڕینی کات دەدا.

بەڵام بە تایبەت ئێران دەبێ ئەوەش بزانێ کە ئەو دۆخەی لەسەرەوە باسی لێکرا لایەنێکی دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەکە ئەگەر ئامریکا خۆی لە هێرشی نیزامی لە ئێستادا دەبوێرێ، لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە ناچارە گوشارەکان و سزا ئابووری و سیاسییەکان زیاتر بکا و گەمارۆکانی ئورووپا و ئامریکا بۆسەر سەنعەتی نەوتی ئێران لە چەند رۆژی داهاتوودا دەست پێدەکەن و ئێران دەبێ چاوەڕوانی رۆژانی سەخت و دژوارتر بێ

لە ژمارەی ٥٨٥ رۆژنامەی کوردستان بڵاو بووەتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢

## وشکبوونی گۆلی ورمێ، کارەساتێک بۆ ناوچەکە

ڕەوتی وشکبوونی گۆلی ورمێ بەرە بەرە دەگاتە قۆناغێکی مەترسیدار و هەواڵی یەکەم تۆفانی خوێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکەم نیشانەکان و زەنگێکی مەترسی بوو بۆ ئەم کارەساتە سروشتی و مرۆییە.

لە دە تا پازدە ساڵی ڕابردووەوە بەرەبەرە لێرە و لەوێ کارناسان و لایەنگرانی ژینگە هۆشداریی وشکبوونی گۆلی ورمێیان داوە و تا هاتوە ئەم مەترسییە و ئەم هاوارانە زیاتر و بەرزتر بوونەتەوە.

گۆلی ورمێ وەک یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکان لە پێکهێنان و ڕاگرتنی ئێکۆسیستمی ناوچەکە هۆکارێکی کاریگەر و بەرچاوە لە ڕاگرتن و پاراستنی سیکلی ژیانی دەیان جۆر جانەوەر و پەلەوەر و ڕوەک لە ناوچەکەدا و فاکتەرێکی گرینگ بووە لە تەنزیمی کەشوهەوای ئەم بەشە لە وڵاتەکەماندا.

لە ماوەی دە تا پازدە ساڵی ڕابردوودا ئەم گۆلە بەرەبەرە بەرەو وشکبوون ڕۆیشت و لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕەوتە زۆر خێراتر بۆتەوە و گەیشتۆتە قۆناغێکی زۆر پڕمەترسی بۆ سەر ناوچەکە. کەم بوونەوەی بەفر و باران لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان و گەرمتربوونی کەشوهەوای گۆی زەوی لە لایەک و کەڵکوەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی کە لە ڕاستیدا سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی گۆلی ورمێ پێک دێنن و دروست کردنی بێ حیساب و کتابی سەد و ئاوبەندەکان لەسەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە ئەم گۆلە لە هۆکارەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا جگە لە لایەنگرانی ژینگە لە نێوخۆی ئێران چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتییش لە پێوەندی لەگەڵ وشکبوونی ئەم گۆلە لێکۆڵینەوەی وردی زانستییان کردوە و هۆشدارییان داوە. ڕاپۆرتەکانی ئەم ناوەندانە هەرکام بەجۆرێک باس لە لایەنە جۆراوجۆرە ژینگەیی و مرۆییەکانی ئەم دیاردەیە دەکەن و هۆکار و ڕێگە چارەکان دەخەنەڕوو.

لە ڕاپۆرتی بەرنامەی ژینگەپارێزیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP)دا کە ساڵی ٢٠١١ بڵاوبۆوە

سەبارەت بە کەم بوونەوەی ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ هۆشداری داوە و ڕایگەیاندوە کە ئاستی ئاوی ئەم گۆلە لە ساڵی ۱۹۹۵ەوە هەتا ۲۰۱۱ بە ڕادەی ۷ میتر دابەزیوە و بە پێی ئەم وێنانەی بە مانگی دەسکرد لەم گۆلە هەڵگیراونەتەوە پانتایی گۆلی ورمێ لە ۶۱۰۰ میتری چوارگۆشەوە بۆ ۲۳٦٦ میتری چوارگۆشە کەم بۆتەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە وشکبوونی ئەم گۆلە کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگە و ژیانی ئەم ۷٦ ملیۆن کەسەدا دەبێ کە لە بازنەی ۵۰۰ کیلۆمیتریی ئەم گۆلەدا دەژین.

ئەگەرچی کاربەدەستانی ئێران ڕایانگەیاندوە کە وشکەساڵی و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەئاوییەکان زیاترین کاریگەرییان لەسەر وشکبوونی ئەم گۆلەدا هەبووە بەڵام ڕاپۆرتەکەی (UNEP) دەڵێ ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا و کەڵک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر و بێ بەرنامە لە سەرچاوە ئاوییەکان ٦٥% و دروستکردنی سەد و ئاوبەند لەسەر ئەم ڕووبارانەی دەڕژێنە گۆلی ورمێوە ۲۵% و کەمبوونەوەی ڕێژەی باران بارین ۱۰%ی هۆکارەکانی ئەم وشکبوونە پێک دێنن.

جگە لەوانە لێدانی جادەی ورمێ تەورێز کە بۆتە هۆی دوو لەت بوونی ئەم گۆلە و ڕێگە لە هاتوچۆی ئاو لە نێو دوو بەشی باکوور و باشووری گۆلەکە دەگرێ هۆکارێکە بۆ خراپتربوونی دۆخەکە.

لە ڕاستیدا ئاسەوارەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێ لەسەر ژینگەی ناوچە و ژیانی پەلەوەر و ڕوەک و بە گشتی ئێکۆسیستمی ناوچەکە و هەورها ژیان و ئابووریی چەندین ملیۆن کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە و ئێران بە گشتی ئەوەندە زۆر و مەترسیدارە کە ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا درێژەی هەبێ کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

بە وشکبوونی ئەم گۆلە جگە لە لەنێوچوونی زۆر ڕوەک و گیانلەبەر کە ژینگەی تایبەت و گونجاوی خۆیان لەدەست دەدەن، سەحرایەک لە خوێ دەمێنێتەوە کە هەروەک لە چەندساڵی ڕابردوودا تۆفان و خۆڵبارین بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، ئەوجار دەبێ چاوەڕوانی تۆفانی خوێ و بڵاوبوونەوەی ئەم خوێیە بەسەر باغ و زەوی و زاری ناوچەیەکی بەربڵاوی دەوری دەریاچەکە هەتا سەدان کیلۆمیتر بین. بە دەست پێکردنی تۆفانەکانی خوێ کە هەروەک باسکرا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکەم نموونەکەی بینرا، باغ و زەویو زارە کشتوکاڵییەکان وشک دەبن و بەرەبەرە خاکەکەیان دەبێتە شۆرەکاتێکی بێ بەرهەم.

جگە لەوەش بڵاوبوونەوەی ئەم رادە خوێیە لە هەوای وڵاتدا جگە لە نەخۆشی و خستنە مەترسیی تەندروستیی خەڵک دەبنە هۆی رزین و لەنێوچوونی بەرەبەرەی ماشینەکان و هەرچی لە ئاسن دروست بووبێ و زەرەر زیانێکی ئابووریی زۆر لە وڵات دەدا.

لەم نێوەدا ئەگەرچی لایەنگرانی سروشت و ژینگەپارێزان هەوڵێکی زۆریان داوە کە بە وەڕێخستنی کەمپەین و خۆپێشاندان و هەر ڕێگایەک کە بۆیان دەکرێ دامودەزگا دەوڵەتییەکان وشیاربکەنەوە و ناچاریان بکەن چارەسەری گرفتەکە بکەن و ڕێگەنەوەن بارودۆخەکە لەوەی هەیە خراپتر بێ، بەڵام هەروەک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی چاوەڕوان دەکرێ تەنانەت ئەم داواکارییەشیان بە سەرکوت و گرتن و زیندان وڵام داوەتەوە و گیران و لێدان و ئەشکەنجەی خۆپێشاندەران لە ورمێ شاهیدی ئەم ئیدیعایەن.

بەڕێوەبەریی سەقەت و نابەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوو و بە تایبەت لە نزیک بە 8 ساڵی سەردەمی ئەحمەدینژاددا لە هەموو بوارەکاندا بۆتە هۆی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات و بە بەڕێوەبەریی ناکارناسانە و نازانستییانە زەبری کاریگەریان لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سروشتیی ئەم وڵاتە داوە. مەسەلەی گۆلی ورمێش لەم راستییە بەدەر نیە و هەروەک لە راپۆرتەکەی سەرەوە و چەندین راپۆرتی دیکەشدا دەردەکەوێ مودیرییەتی غەڵەتی دەوڵەتی و بەرنامە نازانستییەکانی دەوڵەت زیاترین پشکیان لە دروستبوون و گەورەتربوونەوەی ئەم کارەساتەدا بەردەکەوێ.

قسەکانی ئەحمەدینژاد لە هاوینی ساڵی رابردوودا وەک بۆچوونەکانی لەسەر زۆربەی مەسەلە و رووداوەکانی ئێران و جیهان لەم بارەشدا سەیر و سەرنجڕاکێشە. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ وشکبوونی گۆلی ورمێدا رایگەیاند کە ئەوە شتێکی ئاساییە و هەر ٥٠٠ ساڵ جارێک ئەم دۆخە بەسەر ئەو گۆلەدا دێ. هەروەها تاوانی نەبارینی باران و وشکەساڵیی خستە ئەستۆی رۆژئاواییەکان کە بە لەباربردنی هەورەکان ڕێگەنادەن لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ببارن!.

ئێستا ئەگەر دەوڵەت بە خێرایی نەکەوێتە خۆ و کارێکی جیددی بۆ بەرگرتن لەم کارەساتە نەکا و ڕێگەی وشکتربوونی ئەم گۆلە نەگرێ و بە تەرخانکردنی بودجە و کەڵک وەرگرتن لە کارناس و پسپۆرانی ئێرانی و بیانی ڕێگەچارەیەکی زانستی و بە کردەوە نەدۆزێتەوە دەبێ چاوەڕوانی هاتنەدیی هەموو ئەو پێشبینییە ترسناکانە بین

که بۆ داهاتووی ناوچەکه دەکرێ و دیتنی سۆنامیی خوێ یەکێک دەبێ لەوانه.........

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٢

## هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری و «ڕیفۆرمخوازانی ساختە»

لە حاڵێکدا کە شەڕو گرژییەکانی سووریە و تێوەگلانی وڵاتانی ناوچە لەم مەسەلەیەدا کەشوهەوایەکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزیی لە دەوروپشتی ئێرانی داگرتوە و لە دۆخێکدا کە گوشاری گەمارۆکان پشتی ڕێژیمی تارانیان چەماندۆتەوە و لەباری سیاسی و ئابوورییەوە ئێران لەژێر قورسترین گوشارەکاندایە و گرانی تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە و لێرەو لەوێ هاواری خەڵک بەرزبۆتەوە و بە گشتی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕێژیم لەگەڵ قەیراناویترین دۆخی خۆی تا ئێستا بەرەوڕوو بۆتەوە، لە نێو لایەنەکانی دەسەڵاتدا لە تاران و لە کاتێکدا کە نزیک بە ساڵێکی ماوە، باسو خواس و خەت و نیشان کێشانەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی 92 دەستی پێکردوە.

لە کاتێکدا کە نزیک بە ساڵێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران، پێکهاتەکانی دەسەڵات دەستیان بە داڕشتنی پیلان و بەرنامە کردوە بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە و ئەو کەسەی لە سندووق دەیهێننەدەر ئەوجۆرە بن کە خۆیان دەیانهەوێ.

نیگەرانییەکانی بەرەی بناژۆخوازی دەسەڵات لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنەدا و ئەگەرە پێشبینی نەکراوەکان بۆ ڕێژیم لە لێدوان و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا دەردەکەوێ. دەسەڵات لە لایەک نیگەرانی ئەوەیە کە یەکدەست بوونی کەشوهەوای هەڵبژاردن و بەربژێرەکان لە سەردەمێکدا کە ناڕەزایەتیی خەڵک لە هەموو بوارەکاندا زۆر و بەرچاوە، ببێتە هۆی بێ بازاڕی و بەشداریی زۆر کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا و، لە لایەکی دیکەشەوە لەوە دەترسن کە ئەگەر کەشوهەوایەکی تا رادەیەک کراوە و رکەبەرانە پێک بێنن، تووشی دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ساڵی ٨٨ و بگرە خراپتر بن.

ئەم نیگەرانییانە و بوونی دوو ڕوانگە لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لە بناژۆخوازانی سوننەتی و میانەڕەوەکانیان بیر لە هێنانی جۆرێک لە ڕیفۆرمخوازان بکەنەوە کە کەمترین مەترسی و کێشەیان بۆ دروست بکەن، بەشێکی دیکەش لە بناژۆخوازانی توندڕەو بە تەواوی دژی بەشدارکردنی هەرجۆرە کەس و تاقمێکن کە کەمترین مەیلیان بەلای ڕیفۆرمخوازاندا هەبێ.

لەم نێوەدا بەرەی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازیش کە لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بە تەواوی خانەنشین کراوە و لە مەیدان وەلانراوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخە و بۆچوون و تەنانەت لێدوانی جیاوازیان تێدا پێک هاتوە. بەشێکی زۆر لەو ڕیفۆرمخوازانەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨ لەگەڵ سەرکوتی توند و زیندان و وەلانان بەرەوڕوو بوونەوە و ئەمڕۆ هیوایەکیان بە ڕیفۆرم و چاکسازی لە ڕێژیمدا نەماوە دژی بەشداری و گەرم کردنی بازاڕی دەسەڵاتدارانن. بەڵام لە نێو ئەم بەرەیەدا کەسانێکیش هەن کە هەر لە ئێستاوە چرای سەوز بەو بەشە لە بناژۆخوازانی دەسەڵات دەدەن کە پێیان باشە بۆ گەرم کردنی بازاڕی هەڵبژاردن جۆرێک لە ڕیفۆرمخوازانی دەستەمۆ و بێ خەتەر بێننە مەیدانەوە. ئەم بەشە لە بەناو ڕیفۆرمخوازان کە لە لایەن ڕیفۆرمخوازانی هیوابڕاوەوە تەنانەت ناوی «ڕیفۆرمخوازانی ساختە»یان لێنراوە و ئێستا بە ڕوونی محەممەد خاتەمی بە بۆچوون و لێدوانەکانی هەوڵ دەدا خۆی وەک ڕێبەری ئەم بەشە لە بەناو ڕیفۆرمخوازان نیشان بدا، هەوڵ دەدەن بە وتەی خۆیان لە چوارچێوەی نیزامی ویلایەتی فەقیهی و قانوونی بنەڕەتیی ڕێژیمدا ڕیفۆرم و چاکسازی بکەن.

خاتەمی کە دوای بەشدارییە نیوە نهێنییەکەی لە شانۆی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران لە ڕەشەمەی ساڵی ٩٠ دا گلەیی و ڕەخنەی بەرەی ڕیفۆرمخواز و تەنانەت دۆستانی نزیکی خۆی هاتەوە سەر، ئێستا لێرەو لەوێ باس لە بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرۆک کۆماریدا دەکا و هەوڵیش دەدا بۆچوون و هەڵوێستەکانی پشت بەستوو بە پشتیوانی و ڕەزایەتی مووسەوی و کەڕرووبی نیشان بدا. ناوبراو لە یەکێک لە دوایین لێدوانەکانیدا بە ئاماژە بە بەیاننامەی ژمارە ١٧ی مووسەوی هەوڵیداوە پاساو بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بێنێتەوە و ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردن هانبدا.

ئەم هەوڵانەی خاتەمی لە کاتێکدایە کە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی ٨٨ و ئەم بەڵایەی ڕێژیم بەسەر نارازییان و بەرەی ڕیفۆرمخوازانی هێنا هیچ هیوایەکی تەنانەت لە نێو ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکانیش بۆ چاکسازی نەهێشتەوە و گرتن و زیندانی کردنی مووسەوی و کەڕرووبی لە ماڵەکانیاندا ئەوەی دەرخست کە ڕێژیم

بۆ ڕاگرتنی سیستم و پاراستنی دەسەڵات تەنانەت ڕوحم بە سەرەکیترین مۆرەکانی خۆشی ناکا.

ئێستا دوای چەند ساڵ و دوای هەمووی ئەم ڕووداوانەی کە هێشتا لەبیر کەس نەچوونەتەوە، داخوا خاتەمی پێی وایە چ شتێک لە ڕێژیمدا گۆڕاوە و چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر بەرپرسانی ڕێژیم یان قانوونی بنەڕەتییەکەیدا هاتوە کە بە ڕیفۆرم و چاکسازی هیواداری کردبێ.

ئێستا کە بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە کە ڕێژیم ئیجازەی نەفەس کێشان بە هیچ کەس جگە لە قاڵبووان لە نێو ویلایەتدا نادا، خاتەمی باس لە کارکردن لە چوارچێوەی قانوونێکدا دەکا کە ئەگەرچی هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نیە، تەنانەت ڕێگە بە بەڕێوەچوونی تەواوی ئەم قانوونە سەقەت و دواکەوتوانەش نادرێ. خاتەمی دوای ئەوەی لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماریدا هیچ کارێکی پێنەکرا و ناچار ڕایگەیاند کە سەرۆک کۆمار لە ئێراندا لە »تدارکاتچی»یەک زیاتر نیە ئێستا هاتوە و باس لە بەڕێوەچوونی تەواوی قانوون بە هەموو بەند و مادده پشتگوێخراوەکانییەوە دەکا و هەوڵ دەدا وا نیشان بدا کە لە چوارچێوەی ئەم سیستمە و قانوونی ئەساسییەکەیدا دەبێ بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا و بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم هەنگاو هەڵێنێتەوە. بە وەبەرچاوگرتنی هەموو ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵانە و ماهییەت و چییەتیی ڕێژیم کە ئێستا بۆ هەموو کەس ئاشکرایە و هەروەها ئەو ڕاستییە کە بە پێی ئەسلی نەوەد و هەشتی ئەم قانوونەی خاتەمی باسی دەکا تەنیا شووڕای نیگەهبان مافی تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتیی هەیە و نە خاتەمی و نە کەسی دیکە بۆی نیە تەفسیر و شرۆڤەی بەندەکانی قانوون بکا، ئەم ئیدیعایانەی خاتەمی وێڕای ئەوەی جێگەی پێکەنین و گاڵتە پێکردنن دەتوانن نیشایەک بن لە ماهییەتی ڕاستەقینەی ناوبراو.

خاتەمی بە تەواوی نیشانیداوە باوەڕی بە ویلایەتی فەقیهی هەیە و تەنیا لەچوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هەوڵی پاراستنی ڕێژیم بە شێوازی خۆی دەدا و ئەگەر کەسانێک ئێستا دەیانهەوێ بۆ دڵخۆشکردنی خۆیان لێکدانەوەی خەیاڵی بۆ قسە و هەڵوێستەکانی ناوبراو بکەن، خۆیان و خەڵکی ئێران فریو دەدەن. ئەگینا دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ هەموو کەس و ڕیفۆرمخوازانی ڕاستەقینەش باش دەزانن کە هیچ هیوایەک بە چاکسازی لەم ڕێژیمەدا نیە و تەنیا ڕێگا گۆڕینی ڕێژیمە کە خاتەمییش بە باشی ئەوە دەزانێ. بەڵام جیاوازیی خاتەمی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازانی ڕاستەقینە لەوەدایە کە ئەوەی ناوبراو لە بەرگی ڕیفۆرمخوازیدا کردی، هەوڵدان بوو پاراستنی نیزام بەو شێوازەی خۆی پێی باش بوو نەک چاکسازی لە نیزامدا.

ئەم هەوڵە نەزۆکەی بەشێک لە بەناو ڕیفۆرمخوازان (یان «ڕیفۆرمخوازانی ساختە»ی دەستکردی ڕێژیم) لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە هەموو تواناوە خەریکن خەسارەکانی هەرجۆرە هەڵبژاردنێک بۆ ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان کەمتر بکەنەوە و ئێستا بەرنامەی گۆڕینی سیستمی حکوومەتی لە ریاسەتیەوە بۆ پارلمانی ـ کە ڕەزبەری ساڵی ٩٠ بۆ یەکەمجار لە لایەن خامنەیی و دوای ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەحمەدینژاد هاتە گۆڕێ ـ خراوەتە دەستووری کاری مەجلیسی نۆیەمەوە و مەجلیس بۆ ئەو مەبەستە فراکسیۆنێکی پێک هێناوە کە ئامادەکارییەکان بۆ بە کردەوەیی کردنی ئەم بەرنامەیە بکەن. ئەم هەنگاوەی ڕێژیم نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو ئەو کۆت و بەند و کەشوهەوا داخراوەی بەسەر کاری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی دەسەڵاتدا سەپاندویانە و بە کردوە بۆ هەڵبژاردنی «تدارکاتچی»یەکی بێ دەسەڵات ئەو تێچووە قورسە دەدەن، بەوەش ڕازی نابن و دەیانهەوێ ئەوەش نەمێنێ و ڕێگەنەدەن تەنانەت «تدارکاتچی»یەکەشیان خۆی بە قەرزداری دەنگی خەڵک بزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران و تێچوو و دەسکەوتەکانی ڕێژیم

**پێشەکی**:

بزووتنەوەی بێ لایەنەکان (جنبش عدم تعهد «Non-Aligned Movement») بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٦١ی زایینی و لەسەردەمی شەڕی سارد و بە دەستپێشخەریی «جواهر لعل نهرو» سەرۆک وەزیری هیندوستان، سوکارنۆ لە ئەندونیزیا، جەماڵ عەبدولناسر لە میسر و تیتۆ لە یوگسلاوی و بە مەبەستی پێکهێنانی یەکیەتییەک لە نێوان ئەو وڵاتانەدا پێک هات کە نە لە بەرەی کۆمۆنیزمدا بوون و نە لە بەرەی کاپیتالیزم.

ئەم بزووتنەوەیە ١٢٠ وڵات لەخۆ دەگرێ کە نزیک بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێک دێنن. تا ئێستا ١٥ کۆبوونەوە لە ئاستی سەرانی ئەم بزووتنەوەیە پێک هاتوە. لە کۆی ئەندامانی ئەم

بزووتنەوەیە ٢٦ وڵات لە ئامریکای لاتین، ٤٠ وڵات لە ئاسیا، ٥٣ وڵات لە ئافریقا و وڵاتی بێلارووس لە ئورووپا هەڵکەوتوون. هەروەها ٢١ وڵات و ١٠ ڕێکخراو، بۆ وێنە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامی، یەکیەتیی ئافریقا و یەکیەتیی عەرەب ئەندامانی چاودێری ئەم بزووتنەوەیەن. کۆبوونەوەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر ٣ ساڵ جارێک لە یەکێک لە وڵاتانی ئەندام دەبەسترێ و ئەم وڵاتە بۆ ماوەی سێ ساڵ وەک سەرۆکی بزووتنەوە دیاری دەکرێ. لە پازدەیەمین کۆبوونەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا کە ساڵی ١٣٨٨ لە وڵاتی میسر بەڕێوەچوو بڕیاردرا کۆبوونەوەی داهاتووی لە ئێران بگیرێ.

بڕیار وایە لە ڕۆژانی ٥ هەتا ١٠ی خەرمانانی ئەمساڵ شازدەیەمین کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە تاران ببەسترێ. بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لەم هەلومەرجەدا و لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا لە چەند بوارەوە جێی لێوردبوونەوە و تێڕامانە.

بانگهێشتکردنی ١٢٠ وڵات بۆ بەشداری لەم کۆبوونەوەدا و پێشبینیی هاتنی نزیک بە ٩٠٠٠ میوان لەم وڵاتانەوە، بەربڵاوی و گەورەیی ئەم میواندارییە و لە ئاکامدا تێچوو و خەرجە زۆرەکەی نیشان دەدا. بە پێی ئەو ئامارانەی لە لایەن لێژنەکانی ئامادەکاریی ئەم کۆبوونەوەیە بڵاوبوونەتەوە تێچووی ئەم میواندارییە ٦ ڕۆژەیە بۆ ئێران بە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد تمەن دەخەمڵێندرێ. دابینکردنی شوێنی زۆر لوکس و گران بۆ حاوانەوەی ٩٠٠٠ میوان لە چەندین هۆتێل و دەیان ویلا لە چەند شوێنی تاران و هەروەها کڕین و دابینکردنی سەدان ماشێنی لوکسی تایبەت بە هێنان و بردنی میوانەکان و خەرجی خواردن و سێرویس و ئامادەکارییەکانی شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان کە بە وتەی بەڕێوەبەرانی میواندارییەکە لە بەرزترین کوالیتی و ئاستدا ئامادەکراون قورساییەکی یەکجار زۆر دەخاتە سەر بەیتولماڵی ئێران.

جگە لەم تێچووە خەیاڵییە، تەعتیلیی یەک حەوتوویی تاران بە دامودەزگا ئیدارییەکان و زۆربەی ناوەندە ئابووری و پیشەسازییەکانەوە زەرەر و زیانێکی چەند میلیاردیی دیکە بەسەر پەیکەری لاوازی ئابووریی ئێراندا دەسەپێنێ. لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ کارناس و شارەزایەکی ئابووری نیە کە نەزانێ داخران و تەعتیل بوونی یەک ڕۆژەی سیستمی ئیداری و بانکی و ئابووریی وڵاتێک چ تێچوویەکی بۆ ئەم وڵاتە هەیە، چ بگا بە داخرانی یەک حەوتوویی ئەم بنیاتانە، ئەویش لە وڵاتێکی وەک ئێران.

کارەساتبار بوونی ئەم تێچووە قورسە بۆ ئابووریی ئێران کاتێک باشتر دەردەکەوێ کە ئاورێک لە بارودۆخی ئابووریی ئێران لەژێر کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوادا بدەینەوە. گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان کە لە ئاکامی سیاسەتە غەڵەتەکانی رژێمی تارانەوە خراونەتە سەر ئێران، قەیراناویترین بارودۆخی ئابوورییان بۆ ئەم وڵاتە پێک هێناوە، بەجۆرێک کە یەکەی دراویی ئێران لە کەمترین ئاستی ئەرزشی خۆیدایە و گرانی، هەڵاوسانی ئابووری و بێکاری ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تاڵ کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکانی ئێران توانای دابینکردنی نانی سەرسفرەیان نەماوە.

لە کاتێکدا کە دوای کارەساتی بوومەلەرزەی حەوتووی رابردووی پارێزگای تەورێز، رێژیم و دامودەزگاکانی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی کەمترین گرینگییان بەم کارەساتە سروشتییە بۆسەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم وڵاتە دا و، گلەیی و تووڕەیی خەڵک لە گرینگی نەدانی رێژیم بە بەهانا هاتنی لێقەوماوان بەرز بۆوە و، هەروەها لە کاتێکدا کە بۆ دابینکردنی لانیکەمی یارمەتی و بەهانا هاتنی خەڵکی بێ سەرپەنا و لێقەوماو رادەگەیەنن کە پێشوازی لە یارمەتییە جیهانییەکان بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەی تەورێز دەکەن، بۆ کۆبوونەوەی حەوتووی داهاتوو زیاتر لە ١٠٠ میلیارد تمەن لە سەروەت و سامانی ئەم خەڵکە خەرج دەکرێ.

دوای ئەم ئاوڕدانەوە خێرایە لە لایەنە ئابوورییەکەی ئەم کۆبوونەوەیە، بەجێیە ئاوڕێکی خێراش لە لایەنە سیاسییەکانی بدەینەوە. ئەم تێچووە ئابوورییە قورسەی کە رێژیم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە تەرخانی کردوە نیشاندەری ئەو گرینگییەیە کە لە روانگەی بەڕێوەبەرانی رێژیمی تارانەوە هەیەتی.

شک لەوەدا نیە کە رێژیم ئێستا لە ئاکامی سیاسەتە چەوتەکانی و ملکەچ نەبوونی بە یاسا و رێسا و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوامی لەسەر سیاسەتی هەستەیی وپشتیوانیی چالاکانە لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، زیاتر لە هەموو کاتێک تەریک کەوتۆتەوە و ئەرزش و جێگە و پێگەی سیاسی و حقووقیی خۆی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەدەست داوە. پاڵپشتیی رێژیم لە حکوومەتی بەعسی سووریە و پشتیوانی لە بەشار ئەسەد و کوشتاری بێ رەحمانەی خەڵکی سووریە، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و ئاشکرابوونی یەک لە دوای یەکی پیلانە تیرۆریستییەکانی رێژیم لە گۆشەو کەناری دنیا و هاوکات لەگەڵ ئەوانە، سەرکوتی ئازادییەکان لە نێوخۆی وڵات و پێشێلکردنی لە رادەبەدەری مافەکانی مرۆڤ و گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامەکان لە ئێراندا و دەیان نموونەی دیکە، سیمای وڵاتێکی دیکتاتۆر و لاسار و پێشێلکاری یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکانی لە ئێران خستۆتە

بەرچاوی جیهان. هەر بۆیە ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر تەریک کەوتۆتەوە.

لە وەها دۆخێکدا ئەم کۆبوونەوەیە لە روانگەی بەرپرسانی رێژیمەوە دەرفەتێکی زۆر بە نرخە کە بە وتەی خۆیان نیشان بدا ئێران خاوەن چ جێگە و پێگەیەکی نێودەوڵەتییە و دەیانهەوێ لەم رێگەوە قورسایی سیاسیی ئەم تەریک کەوتنەوە نێودەوڵەتییە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە. ئێران هەوڵ دەدا بە هێنانی سەرانی هەموو ئەم وڵاتانە بۆ تاران و وەک سەرۆکی ئەم بزووتنەیەوە بۆ سێ ساڵی داهاتوو، دەرفەتێک وەدەست بێنێ کە بتوانێ بەرپەرچی ئەم گوشارە قورسە نێونەتەوەییە بداتەوە کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی رێژیم لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی‌دا تووشی هاتوە.

هەروەها ئێران هەوڵ دەدا بە هێنانی بەرپرسانی باڵای چەند وڵاتی کاریگەری ناوچەکە وەک میسر و عەرەبستان و بەهێزترکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵیان، ئەم کەڵکە تەبلیغاتییە لەم کۆبوونەوەیە وەربگرێ کە هەروەک تا ئێستا ئیدیعای کردوە خۆی وەک رێبەری موسوڵمانانی جیهان بەسەرچاوەی ئەم بزووتنەوە بناسێنێ کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دەرکردوە. هەر بۆیە بەشداری کردن و نەکردنی سەرۆک کۆماری میسر و هەروەها پاشای عەرەبستان بۆ ئێران گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە پەرەپێدانی پێوەندیی دیپلۆماتیکی نێوان ئێران و میسر، بە پێچەوانەی بۆچوونی بەرپرسانی رێژیم ناتوانی هیچ بەشێک لە گرفتە نێودەوڵەتییەکانی تاران چارەسەر بکا. چونکە کێشەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان و بە تایبەت رۆژئاوا زۆر لەوە قووڵتر و بەربڵاوترە کە بەم پێوەندییانە چارەسەر بکرێن. سەبارەت بە بەشداریی پاشای عەرەبستانیش زۆربەی خاوەن رایان پێیان وانیە کە چاوەڕوانیی ئێران بێتەدی. کۆبوونەوەی چەند رۆژ لەوەپێشی وڵاتانی ئیسلامی لە ریازی پایتەختی عەرەبستان کە تێیدا بڕیاری هەڵپەساردنی ئەندامەتیی رێژیمی بەعسی سووریە لە یەکیەتیی هاوکاریی ئیسلامی درا و بە شکستێک بۆ سیاسەتەکانی ئێران لە پاڵپشتیی رێژیمی ئەسەددا هاتە ئەژمار، لە راستیدا بە هەوڵێکی وڵاتانی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەرەبستان دەزانرێ بۆ کەمکردنەوەی گرینگی و کاریگەریی کۆبوونەوەی بزووتنەوەی بێلایەنەکان لە کێشەکانی ناوچە و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سووریەدا.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە پێ ناخۆشبوونی وڵاتانی رۆژئاوا لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە تاران بەهۆی

بارودۆخی سیاسی و حقووقیی ئێستای تاران، نیگەرانییەکانی تارانی لە بەشداریی بەرچاوی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە لە کۆبوونەوەکەدا زیاتر کردوە.

ئامریکا وێڕای دەربڕینی سەرسوڕمانی خۆی لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە تاران بەهۆی مل بادان و ملهوڕیی تاران بەرامبەر هەموو بڕیار و یاسا نێودەوڵەتییەکان، داوای لە سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە لە ئەگەری بەشداریی لەم کۆبوونەوەیەدا، وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەرک و تەعەهودە نێونەتەوەییەکانی ڕێژیمی تاران، داوای لێ بکا پابەندی بڕیارات و داوا نێودەوڵەتییەکان بێ.

کۆی ئەم دۆخە هەروەک لە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی تاران لە پێشوازیی کەمڕەنگی وڵاتانی ئەم بزووتنەوەیە دەردەکەوێ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە جێگەو پێگەی سیاسیی لاوازی ئێران و تەریک کەوتنەوەی بێ وێنەی لە کۆمەڵگای جیهانیدا لە ئاکامی سیاسەتە غەڵەتەکانی، زۆر لەوە لاوازترە کە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە بتوانێ بۆ ئێران قەرەبووی تەریک کەوتنە و پێگەی لاوازی ئێران بکا و بە دەسکەوتێکی شیاو لە بەرامبەر تێچووەکەیدا بێتە ئەژمار.

لێکدانەوەی خێرای دەسکەوتە سیاسییەکانی ڕێژیمی تاران لەم کۆبوونەوەیە دەری دەخا کە داخوا ئەم تێچووە زۆرە ماڵی و داراییە چەند لە جێی خۆیدایە و ئەو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە کە سەرانی ڕێژیم بەدوایدا وێڵن.

لە ژمارە ٥٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## دووره دیمەنی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا

ساڵی نوێی خوێندنی ۹۲ - ۹۱ لە ئێران لە کاتێکدا دەست پێدەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتە نەگونجاو و ناتەباکانی لەگەڵ ئوسوول و ڕێوشوێنە ئینسانی و نێونەتەوییەکان لە ژێر قورسترین گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان لە ماوەی ۳۳ ساڵی تەمەنیدایە و لە ئاکامی ئەم گەمارۆیانە و بێ بەرنامەیی و گەندەڵیی ئابووریی لە ڕادەبەدەری کاربەدەستان و دامودەزگا نابەرپرسەکانی ڕێژیمدا، ئێران لە بارودۆخێکی زۆر نالەباری ئابووریدایە و بارودۆخی ئابووری و ژیان و گوزەرانی خەڵک لە هەمیشە دژوارتر و نالەبارترە و هەژاری و نەداری و بێکاری بەربینگی بە بنەماڵەکانی ئێران گرتوە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا بنەماڵەکان رۆڵەکانیان بۆ چوونەوە بۆ قوتابخانەکان ئامادە دەکەن کە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خوێندن و چوونە قوتابخانە قورساییەکی زۆر دەخاتە سەریان و هێندێک لە بنەماڵەکان تەنانەت لە دابینکردنی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەشدا داماون. هەژاری و دەسکورتی و بێ داهاتی وای کردوە کە زۆر بنەماڵە ناچار بن جگەرگۆشەکانیان بە تەمەنی کەم و جەستەی لاوازەوە لە جیاتی قوتابخانە بنێرنە سەرکار و لە کارگەکان و لەسەر شەقام و دوور لە بنەماڵە کاریان پێبکەن بۆ ئەوەی بژیوی بنەماڵە و نانی سەر سفرەیان بۆ دابین بکەن.

لە سایەی حکوومەتی عەدڵی ئیسلامیی ڕێژیمی تاراندا منداڵانی وڵاتی ئێران کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی ناوچە و جیهانە و خاوەنی سەروەت و سامانی گەورەی نەوت و گاز و زۆر سەرمایەی سروشتیی دیکەیە لەجیاتی ئەوەی لە شوێنیکی گونجاو و بێ کێشە و گرفت بە ئاسوودەیی هەستیارترین کاتەکانی تەمەنی منداڵیی خۆیان بە فێربوون و پەروەردە بوون بۆ داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان تەرخان بکەن، ناچارن لەگەڵ دێوەزمەی هەژاری و نەداری دەستەویەخە بن و بەرەوڕووی دەیان گرفت و کێشەی فکری و جەستەیی و تەنانەت دەستدرێژی و سەدان ئافەتی کۆمەڵایەتی دیکە ببنەوە کە دیاری و بەرهەمی ئەو جەردە و تالانچییانەیە کە خۆیان بە جێگر و نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەناسێنن.
بە پێی ئامارەکان ساڵی رابردوو لە نزیک بە بیست میلیۆن قوتابی لە ئێران تەنیا دوازدە میلیۆن کەس توانیویانە بچنە قوتابخانەکان و بەم پێیە زیاتر لە سی لەسەدی قوتابیان لە خوێندن بێ بەش بوونە. ئەو منداڵانەی

دەبووایە لە کلاسەکانی دەرس، بێ غەمی نان خەریکی فێربوون بووایەن و ئێستا ناچارن لە شارەکان و گوندەکان بۆ دابینکردنی پارەو نانێک، دوور لە هەموو ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان کار بکەن، ژمارەیان زیاتر لە دوو میلیۆن کەسە کە بۆ وڵاتێکی وەک ئێران ژمارەیەکی سەرسووڕهێنەر و کارەساتبارە.

جگە لە کێشەی ئابووری و هەژاری و بێکاری کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی خوێندن و پەروەردەی وڵات داناوە، کێشە فکری و فەرهەنگی و بەرنامە دواکەوتووانەکانی ڕێژیم لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دیاری و دیارەیەکی دیکەی ڕێژیمن کە یادکردنەوە و لێ وردبوونەوەیان لە کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا بە پێویست دەزانرێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای تۆختربوونەوەی خەبات و بەربەرەکانیی خوێندکارانی زانستگەکان لە بەرامبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا و لە درێژەی ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی شۆڕشی بەناو فەرهەنگیی ڕێژیم لە زانستگاکانی ئێراندا دەستی پێکرد و ئاکامەکەی بووە دەرکردن و لەسەرکار لابردنی هەموو مامۆستا و قوتابیانی جیابیر و سەربەخۆ لە زانکۆکان، سیاسەتی بە ئیسلامی کردنی زانستگەکان بەردەوام یەکێک لە دەغدەغەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بووە.

ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر و لە قۆناغ و بارودۆخی جۆراجۆردا بەردەوام کاری بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە کردوە. یەکێک لەو کارانەی لەسەر فەرمانی خامنەیی کەوتۆتە بەرنامەی کاری بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن، گۆڕینی و بە ئیسلامی کردنی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانی زانکۆ و قوتابخانەکان بووە و ڕێژیم بەم کارە هەوڵ دەدا ئاستی زانستی کتێبەکان دابەزێنێ بە لابردنی دەق و بابەتە زانستییەکان و دانانی بابەتی نازانستی و دواکەوتوانە توانای بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خوێندکاران دابەزێنێ و بە شێوەیەک ڕایانبێنێ کە بەردەوام ملکەچی بیرو بۆچوونە دواکەوتوو و سەدە نێوەڕاستییەکانیان بن. ئەم سیاسەتە ئەمساڵیش و بە پێی دەرفەت و هەلومەرج لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێ و بەمجۆرە چاوەڕوان دەکرێ لە ڕەوتی نزمتر کردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابخانە و زانکۆکاندا ئەمساڵیش زانست لە کۆمەڵگای زانستیی ئێراندا هەنگاوێکی دیکە بەرەو دواوە بڕوا.

هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتە و هەروەها سیاسەتی سەرکوت و دواکەوتوو ڕاگرتنی خەڵکی ئێران بۆ مانەوەی زیاتری دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی و کەم کردنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئەم دەسەڵاتە، بیرمەندانی ڕێژیم

سیاسەتی «تحقیر» و شکاندنی کەرامەتی تاکەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوەبردوە، چونکە باش دەزانن کە تاکە لێک دوور و جیا و «تەحقیر»کراوەکان ناتوانن ببنە بنەمای حەرەکەت و ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیم و مەترسییان بۆ سەر ڕێژیم کەمتر دەبێ. بەرنامەڕێژان و سیاسەتدانەرانی کۆماری ئیسلامی بە پێی ئەم ئەسلەی کۆمەڵناسی کە دەڵێ «حکوومەتکردن بەسەر تاکە جیا و لێک دوورەکان زۆر ئاسانترە لە حکوومەت کردن بەسەر کۆمەڵی تاکە یەکگرتووەکاندا» هەوڵ دەدەن تاکەکانی کۆمەڵگا لێک دوور ڕاگرن و ڕێگە نەدەن تاکەکان پێکەوە تێکەڵ بن و یەکتر بناسن و گوێ لە قسەی یەکتر بگرن و ببنە هۆی بەرزتر بوونەوی وشیاری و زانیاری و یەکگرتوویی یەکتر.

ئەم سیاسەت و لێکدانەوەیە بنەمای گەڵاڵە و بەرنامەیەکی دواکەوتووانەیە کە بە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە زانکۆکانی ئێراندا ناسراوە و خەریکە بەرەبەرە لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێ. ئەم گەڵاڵەیەش کە هەر بە بیانووی بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان و لە ڕاستیدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە لەسەرەوە باسی لێکرا لە چەند ساڵی رابردووەوە دەستی پێکردوە و ئەمساڵیش لە بەشێکی دیکەی زانکۆکان و بە پێی ئیمکان چەند قۆناغێکی دیکەی بەڕێوە دەچی. هەروەک باسکرا ئەم بەرنامەیە بە بیانووی بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان بەڕێوەدەچێ، ئەوە لە حاڵێکدا کە شارەزایانی ئایینی باش دەزانن خوێندنی کچان و کوڕان و ئەوەی تا ئێستا لە زانکۆکان هەبووە هیچ جیاوازی و دژایەتییەکی لەگەڵ بنەما ئیسلامییەکان نیە و لە ڕاستیدا حەساسییەت و نیگەرانی و پێداگریی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە لە ترس و خۆفی ڕێژیم لە لێک نزیک بوونەوەی کچان و کوڕان و بەرزتر بوونەوەی ئاستی وشیاریی زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان و بە تایبەت توێژی هەستیار و وشیاری خوێندکارانەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕێژیم هەوڵ دەدا بە جیاکردنەوەی زۆرەملیی کچان و کووڕان لێکتر جۆرێک لە »تحقیر» و شکاندن لەسەر تاکەکان بەڕێوەبەرێ و بەمجۆرە کۆمەڵگایەکی لێک دوور و پەرتەوازە و «تحقیر»کراو پێک بێنێ کە هەستی متمانە بەخۆبوونیان تێدا مردبێ و نەتوانن ببن بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە سەدە نێوەڕاستییەکەیان. ئەمساڵیش کە بە داخەوە ساڵی نوێی خوێندن لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی خوێنمژ و دژە خەڵکیی ئاخوندییەوە دەست پێدەکا درێژەی ئەم سیاسەت و بەرنامانە بەڕێوەدەچێ.

کەمکردنەوە و نەهێشتنی «سهمیه»ی کچان لە ٧٧ مادەی دەرسی لە ٣٦ زانکۆی ئێران بۆ ساڵی نوێی خوێندن بەشێکی دیکەی ئەم سیاسەتەیە کە ئاماژەی پێکرا. بەڵام هەروەک لە ئاکامی ئیمتحانەکانی کۆنکووری ئەمساڵدا دەرکەوت قەبووڵبوونی بەرچاوی کچان بۆ زانکۆکان بەجۆرێک کە نزیک بە شەست لەسەدی «سهمیه»ی زانکۆکانی

ئێرانیان بۆ ساڵی ٩٢ - ٩١ بۆخۆیان تەرخانکرد ئەم هیوایە بەهێزتر دەکا کە ڕێبوارانی ڕێگەی زانست و ئازادی بە بەردەوامی و خۆڕاگریی خۆیان دەبنە هۆی مایەپووچ بوونی ڕێژیم لە سیاسیەتە چەوت و دژەگەلێییەکانیدا.

لە ژمارە ٥٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## کێ دژی ڕاگرتنی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکانە؟

هەژدە مانگ دوای بەڕێوەچوونی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان (یارانەکان) لە ئێران، ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕەزبەر مەجلیسی ئێران گەلاڵەی یەک فەورییەتیی ڕاگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەلاڵەیەی بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد. گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی کارناسانەی ئابووریناسانی دەوڵەتەکانی پێشوو و بە مەبەستی هاوتەرازکردنی نرخی سەرچاوەکانی وزە وەک نەوت و گاز و بێنزین و ئاو و بەرق لەگەڵ نرخی بازاڕە جیهانییەکان داڕێژرا، بەڵام هیچکام لە دەوڵەتەکانی پێش ئەحمەدینژاد بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیانتوانی بەڕێوەی بەرن. لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد و بە پاڵپشتیی تەواوی خامنەیی سەرەڕای دژایەتی و هاوار و باسی جۆراوجۆر لەسەر گونجاو نەبوونی کات و هەلومەرجەکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گەلاڵەیە و هۆشداریدان لەسەر ئاسەوار و ئاکامەکانی لەسەر ئابووریی لاوازی ئێران، گەلاڵەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە پێی ئەم گەلاڵەیە دەوڵەت نرخی سەرچاوەکانی وزەی هەتا ئاستێکی دیاریکراو بەرز دەکردەوە و لە بەرامبەردا بەشێک لە داهاتی گران کردنەکەی وەک سوبسیدی نەغدی دەداوە بە خەڵک. ئەم سوبسیدە نەغدییە تا ئێستا بە پێی قانوون بە خەڵک دراوە. بەڵام ئێستا دوای ١٨ مانگ مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوەبردنی فازی دووهەمی ئەم گەلاڵەیە ڕادەگرێ.

لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردوودا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی گرنگ بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێراندا هاتوە. لەباری سیاسییەوە هەم لە نێوخۆ و هەم لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر و شێواوتر بۆتەوە. لە پێوەندییە نێوخۆییەکانی ڕێژیمدا بە پێچەوانەی دەوری پێشووی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدینژاد کە پشتیوانیی تەواو و بێ ئەملا و ئەولای خامنەیی لەپشت بوو، ئەمجار خامنەیی و ئەحمەدینژاد کەوتوونەتە دوو بەرەی دژ بەیەک و نەک پشتیوانییەکانی خامنەیی لە ئەحمەدینژاد نەماون بەڵکوو بناژۆخوازان و دارودەستەی خامنەیی بە ئاشکرا دژایەتیی ئەحمەدینژاد و دەستوپێوەندەکانی دەکەن و بە هۆکاری گرفتاری و کێشەکانی ئەمڕۆی ئێرانی دەزانن. ئەحمەدینژادیش لەم ماوەیدا بە سیاسەتە غەڵەت و سەرەڕۆیانەکانی ئەوەی لە تێکدان و وێرانترکردنی بارودۆخی ئێراندا دەکرا کەمی درێغی نەکردوە و ڕێژیمی تووشی قەیراناویترین دۆخی تەمەنی کردوە.

لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، بەردەوامی و ملکەچ نەبوون بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا ڕێژیمی زۆر زیاتر لە پێشوو تەریک و تەنیا کردۆتەوە و بازنەی گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران لە هەر کاتێکی دیکە تەنگتر بوونەتەوە. بەڕێوەبەریی سەقەت و نازانستیانەی ڕێژیم و گەمارۆ ئابوورییە قورسەکان کارێکی وایان کردوە ئابوریی ئێران تووشی قەیران و نشوستییەکی بێوێنە بێت و بەرزبوونەوەی نرخی دراوە بیانییەکان و دابەزینی نرخی دراوی ئێران و نزیکبوونەوەی دۆلاری ئامریکا لە سنووری ٤٠٠٠ تمەن، بازاڕی ئێرانی تووشی پشێوی کردوە و نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانیان بەسەردا دێ و توانای کڕینی پێداویستییەکانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە.

لەم بارودۆخەدا و لە حاڵێکدا کە لە قانوونی بودجەی ساڵی ٩١ی ئێراندا جێبەجێکردنی فازی دووهەمی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان پێشبینی کراوە، مەجلیس ڕاگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەلاڵەیە پەسند دەکا.

ئەم گەلاڵەیە ڕاگرتنەکەشی وەک دەستپێکردنەکەی پڕ بوو لە باس و موناقەشە و، دژایەتی و لایەنگریی زۆری لەگەڵ کرا و لایەنگران و دژبەرانی گەلاڵەکە بەڵگە و هۆکاری خۆیان خستەڕوو. بەڵام جیاواز لە هەموو بیروبۆچوونە نەزەری و تیۆریکەکان ئەوەی جێی لێوردبوونەوەیە هەلومەرجی ئێستا و هۆکارەکانی گەیشتنی هەلومەرجەکە بە دۆخی ئێستایە کە مەجلیسی ناچار بە ڕاگرتنی گەلاڵەکە کردوە.

لە پێوەندی لەگەڵ خودی گەلاڵەکە و شێوەی بەڕێوەبردنی‌دا، دەوڵەت وەک زۆربەی کار و بەرنامەکانی دیکەی شێوازێکی غەڵەت و نازانستیی گرتەبەر. هەروەک گوترا لە بناغەڕا مەبەستی گەلاڵەکە بردنەسەری نرخی سەرچاوەکانی وزە و نزیک کردنەوەی لە نرخە جیهانییەکان و لە بەرامبەردا دانی سوبسید بە خەڵک و بە تایبەت بە بەشی پیشەسازی بوو بۆ ئەوەی بەشی پیشەسازی بەهێز بکرێ و بکەوێتە دۆخێکی ڕکەبەرانە و ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بێتەوە و ئەوەش ببێتە هۆی دابەزینی نرخەکان. بەڵام دەوڵەت لەم بوارەدا بە پێچەوانەوە جووڵاوە و سوبسیدی نەغدیی خەڵکی دا، بەڵام یارمەتییەکەی بە بەشی پیشەسازی یان هەر نەبوو یان لە ئاستێکی زۆر کەمدا بوو کە ئەوە جگە لە زیادکردنی پووڵی نەغد لە بازاڕ و زیاترکردنی ئاوسانی ئابووری، ڕێژەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی دابەزاند چونکە کارگە و کارخانەکان بەهۆی گرانبوونی کەرەسە سەرەتاییەکان و نەدانی سوبسیدی تایبەتی بەشی پیشەسازی توانای بەرهەمهێنانیان نەما و ئەوە بووە هۆی ئیفلیج بوونی زیاتری پیشەسازیی نێوخۆیی و زەبرێکی قورس لە ئابووریی وڵات.

لە لایەکی دیکەوە ناسەقامگیریی بازاڕی دراو و هەڵکشانی لەڕادەبەدەری نرخی دراوە بیانییەکان و نزیک بوونەوەی نرخی دەلار لە سنووری ٤٠٠ تمەن ئەگەری بەڕێوەبردنی ئەم گەلاڵەیەی ئەوەندەی دیکەش کەم کردەوە و تەنانەت ئاستەم کرد. هەروەک گوترا ئامانجی سەرەکیی ئەم گەلاڵەیە گەیاندنی نرخی سەرچاوەکانی وزە بە نرخە جیهانییەکان بوو کە بە چوونەسەری زۆری نرخی دراوە بیانییەکان ئەم کارە زۆر زەحمەت و تەنانەت ناموومکینە. چونکە بۆ وێنە نرخی یەک گالۆن بێنزین لە بازاڕەکانی ئامریکا چوار دۆلارە کە ئەگەر وای‌دانێین دۆلار بە سێ هەزار تمەن بێ، نرخی ئەم گالۆنە بێنزینە دەکاتە دوازدە هەزار تمەن کە گەیاندنی نرخی نێوخۆیی بێنزین بەم ئاستە لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا مەحاڵە. کەوابێ بە کردەوە لەم قۆناغەدا ئەم گەلاڵەیە شکستی خواردوە.

جگە لەوە ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە بودجەی ئەمساڵدا پێشبینی کرابوو کە داهاتی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان نزیک بە ٦٦ هەزار میلیارد تمەن بێ کە بەو چارەنووسەی تووشی گەلاڵەکە بۆوە ئاشکرایە ئەم داهاتە وەدی نایە و روون نییە چارەنووسی تەرازی بودجەی ئێران بۆ ساڵی ٩١ بەو ئاڵوگۆڕانە بە کوێ دەگا و چی بەسەر دێ؟

ئەم دۆخەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا نیشان دەدا کە دەوڵەت سەرەڕای دژایەتیی رواڵەتی لەگەڵ راگرتنی فازی

دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە باش دەزانێ توانای بەڕێوەبردنی گەڵاڵەکەی نیە و ئەم گەڵاڵەیەی کە دەیتوانی یارمەتییەکی باش بە ئابووریی ئێران بگەیەنێ، بە بەڕێوەبەریی غەڵەتی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد بەڵایەکی وای بەسەر هات کە زەرەکانی زۆر زیاتر بوون لە قازانجەکەی. هەر بۆیە سەرەڕای دژایەتی و ناکۆکیی رواڵەتیی نێوان دەوڵەت و مەجلیس لەسەر راگرتن و رانەگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە روون و ئاشکرایە کە هەر دوولا بە دڵ خوازیاری راگرتنی گەڵاڵەکەن.

لە ژمارە ٥٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

---

## ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و نیگەرانیی خامنەیی

لە درێژەی کێشە و ململانێکانی نێوان باڵەکانی رێژیم، بە تایبەت ناکۆکییەکانی ئەحمەدینژاد و خامنەیی، نامەی سەرئاوەڵای رۆژی ١ی خەزەڵوەری ئەحمەدینژاد بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، سادق لاریجانی، لاپەڕەیەکی نوێی لە رەوتی ئەم کێشە و ململانێیانەدا کردەوە.

دوای ئەوەی رۆژی ٥ی رەزبەر لە کاتێکدا کە ئەحمەدینژاد بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە نیۆیۆرک بوو، راوێژکاری بواری راگەیاندنی ناوبراو، عەلیئەکبەر جەوانفکر، بە تۆمەتی بێڕێزی کردن بە رێبەر دەستبەسەرکرا و ناردرایە زیندانی ئێوین. هەوڵەکانی ئەحمەدینژاد بۆ کەمکردنەوەی هێرش و لێدانەکان بۆسەر دارودەستە و پیاوەکانی لە لایەن باڵی خامنەییەوە چڕترکرایەوە، بەڵام رواڵەتی رووداوەکان ئەوەیان نیشاندا کە ئەم هەوڵانە ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبوو.

ئەحمەدینژاد لە درێژەی هەوڵەکانی بۆ ئازادکردنی جەونفکردا رۆژی ٢٩ی رەزبەر لە نامەیەکدا داوای لە لاریجانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری کرد رێگەی پێبدا سەردانی زیندانی ئێوین بکا. بەڵام رۆژی ٣٠ی رەزبەر لاریجانی لە نامەیەکدا بە مۆری زۆر نهێنییەوە داواکەی ئەحمەدینژادی رەت کردەوە. ئەحمەدینژادیش ئەم نامە نهێنییەی

بەناوی ئەوەی ئەو شتەی پێوەندیی بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە نهێنی نییە، بڵاوکردەوە و لە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەردا نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ لاریجانی ناردەوە کە بوو بە سەرەتای دەورێکی نوێ لە ناکۆکی و ململانێکانی نێو باڵەکانی ڕێژیمدا.

ئەحمەدینژاد لەم نامەیەدا ڕوو بە لاریجانی نووسیبووی کە لە نامەکەیدا وادەردەکەوێ کە تۆمەتی ئەوەی لێدابێ کە پشتیوانیی لە زیندانییەکی لەحاڵی سزادا دەکا و گوتبووی لە حاڵێکدا کە ئێوە ئاوا بە ئاسانی بوختان بۆ سەرۆک کۆماری وڵات و نوێنەری هەڵبژێراوی خەڵک هەڵدەبەستن خەڵکی ئێران کە هیچ پەنایەکی جگە لە خوا نییە چۆن دەتوانن ئەمنییەتی قەزاییان هەبێ؟!

ناوبراو لە درێژەی ناماکەیدا ڕایگەیاندبوو کە دەیهەوێ بە پێی ئەو ئەرکەی قانوونی بنەڕەتی پێی سپاردوە، سەردان و چاوەدێریی زیندان و ژمارەیەک لە داداگاکان بکا و تاوتوێی شێوەی بەڕێوەبردنی قانوونی بنەڕەتی و مافەکانی خەڵک بکا. لە بەرامبەردا لاریجانی وێڕای ڕەتکردنەوەی ئیدیعاکانی ئەحمەدینژاد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی خەزەڵوەری سەردانی دەزگای دادوەریدا ڕایگەیاند کە بە پێی قانوونی بنەڕەتی ئەحمەدینژاد مافی چاوەدێریی دادگا و زیندانەکانی نییە و بێ ئیجازەی ئەم دەزگایە ناتوانێ سەردانی زیندان و دادگاکان بکا و مافی دەستتێوەردانی لە کاروباری دەزگای دادوەریدا نییە.

ئەوەی لەم مشتومڕ و داد و هاوارانەی بەرپرسانی ڕێژیم و بە تایبەت ئەحمەدینژاددا جێی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە داخوا ئەم بەناو دڵسۆزانەی خەڵک چەند لە ئیدیعاکانیاندا ڕاستگۆن و نیگەرانی خەڵکی ئێرانن؟

لە پێوەندی لەگەڵ ئەحمەدینژاددا سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم کەسەی ئێستا بەناوی خەڵک و بۆ بەناو پارێزگاری لە مافەکانی میللەت لەگەڵ دەزگای قەزاییدا دەستەویەخە بۆتەوە، لەبیری نەماوە کە ساڵی 88 و کاتێک ئەم میللەتە داوای مافەکانی خۆی دەکرد ناوبراو بە »خس و خاشاک«ی ناودەبرد و بە هاوکاری و پشتیوانیی هەر ئەم دەزگای قەزاییە، بەڵایەکیان بەسەر ئەم میللەتە هێنا کە کە هیچ دوژمنێک بەسەری نەهێنابوو.

یەکێک لە نیشانەکانی دیکەی دڵسۆزیی ئەم دوو باڵەی ڕێژیم لە ئیفشاگەری و ململانێکانیان لەدژی یەکتر و

ئیعترافەکانیان لەسەر یەکتر کاتێک دەرکەوت کە ئاخوند موحسین کەرەمی لە وتووێژ لەگەڵ ئیسنادا ئاشکرای‌کرد کە ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ساڵی ٩٠ بەولاوە بەرابەرە لەگەڵ ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠دا بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان ئێعدام کراون.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم ململانێ و ناکۆکییانەی نێو باڵەکانی ڕێژیم وێڕای ئاشکراکردنی سیمای ڕاستەقینەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم، ڕادەی دڕندەیی و نائینسانی بوونی هەڵسوکەوتی جەللادانی ڕێژیم و بارودۆخی کارەساتباری نێو سیاچاڵەکانی ڕێژیم نیشان دەدا کە بەجۆرێکە کە تەنانەت متمانە بە پیاوکوژان و خودییەکانیشیان ناکەن کە دەرگای زیندانەکانیان بۆ بکەنەوە و سیمای ڕاستەقینەیان دەربخەن.

لە درێژەی ئەم ململانێ و مشتومڕانەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر سیمای ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێران و جیهان دەردەخا، خامنەیی ناچار بوو بە شێوازی هەمیشەیی خۆی لەم حاڵەتانەدا کە وەک «فصل الخطاب» قسەی کۆتایی دەکا ئەمجارەش بێتە نێو کێشەکە و بەهۆی نیگەرانی لە ئاکامی پێداگری و بەردەوامیی ئەحمەدی‌نژاد لە ملبادان و سەرپێچییەکانی لەسەر ڕێژیم و بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٩٢ و لە قسەکانی ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی خەزەڵوەردا بۆ خوێندکاران و قوتابیان ڕووی قسەکانی کردە بەرپرسانی دەسەڵاتەکانی نیزام و لە وتەیەکی توندا گوتی هەرکەس هەست و ئیحساساتی خەڵک بۆ دروستکردنی ناکۆکی بەکار بێنێ خەیانەتی کردوە.

قسەکانی خامنەیی وێڕای ئەوەی نیشانەی نیگەرانیی ناوبراو لە مانۆڕەکانی ئەحمەدی‌نژاد و کاریگەرییان لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان بوو، هەڕەشە و هۆشداری‌دان بوو بە ناوبراو کە کۆتایی بەم شێوازە بێنێ.

بەڵام هەر وەک لە هەڵسوکەوتی چەند مانگی ڕابردووی ئەحمەدی‌نژاد چاوەڕوان دەکرا وڵامی ئەحمەدی‌نژاد کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی خەزەڵوەر بڵاو بۆوە بە پێچەوانەی هەڵوێستی بەرپرسانی دوو دەزگاکەی دیکە کە دووپاتکردنەوەی ملکەچیی بێ ئەملاو ئەولابوو، جێی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە.

ئەحمەدی‌نژاد لە وڵامەکەی‌دا کە لەژێر سەردێڕی «ڕێزی دوکتور ئەحمەدی‌نژاد» بڵاوبۆوە ڕایگەیاند کە دەوڵەتەکەی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی نیزامدا وەک هەمیشە هەموو نامیهرەبانییەکان تەحەمول دەکا و لە درێژەدا سپاسی ڕێبەریی کردبوو کە سەرنجی تایبەتیی داوە بە کێشەی نێوان بەرپرسانی ئەو دوو دەزگایە و هیچ

باسی لە سێ دەزگا نەکردبوو و هەروەها پەیامەکەی خامنەیی بە سەرنجدان بە ڕاستییەکان ناوبردبوو نەک بە هۆشداریدان و هیچ ئاماژەیەکی بە ئەمر و فەرمان بوونی ئەم پەیامە نەکردبوو و بە پێچەوانەی دوو دەزگای دیکە، هیچ نیشانەیەکیش لە ملکەچی و تەسلیم بوون لە وڵامەکەیدا بەرچاو نەدەکەوت.

لێکدانەوە و بەراوردی وڵامەکەی ئەحمەدینژاد و بەرپرسانی دوو دەسەڵاتی دیکەی ڕێژیم بە قسەکانی خامنەیی نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ناکۆکییەکانی نێوان ئەحمەدینژاد و خامنەیی و دارودەستەکەی گەیشتۆتە جێگایەک کە چیتر خامنەیی بۆ ئەحمەدینژاد «فصل الخطاب» نییە و ئەحمەدینژاد باش دەزانێ دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆک کۆمارییەکەی تووشی گرفت و کێشەی جیددی دەبێتەوە و هەر بۆیە پێش بینی دەکرێ ئەوەی لە دەستی بێ بۆ پاراستنی خۆی و دارودەستەکەی بیکا بۆ ئەوەی پێگەی خامنەیی ئەوەندەی دەکرێ لاواز بکا بەڵکوو کێشە و گرفتی داهاتووی کەمتر بکاتەوە. هەر بۆیە وێدەچێ ئەم چەند مانگەی داهاتوو هەتا هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری چەند مانگێکی پڕ کێشەتر بێ و ئەم نیگەرانییانەی خامنەیی بەم هاتنە مەیدان و هەڕەشانە کۆتایی پێنەیە.

لە ژمارە ٥٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

---

## دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و داهاتووی پێوەندیی ئێران و ئامریکا

دەوڵەتی ئامریکا وەک گەورەترین زلهێزی ئەمڕۆی دنیا و لەسەرووی ئەویشەوە سەرۆک کۆماری ئامریکا، زیاترین کاریگەرییان لەسەر ڕوودا و پێشهاتە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکانی دنیا هەیە و سیاسەت و بەرنامە و ستراتێژیی ئەم دەوڵەتە کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندی و پێکهاتەی دەسەڵات و سیاسەت و تەنانەت چارەنووسی زۆر وڵاتی دیکەی دنیا هەیە.

هەر بۆیە مەسەلەی دەستاودەست بوونی دەسەڵات و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئامریکا، ئەوەندەی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە گرنگە، ئەوەندەش لای خەڵک و دەوڵەتەکانی دیکەی دنیا گرنگە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەردەوام ناوەندی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان بووە و ئامریکاش زیاترین دەوری لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوانە هەیە.

یەکێک لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ماوەی سی و چەند ساڵی ڕابردوودا زیاترین کێشەی لەگەڵ ئامریکا هەبووە و بە ئاشکرا دژایەتی و دوژمنایەتیی ئامریکای کردوە بە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی خۆی، ئێرانە.

پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەورازو نشێو و ئاڵۆزیی زۆری بەخۆوە بینیوە و بەردەوام کێشە و ململانێ هێما و تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم پێوەندییانە بووە. دوو وڵات دژایەتیی یەکتریان کردوە و بە تایبەت ئێران هەمیشە هەوڵی داوە بە زەبر لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکە و جیهاندا گوشار بخاتە سەر ئامریکا و ئامریکاش لە بەرامبەردا هەوڵیداوە لە ڕێگای جۆراوجۆر و بە تایبەت بە گوشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئێران ناچار بکا بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی خۆیدا بچێتەوە.

لە ماوەی دە پازدە ساڵی ڕابردوودا کە پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و بەرنامە نهێنییەکەی بۆ دەستراگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی ئەتۆمی بۆتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئامریکا، وڵاتانی جیهان و لە سەرووی هەمووانەوە ئامریکا بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ئێران بۆ وەلانانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کە وێدەچێ بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بێ، وێڕای گرتنەبەری شێوازی وتوویژ و دانوسان بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەم بەرنامەیە، بەردەوام هەڕەشەی هێرشی نیزامیشیان وەک یەکێک لە بەربژارەکان وەلانەناوە و نیگەرانیی هەلایسانی شەڕێکی دیکەیان لە ناوچەکە لەبەردەم دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ناوچە و جیهاندا هێشتۆتەوە.

لەم پێوەندییەدا و لە حاڵێکدا کە بە گوێرەی زانیارییەکانی ناوەندە جاسووسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نزیک بۆتەوە و لە کاتێکدا کە ئۆباما وەک سەرۆک کۆماری دێموکراتی ئامریکا لە دەوری یەکەمی سەرۆک کۆمارییی لە چوار ساڵی ڕابردوودا توانی بە پێکهێنانی

کۆدەنگییەکی بێوێنە لە نێو وڵاتانی جیهان لە دژی ئێران و سەپاندنی قورسترین سزا و گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان وێڕای چەندین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران بخاتە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و قەیراناوی، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئامریکا بوو بە چاوەڕوانییەک کە هەموو چاوەکان بڕانە ئاکام و کاریگەرییەکەی لەسەر مەسەلە جیهانییەکان و یەک لەوان کێشەی ئێران و ئەگەرە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئامریکا و ڕۆژئاوا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرپێچی و ملبادانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر کۆمەڵگای جیهانیدا.

ئێستا کە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە روون بۆتەوە و ئۆباما بۆ جاری دووهەم بۆتە سەرۆک کۆماری ئامریکا، پرسیار ئەوەیە کە ئۆباما لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا چ سیاسەتێک دەگرێتەبەر و ئایا هیچ گۆڕانێک بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بەرامبەر بە ئێراندا پێکدێ؟ داخوا ئێران و ئامریکا بە جۆرێک لەسەر کێشەکانی نێوانیان پێک دێن یان ناکۆکییەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا؟

ئەگەر سرنج بدەینە مونازەرەی ئۆباما و رامنی پێش هەڵبژاردنی ئامریکا دەبینین یەکێک لەو مەسەلانەی وەک پێوانەی هێز و لاوازیی سیاسەتی دەرەوە باسیان لێ دەرکرد هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا بەرامبەر بە ئێران بوو و ئۆباما وێڕای بەرگری لە سیاسەتەکانی لەم بوارەدا رایگەیاند کە هەتا ناوبراو سەرۆک کۆماری ئامریکا بێ ڕێگە نادا ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی. هەر دوو ڕۆژ دوای هەڵبژێرانەوەکەشی کۆمەڵێک گەمارۆی نوێی بەسەر بەشێک لە بەرپرسان و دەوڵەتی تاراندا سەپاند و کۆنگرەش خەریکی ئامادەکردنی زنجیرەیەک گەمارۆی نوێیە بۆ سەر ئێران.

ئەم هەڵوێستەی ئۆباما و ئەم سزا نوێیە لە راستیدا پەیامێک بوون بۆ ئێران و ئەو کەسانەی چاوەڕوان بوون سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر بە ئێران لە دەوری دووەمدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و نیشانی دا کە سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا و شەخسی ئۆباما بەرامبەر بە ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناگۆڕێ و لە زیاترکردنی گوشار و سزاکان بۆ سەر ئێران هەتا تەسلیم بوونی ئەم ڕێژیمە بەردەوام دەبێ.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەرچی لە ئامریکا سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستی زۆر ئاوەڵایە، بەڵام ئەوەیکە چ کەسێک و چ حیزبێک لەسەر کار بێ، هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو

سیاسەتە ستراتیژیکەی ئامریکادا پێک ناهینێ کە ئامانجەکەی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکایە.

مەسەلەی ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی و لە هەمووان هەستیارتر بۆ ئیسرائیل مەسەلەیەکە کە تەنیا یەک بەربژاری هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئێران نابێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و هەتا ئێرەش ئەگەرچی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە بەناو وتوویژەکان کاتی کڕیوە و بە درێژکردنەوەی وتوویژەکان لەگەڵ رۆژئاوا خۆی لە ئامانجەکەی نزیک کردۆتەوە، بەڵام ئێستا هەم ئێران زیاتر لە هەمیشە لەم هێڵە سوورە نزیک بۆتەوە کە دنیا بۆی داناوە و هەم رۆژئاواش دەرفەتی بەکارهێنانی زمان و شێوازی دیپلۆماتیک و خۆپاراستن لە رووبەڕووبوونەوەی نیزامیی زۆر نەماوە. هەر بۆیە بیروبۆچوونی ئۆباما هەر چییەک بێ و حیزبەکەی چۆن بیربکاتەوە، ئەوە ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ستراتیژیکی ئامریکا و ئیسرائیلە کە رێگە نادا ئێران بە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی ببێتە مەترسییەک بۆ سەر جیهان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە.

لێرەدا دەبینین تەکلیفی لایەنێکی مەسەلەکە روونە و تا ئەو کاتەی ئێران واز لە بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی نەهێنێ، رۆژئاوا و ئامریکا لە سیاسەتی بایکۆت و سزا و گەمارۆی ئەم رێژیمە بەردەوام دەبن و هەوڵ دەدەن بازنەی گەمارۆکان تەنگتر بکەنەوە و ئەگەر رۆژێک بزانن ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رادەگا لەوانەیە بەربژێری نیزامییش بگرنەبەر.

کەوابێ لە راستیدا ئەوە لایەنی دیکەی مەسەلەکە واتە ئێرانە کە بە بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆی، شێواز و سیاسەتی داهاتووی رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا بەرامبەر بە خۆیدا دیاری دەکا. ئەگەر ئێران لە سیاسەتی ئەتۆمیی خۆی و هەر وەها سیاسەتی پشتیوانی لە تیرۆریزمدا بەردەوام بێ، سیاسەتی رۆژئاوا نەک نەرمتر نابێتەوە بەڵکوو هەروەک گوترا لە رووبەڕووبوونەوەی نیزامییش نزیک دەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سیاسەتی ئێران گۆڕانی بەسەردا بێ و ملکەچی ویست و خواستی جیهانی و تەسلیمی گوشارەکانی رۆژئاوا بێ ئەوە سیاسەتی رۆژئاوا و ئامریکاش دەگۆڕێ و نەرمتر دەبێتەوە.

لەم دواییانەدا لە ئێران و لە زمانی چەند بەرپرسێکی بەرزی رێژیمەوە باس لە وتوویژ لەگەڵ ئامریکا کراوە و ئەوە بۆتە هەوێنی چەند لێکدانەوەیەک لەسەر ئەگەرەکانی دروست بونی پێوەندیی دیپلۆماتیک و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا.

سەبارەت بەم مەسەلەیە پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا کەسێک کە سەلاحییەت و دەسەلاتی بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیەی هەیە خامنەییە و پێشتریش کەسانێک، بە هەر مەبەستێک، ئەو باسەیان هێناوەتە گۆڕێ بەڵام بە ئیشارەیەکی خامنەیی لە کارەکەیان پەشیمان کردوونەتەوە. هەروەها لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەو راستییەیە کە هەتا ئەوکاتەی ئێران ئامادە نەبێ لە بەرامبەر ویست و داوای جیهانیدا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەسلیم بێ، وتووێژ و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان مانایەکی نییە، کاتیکیش ئێران هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە مل بۆ داواکانی ئامریکا راکێشێ ئەوە ئوتوماتیک وتووێژ دەست پێدەکات و بە وەبەرچاوگرتنی ماهییەت و نێوەرۆکی سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی، جارێ هیچ نیشانەیەک لەم گۆڕان و تەسلیم بوونە دیار نییە، ئەگەرچی ڕێژیمی ئاخوندی نیشانی داوە کە ئەگەر بوون و مەوجوودییەتیان بکەوێتە مەترسییەوە هەموو ئوسوولەکانیان پێشێل دەکەن و بە پێی ڕێنماییە ئایینییەکانی شیعە ئەوە شتێکی ئاساییە.

کەوابێ هەروەک گوترا بۆ وڵامی پرسیاری ئەم بابەتە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ڕێژیمی تاراندا چ ئاڵوگۆڕێک پێکدی و دەبێ ببینین کە لە چەند مانگی داهاتوودا ڕێژیم چ مانۆڕێکی سیاسی دەدا و ئەگەر بە نیازی تەسلیم بوونیش بێ لە چوارچێوەی چ بەرنامە کردەوەیەکدا دەری دەخا، بە تایبەت کە ساڵی داهاتوو ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییە لە ئێران

لە ژمارە ٥٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆڤەمبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

## ئالقەیەکی نوێ لە زنجیرەی کۆبوونەوە ئەتۆمییەکان

دوای هەشت مانگ وەستانی زنجیرە کۆبوونەوەکانی گرووپی ١+٥ و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر پەروەندی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە، ڕۆژی سێ شەممە ٨ی ڕەشەممە لە شاری ئالمائاتیی قەزاقستان، ئالقەیەکی نوێی ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە بەڕێوەچوو.

ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە کە ماوەی چەند ساڵە لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا، بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران بەڕێوەدەچن، تا ئێستا تەنیا ئاکام و خاڵی هاوبەشیان ئەوە بووە کە کۆبوونەوەیەکی دیکە، لە شوێنێکی دیکە و لە ڕێکەوتێکی دیکەدا بەڕێوە بچێ.

ئەمڕۆ کەم کەس هەیە نەزانێ ئامانجی ئێران لە بەڕێوەبردن و درێژەدانی ئەم کۆبوونەوانە کڕینی کات و وەدەستهێنانی دەرفەتی زیاترە بۆ گەیشتن بە ئاکامی پڕۆژە ئەتۆمییەکەی و، ئامانجی ڕۆژئاواش ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بێ پەنابردنە بەر شەڕ و هێرشی نیزامی، ڕێگە نەدا ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی.

کۆبوونەوەی ئالمائاتی دوای هەشت مانگ وەستانی کۆبوونەوەکان، لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بازنەی گەمارۆکانیان بۆ سەر ئێران تا ئەو ڕادەیە تەنگ کردۆتەوە کە ئابووریی ئەم وڵاتە کەوتۆتە خراپترین دۆخی خۆی لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمی ئاخوندیدا. بە گوێرەی ئامارە ڕەسمییەکان ئاکامی گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان بۆسەر ئێران لەم هەشت مانگەدا زەرەر و زیانێکی ٤٨ ملیارد دۆلاری بووە. ئەم زیانە قورسە وای کردوە بەهای دراوی ڕەسمیی ئێران بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزێ و بناغەی لەرزۆکی ئابووریی ئێران بەرەو رووخان و لێکترازان بڕوا. کاریگەریی گەمارۆکان بە ڕادەیەک بووە کە کاربەدەستانی ڕێژیم کە گەمارۆکانیان

بە پارچەکاغەزێکی بێ نرخ دەزانی ئێستا دان بە کاریگەریی قورس و قووڵی گەمارۆکان لە ئابووری و بارودۆخی ڕێژیمدا دادەنێن.

لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوەی ئالمائاتی لە ماوەیەکی کورت دوای دەسپێکی دەوری دووەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و دیاریکرانی ئەندامانی نوێی کابینەکەی بەڕێوەچوو. ئەگەرچی دیاریکرانی جان کێری بۆ وەزارەتی دەرەوە و چاک هیگێل بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئەو گومانەی لای زۆر کەس دروست کرد کە لەمەودا ئۆباما سیاسەتێکی نەرمتر و جۆرێک موماشات لەگەڵ ئێران دەگرێتەبەر، بەڵام ئەو ڕاستییەی لە پشت ئەم ڕواڵەتە هەڵخەڵەتێنەرەدا خۆی حەشارداوە ئەوەیە کە ئۆباما زۆر بە باشی هەستی بەوە کردوە کە دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ چارەسەری قەیرانی ئەتۆمیی ئێران ماوە و، ئەمریکا ناچارە یان ئێرانی ئەتۆمی قەبووڵ بکا، کە ئەوە زۆر ئاستەم دێتە بەرچاو، یان ئامادەی بەرەوڕووبوونەوەیەکی نیزامی بێ لەگەڵ ئێران. هەر بۆیە ئۆباما هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆی وەگەڕ خستوە بۆ ئەوەی لەم ماوە کەمەی لەبەردەست ڕۆژئاوادا ماوە قەیرانەکە بێ شەڕ و هێرشی نیزامی چارەسەر بکا. لە لایەک بازنەی گوشار و گەمارۆکان تەنگتر دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە چرای سەوز و دەرگای ئاوەڵا بە ئێران نیشان دەدا بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکا بەم دەرگا ئاوەڵایەدا خۆی لە گەمارۆکان ڕزگار بکا و ڕۆژئاواش لە نیگەرانییەکانی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

بەم ئاراستەیە کە لە بەرنامەی کاری گرووپی ١+٥ یشدا ڕەنگی داوەتەوە، کۆبوونەوەی ئالمائاتی بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی نیازپاکیی خۆی نیشان بدا و بە قەولێک ئیمتیازی زیاتر بدا بە ئێران، بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو داوای داخستنی تەواوی ناوەندی ئەتۆمیی فەردووی نەکرد و تەنیا داوای ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی ٢٠%ی کردوە و لە بەرامبەریشدا بەڵێنی داوە چەند بەشێک لە گەمارۆکان سووکتر بکا و جارێ گەمارۆی دیکە بەسەر ئێراندا نەسەپێنێ. بەڵام ڕۆژئاوا لە بەستە پێشنیارییەکەیدا بە هیچ شێوەیەک باسی لە لابردن یان کەمکردنەوەی گەمارۆ نەوتی و بانکییەکان نەکردوە.

هەیئەتی ئێرانی کە بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە باس کرا خوازیاری درێژەدانی کۆبوونەوەکانە، ئەم کۆبوونەوەیەی بە ئەرێنی وەسف کردوە و دوو لایەن ساغ بوونەتەوە کۆبوونەوەکان درێژەیان هەبێ و بڕیارە ٢٨ی ڕەشەممە کۆبوونەوەیەک لە ئاستی کارناساندا لە ئیستانبولی تورکیە بەڕێوە بچێ و دواتر لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی خاکەلێوەدا دوو لایەنی سەرەکیی دانوستانەکان بۆ جارێکی دیکە لە ئالمائاتی کۆببنەوە.

سەرچاوە Serchawe

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی دوو لایەن کۆبوونەوەکە بە ئەرێنی وەسف دەکەن، بەڵام لەم کۆبوونەوەیەشدا تەنیا شتێک کە هەر دوولا لەسەری رێک کەوتوون ئەوەیە کە کۆبوونەوەکان درێژەیان هەبێ. ئەم کۆبوونەوەیە بە جۆرێک وەبیرهێنەرەوەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی ئیستانبول، بەغدا و مۆسکۆن کە دوای ١٦ مانگ وەستانی زنجیرە کۆبوونەوەکان بەڕێوەچوون و دوو لایەن هەر بەو دەستەواژانەی ئێستا کۆبوونەوەکانیان بە ئەرێنی وەسف کرد، بەڵام لە مۆسکۆ کۆتاییان پێهات.

ئێستاش بە وەبەرچاو گرتنی ئەوەی چەند رۆژ لەمەوبەر جارێکی دیکە خامنەیی داوای وتوویژی راستەوخۆی ئەمریکای رەت کردەوە، وێ ناچێ ئەم کۆبوونەوانەش لە کۆبوونەوەکانی پێش ئەم هەشت مانگە ئاکامێکی زیاتریان هەبێ و تەنیا درێژ بوونەوەی کۆبوونەوەکان و کڕینی دەرفەتە بۆ ئێران. بە تایبەت کە ئێران بە وەبەرچاوگرتنی ئاستی ئامادەیی ئێستای رۆژئاوا بۆ شەڕێکی دیکە، تا ئێستاش پێی‌وایە دەرفەتی مانۆڕی بە دەستەوەیە و هەوڵ دەدا یاری بە کارتەکانی بکا.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا ئۆباما بە هەست کردن بە کەمبوونەوەی دەرفەتەکان و نیگەرانی لەوەی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەودا ئێران ببێ بە هێزی ئەتۆمی، بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدا ئێران ناچار بە تەسلیم و تەمکین بکا و، دەزانێ ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ دەبێ ئامادەی رووبەڕووبوونەوەی نیزامی بێ لەگەڵ ئێران.

ئێستا دەبێ چاوەڕوانی کۆبوونەوەکانی داهاتوو بین و بزانین ئێران کام رێگە دەخاتە بەردەم رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا.

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٣

# دووره دیمەنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران لە ساڵی تازەدا

کێشە ئەتۆمییەکەی ئێرانو ڕۆژئاوا ساڵێکی دیکەی تێپەڕ کردو ئەم کێشەیە لە حاڵێکدا پێدەنێتە ساڵی ۱۳۹۲وە کە هەر لە سەرەتاوە دیارە ساڵێکی پڕ لە کێشەو ڕووداوی سیاسی چاوەڕوانی ڕێژیم دەکا.

کۆماری ئیسلامیو وڵاتی ئێران لە حاڵێکدا ساڵی تازە دەست پێدەکەن کە کێشەو ململانێ ئەتۆمییەکەی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاواو، گەمارۆ سیاسیو ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر ئەم وڵاتە، بۆتە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران لە هەر کاتێکی دیکە وێرانتر بێو نرخی دراوی ئێران هەتا نزمترین ئاستی خۆی لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمدا دابەزێو ژیانو گوزەرانی خەڵکی ئێران بکەوێتە قۆناغێکی زۆر سەختو دژوارەوە.

ئەم گەمارۆ سیاسیو ئابوورییانەی ژیانی خەڵکی ئێرانیان گەیاندۆتە ئەم دۆخەی ئێستا، بەشێک لە بەرنامەو پلانی ڕۆژئاواو لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا، لە چەند ساڵی رابردوودا بووە کە بۆ وەلانانی بەرنامە ئەتۆمییە گومانـاوییەکەی خستوویانەتە سەر ڕێژیمی تاران. ڕۆژئاوا لە هەموو ساڵانی کێشەو ململانێ لەگەڵ ئێراندا هەوڵیداوە بە هەموو ئامرازو شێوازەکان گوشار بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی لانیکەم ئەو بەشە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی وەلا بنێ کە دەبێتە هۆی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمیو، لەم پێوەندییەدا چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو گەمارۆ سیاسیو ئابوورییەکانی ئورووپاو ئەمریکا بۆ سەر ڕێژیمو مەسئوولو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەشێک بوون لە هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بێپەنابردن بۆ شەڕو هێرشی نیزامی، ئەم قەیرانە چارەسەر بکەن.

بەڵام ئێستا دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دەسپێکی ئەم قەیرانەو لە سەرەتای ساڵی ۱۳۹۲دا ئەوەی وەک ئاکامی ئەم چەند ساڵ مشتومڕو ململانێیە ماوەتەوە، ئەوەیە کە ئێران بێگوێدان بە هیچکام لەم هەوڵو گوشارانەی ڕۆژئاوا بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی بردۆتە پێشو ڕۆژئاواش سەرەڕای هەموو هەوڵەکان دەرفەتێکی زۆری لەدەستداوەو خەڵکی ئێرانیش باجی هەموو ئەم کێشەو ململانێیەیان داوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی ئاژانسو ناوەندە پێوەندیدارەکان بڵاویان کردوونەوە، ئێران لە ساڵی رابردوودا پێنج

هەزار سانتریفیوژی لە دامودەزگا ئەتۆمییەکانی زیاد کردووەو لەم دواییانەشدا لە هەوڵی ئەوەدایە نەسلێکی نوێ‌و پێشکەوتووتر لە سانتریفیوژەکان بخاتە خزمەت بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە کە خێرایی پیتاندنی ئۆرامیان چەند بەرابەری ئەوانی پێشوویە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێران دژوارترین قۆناغی پیتاندنی ئۆرانیۆم واتە گەیاندنی بە خەستایی ٢٠%ی بڕیوەو پێشبینی دەکرێ ئەگەر هەر بەو ئیمکاناتەی ئێستا درێژە بدا هەتا ساڵێکی دیکە واتە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی رادەی پێویستی ئۆرانیۆمی ٩٠%ی پلۆتۆنیۆم وەدەست بێنێ کە بۆ چەکی ئەتۆمی پێویستەو، ئەگەر بەم قۆناغە بگا ئیدی نە ئەمریکاو نە هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێ رێگە لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بگرێ. لەم نێوەدا ئەگەر ئێران دامەزراوەو ئیمکاناتی ئەتۆمیی خۆی پەرە پێبداو ژمارەی سانتریفیوژەکانی زیاتر بکا، زووتر لە کاتی پێشبینیکراو دەبێتە خاوەنی ئەم تواناو ئیمکانە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی سێ کارناسی ڕۆژئاوایی بە ناوەکانی دەیوید ئالبرایتو مارک دۆبوویتزو ئۆردە کیتری لە وتارێکی هاوبەشدا لە ڕۆژنامەی وال ستریت ژورناڵدا بڵاویان کردۆتەوە، ئەگەر ڕۆژئاوا نەتوانێ رێگە لە زیاترکردنی ژمارەی سانتریفیوژەکانی ئێران بگرێ‌و ئێران رێژەی ئۆرانیۆمە ٢٠%ییەکەی بگەیەنێتە ئاستی پێویست، ئەم وڵاتە دەتوانێ لە ماوەیەکی یەک تا دوو حەوتوویی‌دا قۆناغی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ٢٠%ەوە بۆ ٩٠% ببڕێ‌و بگاتە قۆناغێک کە لە راستیدا هێڵی سوورو قۆناغی هەستیاری پرۆژەی ئەتۆمیی ئێرانە. هەربۆیە ئەگەرچی لە کۆبوونەوەی پێشووی ئێرانو وڵاتانی رۆژئاوایی لە ئاڵمائاتیی قەزاقستان، رۆژئاوا داوای راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٢٠%یی کرد بۆ ئەوەی ئۆرانیۆمی ٢٠%یی ئێران نەگاتە رێژەی پێویست بۆ بۆمبی ئەتۆمی‌و، بۆ سەپاندنی ئەم داوایە تەنانەت وازی لە داخوازی داخستنی پارچینیش هێنا، بەڵام بە قسەی ئەم کارناسانە بردنەسەری خێرای ژمارەی سانتریفیوژەکان ئەم بەربەستە لەبەردەم ئێران ناهێڵێ‌و بە کردەوە ئەم داوایەی رۆژئاواش گرنگی‌یەکی ئەوتۆی نامێنێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، ڕۆژئاوا ئەگەرچی هەروا پێ لەسەر زیاترکردنی گەمارۆو فشارە سیاسی‌و دیپلۆماتی‌یەکان بۆسەر ئێران دادەگرێتەوە، بەڵام باش دەزانێ کە گەمارۆکان لە گێڕانەوەی ئێران لە ڕێگە مەترسیدارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوونەو، ئۆباما کە بەڵێنی داوە تەنانەت ئەگەر بە ڕێگەی نیزامییش بێ، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدا ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، دەرفەتەکە زۆر کەم دەبینێ‌و نیگەرانی ئەوەیە ناچار بێ بەڵێنەکەی لە بەکارهێنانی هێزی نیزامی‌دا بباتەسەرو پەنا بەرێتە بەر شەڕێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هەربۆیە ساڵی ١٣٩٢ بۆ ئێرانو پەروەندەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە ساڵێكی گرنگو هەستیارەو ڕۆژئاوا كە ئامادە نیە بە هیچ شێوەیەك ئێرانێكی ئەتۆمی قەبووڵ بكا، تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەستە، یان دەبێ بە زیاتركردنی گوشارەكانو پەرەپێدانی گەمارۆكان، ئێران ناچار بكا واز لە بەرنامە ئەتۆمیەكەی بێنێو تەسلیمی گوشارەكانی ڕۆژئاوا بێ، یان ئامادەی هێرشی نیزامی بۆ سەر بنكەو دامەزراوە ئەتۆمیەكانی ئێران بێ.

سەبارەت بە دوو ڕێگەی بەردەم ڕۆژئاواو ئەگەری سەركەوتن یان شكستی هەركام لەم ڕێگایانە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە گوتراو بە ئاوڕدانەوە لە رابردووی هەڵسوكەوتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمیەكەیو سیاسەتەكانی ئەم ڕێژیمە لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا، بۆمان دەردەكەوێ كە تەنانەت ئەگەریش ڕۆژئاوا بڕیار بدا چی دیكە ڕێگە بە ئێران نەدا بە درێژ كردنەوەی كۆبوونەوەكان، كاتی زیاتر وەدەست بێنێو لە ئاكامی بەرنامە ئەتۆمیەكەی نزیكتر بێتەوەو، لە ژێر گوشارەكاندا ئێران ناچار بە تەسلیمو ملراكێشانو بە ڕاوەستان راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٢٠%ی بكا، دیسانیش ناكرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین ڕۆژئاوا بە ئامانجەكانی گەیشتووە مەترسیی گەیشتنی ڕێژیمی تاران بە چەكی ئەتۆمی نەماوە. چونكە ئێران نیشانی داوە كە ڕێژیمێكی باوەڕپێكراو نیەو نابێ متمانەی پێبكرێو تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەتیش واز لە بەرنامە ئەتۆمیەكەی بێنێ، بە تایبەت كە ئێستا تەكنۆلۆژیی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە وەدەستهێناوەو ژمارەیەكی بەرچاوی كارناسو شارەزا لەم بوارەدا پەروەردە كردوە، هەركات بۆی بڕەخسێ پرۆژە سەرەكیەكەی كە گەیشتن بە چەكی ئەتۆمیە بە ئەنجام دەگەیەنێ.

هەر بۆیە ئەگەر ڕۆژئاوا ئەم راستیە وەبەرچاوبگرێ، بە تایبەت كە ئیسرائیل زۆر بە توندی لەسەر ئەم باوەڕەیەو هەرگیز متمانەی تەواوی بە ئاكامی وتوویژو دیالۆگو ڕێگەچارەی سیاسی لەگەڵ ئێران نەبووە، بە كردەوە ئەم ڕێگەیەش خۆی لە ڕێگەی دووەمدا دەبینێتەوە. كەوابێ بە پێی هەموو نیشانەو لێكدانەوەكان ساڵی تازە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمیەكەی ئێراندا ساڵێكی هەستیارو گرنگەو دەبێ چاوەڕوانی قۆناغێكی گەرمو پڕكێشەتر بۆ ئێران بین ، بە تایبەت كە ساڵی تازە ساڵی هەڵبژاردنی سەركۆماریشەو ململانەكانی نێودەسەڵاتیش هەتا دێ تۆختر دەبنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

## لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا.

### قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

### «تێکۆشان بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیە، جێگای پشتیوانیی حیزبی ئێمەیە»

ئامـاژە: لـە نـەورۆزی ئەمسـاڵدا هەیئـەتیکی ڕێبـەریی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە سەپەرسـتیی قـادر وریـا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە، لە متینگی نـەورۆز لـە شـاری ئامەددا بەشدار بـوو. لـەم بۆنەیـەدا پـەیامی ئاشتیی عەبدوڵڵا ئوجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوو بە هەر دوو نەتەوەی کوردو تورک کـە لـە زینـدانی ئیمرالیـیەوە نـاردبووی، پێشکەش بـە زیـاتر لـە یـەکونیو میلیۆنکـەس خـەڵکی ئامـادە بـوو لـەو متینگـەدا کـرا. بـۆ تیشکخستنەسـەر ئالوگۆڕەکـانی ئـەم دوایانـەی تورکیـە لـە پێوەندیـدی دەگـەڵ پرسـی کـورددا، «کوردستان»ئەم وتووێژەی لە گەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی هەیئـەتی حیزبـی دیمـوکرات بۆ بەشداری لە متینگی «ئامەد»دا پێک هێناوە:

***«کوردستان»**: سەرەتا پێمان خۆشە لە پێوەندی لە گەڵ سەردانەکەتاندا کورتەیەکمان بۆ باس بکەن.*

***قادر وریا**:* سەردانی هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە متینگی نەورۆزیی ئامەددا (کە لە هاوڕێیان حەسەن قادرزادەو برایم زێوەییو من پێکهاتبوو) لـە سـەر بانگهێشتنی هـەر دوو هاوسـەرۆکی پـارتی ئاشـتیو دێموکراسـی ( ب.د.پ) بـەڕێزان گوڵتـەن کشـاناکو سـەلاحەدین دەمیرتـاش، بـۆ بەشـداری لـە ڕێورەسـمی مێژوویی نەورۆزی ئەمساڵدا، بوو.

دیارە بەشداریی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم متینگەدا، بایەخدان بـوو بـە پیوەنـدیی ئەم حیزبەو پارتی ئاشتیو دێموکراسیو هەروەها گرنگیدان بوو بە هاوپیوەندیی خەباتی ڕەوای کورد لە هـەر دوو بەشی ڕۆژهـەڵاتو بـاکووری کوردسـتان. بـە تایبـەتی بـە ئاگـاداری لـەو ڕاستیـیە کە متینگی ئەمسـالی نـەورۆز لـە

ئامەد، گرنگییەکی تایبەتیی هەبوو، چونکە مانای پشتیوانیکردنی خەلکی باکووری کوردستانو هیزو لایەنو کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان لە پرۆسەیەکی دیالۆگو ئاشتی بوو کە ماوەیەکە لە نیوان دەولەتی تورکیەو نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لەو ولاتە، لە گۆڕێدایە. ئێمە هەڵگری پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو متینگەو بە تایبەتی بۆ سەرۆکایەتیی پارتی ئاشتیو دیموکراسیو هەروەها بۆ سەرۆکایەتیی کۆما جڤاتێن دیموکراتیکو سەرۆکایەتیی شارەداریی ئامەد بووین. جگە لە بەشداریی لە متینگەکەدا، دیدارو دانیشتنی تایبەتیشمان لە گەڵ هەر سێ لایەنی ناوبراو هەبوو. لەم دیدارانەدا ڕوانینی حیزبی خۆمان بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیەو پشتیوانیی خۆمان لەو ڕەوتە، ڕاگەیاند.

***«کوردستان»: ئەم میتینگەو هاوشێوەی ئەم کۆبوونەوە بەرینانە تا ئێستا چ دەسکەوتێکیان بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکوور هەبووە؟***

*قادر وریا:* ئەم متینگە کە بە پێی زۆربەی قەبلاندنو بەراوردەکان، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس تێیدا بەشدار بوون، هەروەها متینگەکانی هاوشێوە کە هەر بە بۆنەی نەورۆز لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستانو لە ئیستانبووڵ بەڕێوە چوون، بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان، دەسکەوتی جۆراوجۆریان هەبووە. دیارە پێشتریش بۆ وێنە لە کاتی پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکوردەکان لە زیندانەکانی تورکیە، یان لە کاتی بە خاکسپاردنی قوربانیانی تاوانەکەی «ڕۆبۆسکی»، چەندین کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەسیو سەدان هەزارکەسیی خەلک هەر بە بانگەوازی پارتی ئاشتیو دیموکراسیو نوێنەرانی خەلکی باکووری کوردستان لە پارلمانی تورکیە، پێک هاتبوون.

دەتوانم بلێم یەک لە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە متینگانە ئەوەیە کە گەلی کورد، بەم جۆرە بەدنیای دەسەلمێنێ کە داواکاری مافی ڕەوای خۆیەتیو ئەگەر ڕێگای پێبدرێ ئامادەیە داواکانی خۆی بە شێوەیەکی هێمنانەو ئاشتیخوازانە بخاتە ڕوو.

دووهەم دەسکەوت ئەوەیە بە دەوڵەتی تورکیەو نەتەوەی تورکو هەموو دنیای نیشان دەدا، ئەو ویستو داوایانەی پارلمانتێرەکانیان لە پارلمان، یان بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان لە زیندانو پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیاکان، دەیانهێننە گۆڕێ، لە لایەن ئەو خەڵکەوە پشتیوانییان لێدەکرێ.

جگە لەمانە، متینگە ملیۆنییەکەی ئەمساڵی ئامەد، پشتگیری لە پەیامێک بوو کە بەڕێز ئوجەلان لە رۆژی نەورۆزداو هەر لە ڕێگای ئەم ڕێورەسمەوە بە گوێی دەوڵەتی تورکیەو هەر دوو نەتەوەی کوردو تورکیەی گەیاند. پەیامێک کە دەڵێ با شەڕو یەکترکوشتن بەس بێ، با کوردو تورکو نەتەوەکانی دیکە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵ بدەنەوەو لە پەنای ئاشتیو ئازادیدا بژین.

***«کوردستان»: لەو متینگەدا پەیامی بەڕێز ئۆجەلان لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو راگرتنی ئۆپێراسیۆنەکانی پەکەکە ڕاگەیەندرا. خوێندنەوەی ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نێوەرۆکی پەیامەکەی ناوبراو چۆنە؟***

*قادر وریا:* حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشتریش بیروڕای خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بە ڕێگای ئاشتیدا ڕاگەیاندوە. ئێمە زۆر جار، ئەو کرانەوەو ئەو گوتارە نوێیە کە پارتی دەسەلاتداری تورکیە، پارتی دادپەروەریو پەرەپیدان (AKP) لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورددا، گرتوویەتە بەر، بە ئەرێنی لێمان ڕوانیوە. ئەوەندەش کە دەنگمان بە نوێنەرانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە گەیشتوە، هاندەری چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە بە ڕیگای ئاشتیخوازانەدا بووینو گوتوومانە کە بە شەڕو بۆمبارانو سەرکوت، پرسی کورد لەو وڵاتە کۆتایی پێنایەو ڕیگای دروست هەر ئەوەیە کە دان بە مافی کورددا بنرێو لە ڕیگای دیالۆگو ڕێککەوتن، قۆناغێکی نوێ لە هاوژیانیی ئەم دوو نەتەوەیە لەو وڵاتە دەست پێبکا.

پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلانیش لەو ڕاستایەدا بوو. دیارە هەڵەیە ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە پەیامەکەی ئوجەلان تەنیا ڕووی لە کوردو ڕووی لە پارتی کریکارانی کوردستانە. ئەو بێدەنگکردنی چەکەکانو ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی لە هەردوو لا (هەم پێ کا کاو هەم دەوڵەتی تورکیە) دەوێ. خۆ ناکرێ گریلاکان لە باکووری کوردستان پاشەکشە بکەنو ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان ڕابگرن، بەڵام هێرشی زەمینیو هەوایی سوپای تورکیە بۆ سەر ئەوان هەر بەردەوام بێو ئاشتییش بێتە دی.

من نامەوێ بکەومە سەر هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بابەتانەی لە پەیامەکەدا هاتبوون. چونکە زۆر شتیان تیدا هاتبوو کە لەوانەیە هێندێکیان باسی زۆر هەڵبگرن. ئەوەی لە پەیامەکەی ئوجەلاندا بەلای حیزبی ئێمەو هەر لایەنێکی سیاسیی خوازیاری چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی ڕەوای کورد گرنگەو جێگای پشتیوانییە، پێداگری لە

سەر پێویستیی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیەیە کە پێویستە لە جیاتی ئینکارو چەکو شەڕو تواندنەوە، دیالۆگو لێکتێگەیشتنو ڕێزگرتن لە یەکترو لاچوونی هەلاواردنو ستەم لە دژی کورد، جێگای بگرێتەوە.

***«کوردستان»: هێندێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە تورکیە لە بردنە سەری وادەو بەڵێنەکانی خۆیدا سادق نیە، ئێوە لەم پێوەندییەدا ڕاتان چیە؟***

***قادر وریا:*** تورکیە دەیهەوێ لە ئاستی ناوچەدا وەکوو زلهێزێکی سیاسیو ئابووری، ڕۆڵ بگێڕێ، وەپێش ڕقەبەرەکانی بکەوێو لە ناوچەیەک دا کە بەرەوڕووی گۆڕانی سیاسیی گەورە بۆتەوە، قسەی یەکەم بکا. ئەمە هەر بە دروشمدانو هێندێک مانۆڕی تاکتیکی، نایەتە دی. هێنانەدیی ئەم ئامانجە لەلایەکەوە پێویستی بەوە هەیە حیزبێک کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕۆڵی لە پێشخستنی سیاسیی نێوخۆییو ناوچەیی تورکیەدا هەبووە، جێ پێی خۆی لە دەسەڵاتدا پتەو بکاو بۆ داهاتووش، شانسی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەستەبەر بکا. لە لایەکی دیکە، پێویستە ئەو وڵاتە یەکێک لە کۆنترینو پڕتێچووترین کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا، کە ئەویش پرسی کوردە کە لە باری ئەمنییەتی، سیاسیو ئابوورییەوە، ئەم وڵاتەی بە خۆوە خەریک کردووەو ئیعتیباری ئەو وڵاتەی لە ڕادەی جیهانیدا هێناوەتە ژێر پرسیار.

پاشان لە سەردەمی ئێستادا، هێزێک یان زلهێزێک تەنیا بە هێزی سوپایی یان ئابووری، ناتوانێ لە گەڵ ڕقەبەرەکانی ململانێ بکاو گرەوی سەرکەوتن بەرێتەوە، بەڵکوو پێویستە نیازو ویستی ئەم سەردەمەی نەتەوەکانی ناوچەش ببینێو ڕێزیان بۆ دابنێو پشتی ئەو گۆڕانانە بگرێ کە لە خزمەت ئازادیی نەتەوەکاندان. تورکیە، ناتوانێ تەئییدی ڕاپەڕینی خەڵک لە سووریە لە دژی دیکتاتۆری بکاو پشتیوانیی لێبکا، یان دژی چەوساندنەوەو سەرکوتی خەڵکی فەلەستین لە لایەن ئیسرائیلەوە بێ، لەولاشەوە بۆ خۆی، دان بە سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەیەکی ۱۵ - ۲۰ میلیۆنی لە نێوخۆی تورکیەدا نەنێو لەسەر بە داواکردنی مافەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوتیان بکا. چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە، هەم پێگەی ئۆردوغانو حیزبەکەی لە نێو کورددا بە هێز دەکاو لە ململانێ سیاسییەکانی داهاتوودا، دەتوانن وەکوو هاوپەیمانو پشتیوان لە سەر کورد حیساب بکەن. لە ئاستی ناوچەشدا، دەوڵەتی تورکیە، دەتوانێ بە هێزتر لە ئێستاو بە ئیعتیبارێکی زۆر زیاترەوە، مەیدانداری بکا. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی تورکیە، ئەم دەرفەتە نەقۆزێتەوەو هەنگاوی گونجاو لە گەڵ

بانگەوازی ئاشتیخوازانەی ئۆجەلانو پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی ئاشتیو دیموکراسی هەڵنەگرێ، وەک ڕابردوو هەم لە گەڵ شەڕو بەرگریی چەکدارانەی پ.ک.کا بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەم ئەو خەباتە جەماوەریو مەدەنیيە بەرینو بە هێزەی لە باکووری کوردستان هەیە، وەک ئەم چەند ساڵەی دوایی، لە پارلمانو لە شەقامو تەنانەت لە ئانکاراو لە ئیستانبووڵ، بەربینگی پێدەگرێ.

***«کوردستان»: پێتان وایە چ شتێک دەتوانێ زامنی ئاشتەوایی نێوان کوردو تورک لە تورکیە بێو دورە دیمەنی دۆزی کورد لەم بەشە لە کوردستان (باکوور) چۆن دەبینن؟***

***قادر وریا:*** بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەو ئاگربەسەی ئێستا بە دەستپێشخەریی کورد هاتۆتە کایەوە، بکرێتە دوولایەنەو قانوونی. مەبەستم ئەوەیە دەوڵەتی تورکیەش ناچار بکرێ کە پابەندی ئاگربەس بێ. هەرلەو کاتەشدا پارڵمان کە دامەزراوەیەکی قانوونیيەو نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەلکی باکووری کوردستانیش لە وێن، بێتە نێو مەسەلەکەو پشتی ئەو هەوڵانە بگرێ کە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە گۆڕێدان. شانبەشانی ئەم کارانە، دەبێ ئەو سیاسەتو بڕیارو کردەوانەی بەرهەمی سەردەمی شەڕو زاڵبوونی گوتاری سەرکوتکەرانەن، جێگای خۆیان بدەن بە سیاسەتو بڕیارو هەنگاوی نوێ کە نیشان بدەن ئیرادەیەکی جیددی بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ، بەدی دەکرێ. بۆ وێنە دەبێ کار بکرێ بۆ گۆڕینی دەستوور (قانوونی ئەساسی)ی وڵاتو ئەو کۆتو بەندو هەڵاواردنانەی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە لە مافی یەکسان لە گەڵ نەتەوەی تورک بێبەش دەکەن، وەلا بنرێن.

یەکگرتوویی کورد لەو وڵاتەو بەردەوامیی بزووتنەوە جەماوەریو مەدەنیيەکەیو هەر لەو کاتەدا هەوڵدانی شێلگیرانەی بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتەو بیروڕای گشتیی جهیانی لە پرۆسەی ئاشتی، بۆ چەسپاندنی ئەو هەنگاوانەی نراونو بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، دەتوانن هومێد بە ئاشتیو چارەسەری دادپەروەرانە، بە هێزتر بکەن.

لە ژمارە ٦٠٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

## ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنو بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە ئێراندا

ڕۆژی ٣ی مای وەک ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن ناودێرکراوە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا لە سەرانسەری جیهان ڕێز لە ڕۆژنامەنووسانو راگەیەنکاران بگیرێو یادی ئەو ماندووبوونو مەترسییانە بکرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسانی بەرپرس لە بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆیاندا تووشیان دەبنو زۆر جار تەنانەت گیانی خۆیانی تێدا بەخت دەکەن.

لە دنیای ئەمڕۆداو لە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی جیهاندا ڕۆژی ئازادیی راگەیاندن بۆتە ڕۆژێک بۆ ئاوڕدانەوە لەو کێشەو گیروگرفتو مەترسییانەی لە زۆر شوێنی جیهانو بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەتوو و جیهانی سێهەمیدا بەربینگی ڕۆژنامەنووسان دەگرێو زۆرجار مەترسی بۆسەر کارو پیشەو گیانیان دروست دەکاو ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ هەڕەشەو سانسۆرو گیرانو تەنات ئەشکەنجەو مەرگ بەرەوڕوو دەکاتەوە.

راگەیاندن وەکوو دەسەڵاتی چوارەم لە سیستمێکی دیموکراتیکدا لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی هەیەو هەر بەم پێیە گونجاوترین شوێن بۆ گەشەی ڕاگەیاندن، ئەو وڵاتانەن کە سیستمێکی دێموکراتیکیان تێدا بەرقەرارە. بەڵام ئەو وڵاتانەی دێموکراسی تێیاندا لاوازە یان هەر نیە، ڕاگەیاندنیش وەک هەموو بەشەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هاونیشتمانانو کۆمەڵگای مەدەنی لە بەردەم مەترسیی هێرشی ئەو هێزە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرانەدان کە گەیاندنی زانیاریو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو وشیاریی خەڵک بە زیانی دەسەڵاتو بەرژەوەندیی خۆیان دەزانن.

لە وڵاتی ئێران لەو کاتەوە کە ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەک لە خزمەت دەسەڵاتی قاجارەکان بۆ یەکەمجار دەستی بەکارکرد، هەتا ئێستا کە ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان یەک بە دوای یەکدا دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە گرتوە، هەوڵیان داوە ڕێگە بە ڕاگەیاندنی ئازاد نەدەنو هەرکات ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ویستوویەتی ئەرکی پیشەیی خۆی بەجێبگەیەنێ لەگەڵ توندوتیژیو ڕقی دەسەڵاتداران بەرەوڕوو بۆتەوە.

لە ماوەی نزیک بە سەدساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندن لە ئێران لە نێوان ئازادیو دەسەڵاتدا هەورازو نشێوی زۆری

بەخۆوە بینیوەو زۆرجار ڕۆژنامەنووسانی ئازاو لێهاتوو ئەرکی خۆیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگادا بەجێگەیاندوە. ئەگەرچی ئەمکارە تێچووی خۆی هەبووەو جگە لە سانسۆرو هەڕەشە، زۆر جار گیران و ئەشکەنجەو تەنانەت مەرگیشی بۆ ئەم ڕۆژنامەنووسانە بەدواوە بووە.

لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی ئاخوندیدا ئەم ڕەوتی سەرکوتو دژایەتی‌یە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ زۆر چڕترو ڕێکخراوترەو بە پێی بەرنامەو میکانیزمێکی دیاریکراو لە لایەن دامودەزگا ئەمنیەتی‌و ئیتلاعاتی‌یەکانی ڕژێمەوە بەڕێوەدەچێو ڕژێم بە داخستنی هەموو کاناڵو ڕێگەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد لە نێوخۆی وڵات، هەوڵی داوە ڕاگەیاندنێکی دەستەمۆ لە خزمەت بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیدا بەرهەمبێنێو بە بوودجەو تێچوویەکی زۆرەوە دەیان کاناڵی تەلەڤیزیۆنی‌و ڕادیۆیی‌و گۆڤارو ڕۆژنامەی خستۆتەگەڕ کە کار لەسەر بیرو مێشکی خەڵک بکەنو بە موهەندیسی‌کردنی هەواڵو زانیاری‌یەکانو سانسۆرو داخستنی هەر ڕاگەیەنێکی سەربەخۆ، سەرەکی‌ترین هێمای ئازادیی ڕادەبڕین لە نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ بکاو لەم پێناوەدا زۆر بێ بەزەیی‌یانە بەرەوڕووی ئەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانە بۆتەوە کە هەوڵیانداوە ئەرکی پیشەیی خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە بەرن.

لەم بارودۆخەدا، ئەمساڵ لە حاڵێکدا ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندنمان تێپەڕاند کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئاخوندیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان لە زینداندانو دەیان ڕۆژنامەو سایتو وێبلاگ داخراونو سەدان ڕۆژنامەنووس بە ناچاری وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووەو ئاوارەی هەندەران بوونە. ئێران بۆتە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکان بۆ ڕۆژنامەنووسانو کەمترین ئەمنیەتی گیانی‌و پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو جیابیر لەئارادا نیە. لە هەر بۆنەیەکداو بە هەر بیانوویەک دامودەزگا ئەمنیەتی‌یەکان هەڵدەکوتنە سەر ڕۆژنامەنووسانو بە هەڕەشەو گرتنو زیندانی‌کردن مەیدانیان پێ بەرتەسکتر دەکەنەوەو کەشوهەوای پۆلیسی‌و ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر وڵاتو ڕاگەیەنکاراندا توندتر دەکەن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئامارو زانیاری‌یەکانی ناوەندە جیهانی‌یە پێوەندیدارەکان بە ئازادیی ڕاگەیاندن، وەک ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوورو فێدڕاسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسانو ... نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یە بوونە کە ئێران لە نێو وڵاتانی پێشێلکاری مافو ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیانو دوژمنانی ئازادیی ڕاگەیاندندا لە ڕیزی پێشەوەدا بووەو هەر بەو پێیە لەباری ئازادیی ڕاگەیاندن لە نێو وڵاتانی جیهاندا لە کۆتایی لیستەکەدایە.

ئەمساڵ لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندندا فیدراسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان چوار وڵاتی ئێران، چین، توکیەو ئێریترەی وەک ئەو وڵاتانە ناساندوە کە زۆرترین ڕۆژنامەنووسی زیندانی‌یان هەیە.

ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ‌سنوور بە بڵاوکردنەوەی لیستێک لە ڕێبەرانو کاربەدەستانی وڵاتانو کەسایەتی‌یە ئایینی‌و نیزامی‌و کاریگەرەکان، ٣٩ کەسی وەک مەترسیدارترین دوژمنانی ڕۆژنامەنووسان ناساندوە کە عەلی خامنەیی‌و مەحموود ئەحمەدی‌نەژادی وەک دوژمنانی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران ناوبردوە کە بە داخستنو سانسۆری ڕاگەیەنەکانو گرتنو ئەشکەنجەو تەنانەت کوشتنی ڕۆژنامەنووسان بوونەتە یەکێک لە مەترسیدارترین دوژمنانی ڕاگەیاندنی ئازاد.

ڕێکخراوی «فریدم هاوس» (ماڵی ئازادی)یش کە ڕێکخراوێکی پشتیوانو لایەنگری ئازادی‌یە لە جیهانداو ناوەندەکەی لە ئەمریکایە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان کە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بانەمەڕ بڵاوی کردۆتەوە، ڕایگەیاندوە کە لە نێو ١٩٧ وڵاتی جیهاندا ئێرانو کووبا بە هاوبەشی پلەی 191یان لە باری ئازادیی ڕاگەیاندن وەدەست هێناوە.

ئەم ئامارو زانیاری‌یانە ئەوە نیشان دەدەن کە لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانو ڕاگەیەنە سەربەخۆکان ساڵ بە ساڵ خراپتر بووەو ژمارەی ڕۆژنامەنووسو ڕاگەیەنی سەربەخۆ کەمتر بووەو ڕێژیم بەکردەوە ئیزنی مانەوەو کاری بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ نەداوەو هەموویانی وەلا ناوەو لەباری پێشێلکاریی مافو ئازادی‌یەکانی هاونیشتمانانو ڕۆژنامەنووسانەوە نمرەی ئەوساڵی لە هەموو ساڵەکانی پێشوو زیاترە.

لە ژمارە ٦٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

## ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران پەرەی سەندوە

ئەگەرچی لە چەند مانگی ڕابردوودا مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، ڕای گشتیو سەرنجی ڕاگەیەنە گشتییەکانی نێوخۆو دەرەوەی ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوەو ئێستا بە نزیکبوونەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان ئەم بازاڕە گەرمتریش بووەو، ئەوە کە کێ دەبێتە سەرکۆماری داهاتووی ئێران بەشێکی بەرچاو لە خەڵکو ڕاگەیەنە ئێرانیو بیانییەکانو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بە خۆیەوە خەریک کردوە، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاواییو ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران غافڵ نەبوونەو بەردەوام چاودێریی کارو بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیان کردوە، بۆ ئەوەی ڕێژیمی تاران لە کاتێکدا کە ڕای گشتیو ڕاگەیەنەکان بە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانەوە سەرقاڵن، نەتوانێ بە بێدەنگیو بە خەیاڵی ئاسوودە پرۆژە ئەتۆمییەکەی پەرە پێبدا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی جۆزەردان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕاپۆرتی سێ مانگەی خۆی لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بڵاوکردەوەو ئاشکرای کرد کە ئێران سەرەڕای گوشارە نێونەتەوەییەکانو بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەرنامە ئەتۆمییەکەی پەرە پێداوەو ٧٠٠ سانتریفیووژی «IR-2M»ی لە ناوەندی ئەتۆمیی نەتەنز دامەزراندوە. سانتریفیووژی «IR-2M» مۆدێلی نوێی سانتریفیووژە کە بە نەسلی دووەمی سانتریفیووژەکان ناسراوەو بەرهەمیان ٣ هێندەی سانتریفیووژی مۆدێلی «IR-1»ە کە بە نەسلی یەکەمی سانتریفیووژ ناسراوەو هی دەیەی ١٩٧٠یەو ئێران ١٣٥٠٠ دانە لەم مۆدێلەی لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانیدا هەیە.

لە دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا گوتراوە کە ئێران لە دروستکردنی ڕیئاکتۆری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەراکیش پێشکەوتنی زۆری هەبووەو مەحفەزەی سەرەکیی ڕیئاکتۆرەکەی بۆ ناوەندی ئاوی قورسی ئەراک گواستۆتەوەو بە وتەی بەرپرسی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران بڕیار وایە لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دا دابمەزرێو لە سێ مانگی کۆتایی ئەو ساڵەدا وەکارکەوێ.

بە وتەی کارناسان، ئەو ڕێئاکتۆرەی ئێران لە ئەراک دایدەمەزرێنێ دەتوانێ سووتەمەنییەک بەرهەم بێنێ کە دەکرێ پلۆتۆنیۆمی پێویست بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی لێوەدەست بێنن.

لەم ڕاپۆرتەدا گوتراوە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ئێران زانیارییەکی وردو دروستی لەسەر ئاڵوگۆڕەکان لە پرۆسەی دروستکردنی ئەم ڕێئاکتۆرە بە ئاژانس نەداوە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ئێران ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەر ناوەندی نیزامیی پارچیندا هێناوە کە ماوەیەکی زۆرە ڕۆژئاوا داوا دەکا ئێران ڕێگە بە بازرەسەکانی ئاژانس بدا بۆ پشکنینی ئەم ناوەندە گومانـاوییە سەردانی پارچین بکەن، بەڵام تائێستا ئێران ڕێگەی بە بازرەسەکانی ئاژانس نەداوە سەردانی ئەم ناوەندە بکەن.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمو وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێیانوایە ئێران بە تێکدانی ڕواڵەتو ئاڵوگۆڕی ئەم ناوەندەو ئەسفاڵتکردنی بەشێکی زۆر لە شوێنەکانی، دەیەوێ ئاسەواری چالاکییە ئەتۆمییەکانی بسڕێتەوە کە گومان دەکرێ ساڵی ٢٠٠٣ لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوەی تەقینەوەی ئەتۆمی تێدا بەڕێوە بردبێ.

دوابەداوی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی ئاژانس لە ڕۆژی ١ی جۆزەرداندا، یەکیەتیی ئورووپاش ڕایگەیاند کە پەرەسەندنی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران بە مانای پێشێلکردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە لایەن ئێرانەوەو، دەبێتە هۆی زیاتربوونی نیگەرانییەکان لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە.

هەر لە درێژەی ئەم هەواڵو ڕاپۆرتانەدا، ڕاگەیە جیهانییەکان ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی جۆزەردان بڵاویان کردەوە کە هێرمان ناکارتس، بازرەسی بەرزی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕۆژی ٨ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە شاری ڤییەن ڕایگەیاندوە کە وێنە ماهوارەییە نوێیەکان لە ناوەندی نیزامیی پارچین ئەو گومانو نیگەرانییانە زیاتر دەکەن کە ئێران خەریکی سڕینەوەو نەهێشتنی نیشانەکانی چالاکییە ئەتۆمییە گوماناوییەکانی لەم ناوەندەدا بێ.

لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانەدا ڕۆژی هەینی ١٠ی جۆزەردان وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند کە ئەم قسانەی هێرمان ناکارتس جێی سەرسوڕمانەو ئێران لە نێوخۆدا لایەنەکانی ئەم قسەیە تاوتوێ

دەکا.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی پێیوایە ئێران لە ژانوییەی ساڵی ٢٠١٢وە دەستی بە پاککردنەوەی ناوەندی نیزامیی پارچین کردوەو وێنە ماهوارەییەکان ئەم راستیە دەسەلمێنن. ئێران بەردەوام ئەم ئیددیعایانەی رەت کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا ڕێگەی بە بازرەسەکانی ئاژانس نەداوە سەردانی ئەم ناوەندە بکەن.

ئەم ڕاپۆرتەی ئاژانسو هەروەها هەواڵە پێوەندیدارەکانی لە چەند رۆژی رابردوودا لە حاڵێکدا بڵاو دەبنەوە کە رای گشتیو میدیا جیهانیەکان بە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئێرانەوە خەریکنو، ئەو بابەتە خەریک بوو مەسەلەی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانی دەخستە پەراوێزەوە. تەنانەت هێندێک لە بەرپرسانی رۆژئاواییش لە چەند مانگی رابردوودا باسی ئەوەیان هێنابووە گۆڕێ کە هەتا روونبوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، وتووێژەکانی رۆژئاوا لەگەڵ ئێران لەسەر پەروەندە ئەتۆمیەکەی ئاکامێکی نابێ. بە وردبوونەوەیەک لە پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا دەردەکەوێ کە ئەم بۆچوونە زۆر ساویلکانەو دوور لە راستیە، چونکە هەروەک تا ئێستا بۆ هەموولایەک روون بۆتەوە، لە کۆماری ئیسلامیدا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە دارشتنی سیاسەتە گەورەکاندا نیەو بە تایبەت مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەو پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بە تەواوی لە دەسەڵاتی رێبەردایەو هاتنو رۆیشتنی سەرکۆمارەکان هیچ گۆڕانێک لە ئامانجو ئاکامی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەم وڵاتەدا پێکناهێنێ. کەوابێ ئەم کەشوهەوا میدیاییو پروپاگەندەییەی هەڵبژاردنەکان نابێ ببێ بە پەردەیەک بۆ دوورکردنەوەی سەرنجو رای گشتی لە چالاکیە ئەتۆمیەکانی کۆماری ئیسلامیو، بێگومان جیهان بە وردی چاودێریی جموجۆڵەکانی رێژیم لەم بوارەدا دەکا.

لە ژمارە ٦٠٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٣

## مەترسیو گرفتەکانی بەردەم پەناخوازان

کۆچ کردن و گۆڕینی شوێنی ژیان دیاردەیەکە کە هەر لە کۆنەوە هەبووەو مرۆڤەکان بۆ باشترکردنی باری ژیان و وەدەستهێنانی ئیمکاناتی باشتر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچیان کردوە. بەڵام دوای دامەزرانی دەوڵەتی نویو دیاریکران و سەقامگیربوونی سنووره سیاسییەکان، مەبەست و شێوازو ڕێگاکانی کۆچکردن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتو بەربەستو گیروگرفتی نوێی خرانە بەردەم کۆچبەرانەوە.

لە سەردەمی نوێداو بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە دەوڵەتەکان بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی هاووڵاتییاندا زاڵنو بڕیارو سیاسەتەکانیان کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی خەڵکەکانیانەوە هەیە، ئەو کەسانەی لە وڵاتی خۆیانو لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکەیاندا لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوەو مافو ئازادییەکانیان لێ زەوت دەکرێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان لەم مەترسییانە و وەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر پەنا دەبەنە بەر وڵاتانی دیکە و ڕێگەی ئاوارەیی دەگرنەبەر.

لە دوای دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو پەسندکرانی مافی پەنابەریتی بۆ ئەو کەسانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەوڵەتەکانی ئەندام لەم ڕێکخراوەدا ئەرکدار کران کە بە شێوەی قانوونی ئەم کەسانە وەرگرنو مافی پەنابەریتییان پێبدەنو ئیمکانی کارو ژیانی گونجاویان بۆ دابین بکەن.

وڵاتی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە نیوسەدەی ڕابردوودا بە هۆی بوونی ڕژێمی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ و نابەرپرسیار بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی لەگەڵ حکوومەتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندا کێشەیان هەبووە و، یان بە هۆی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمەکان ژیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە، یان بە هۆی ناکارامەیی و دواکەوتوویی ڕژێمەکەیان تووشی کێشەو گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... بوونەتەوە و ناچاربوونە ڕێگەی هەندەران بگرنەبەرو رووبکەنە وڵاتانی ئورووپاییو ئەمریکا و ئوسترالیا.

به هۆی سەختتربوونی ژیانو بەرتەسکتربوونەوەی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان لە چەند ساڵی ڕابردوودا

ڕێژەی پەناخوازان واتە ئەو کەسانەی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئێران بەجێدێڵن زیادی کردووە لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پەنابەرانو پەناخوازان لە جیهانداو کێشەو گرفتە ئابووریو ئەمنییەتییەکانی وڵاتانی ئورووپاییو ئامریکا، قانوونەکانی وەرگرتنی پەنابەر دژوارتر بوونەتەوەو بەربەستو کۆسپەکان لەبەردەم پەناخوازان زیادی کردووەو ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی پەناخوازان لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ گیروگرفتی زۆر بەرەوڕوو ببنەوەو ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە.

ساڵانە سەدان کەس لەو پەناخوازانەی بە ڕێگا ناقانوونیەکانداو بە شێوەی قاچاغ ڕوودەکەنە ئورووپاو ئوسترالیا بە هۆی سەختیی ڕێگاو سەرماو گەرماو نوقم بوونی گەمییەکانو تەنانەت تاڵانو دەستدرێژیی کەسانی هەلپەرست گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوەو تەنانەت گیانیان لەدەست دەدەن.

هیچ ساڵێک نیە چەندجار خەبەری نوقم بوونی گەمیی پەناخوازانو خنکانی ژنو منداڵی ئاوارە لە ڕاگەیەنەکان بڵاونەبێتەوە. ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ سەختترکردنی یاساو بەربەستەکانی سەر ڕێگای پەناخوازان لە لایەن ئەو وڵاتانەی پەنابەر وەردەگرن. تەنانەت دوای گەیشتنی پەناخوازان بە وڵاتانی مەبەست ژیانیان لە کەمپەکانی پەنابەری لە دۆخێکی گونجاودا نابێو زۆرجار کەمپەکان هەلومەرجی پێویستیان بۆ ژیانی پەناخوازان نیەو هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ پەناخوازان ناکرێ.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم گرفتانە ڕێژەی پەناخوازان هەروا ڕوو لە زیادبوونە. بە پێی ڕاگەیاندنی ئیدارەی پەنابەریی یەکیەتیی ئورووپا ژمارەی پەناخوازانی ئێرانی زیاتر لە ٥٠ لەسەدی هەموو پەناخوازانی وڵاتەکانی دیکەی جیهان پێک دێنێ و لە ساڵی ٢٠١٢دا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١١ ڕێژەی پەناخوازانی ئێرانی ١٤ لەسەد زیادی کردووە. هەروەها ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ڕایگەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە واتە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨ی ئێران، ژمارەی پەناخوازانی ئێرانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هەر بەو پێیەش ئەو مەترسیو گیروگرفتانەی تووشی پەناخوازان بوونەتەوە زیادی کردووەو بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە پەناخوازان لەم ماوەیەو لەم ڕێگەیەدا. دەوڵەتی ئوسترالیا لە دوایین ڕاپۆرتی خۆی لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٠٩ وە ٦٠٠ پەناخواز کە ویستوویانە لە ڕێگەی دەریاوە خۆیان بگەیەننە ئەم وڵاتە لە دەریادا خنکاون. ئەوە جگە لەو دەیان کەسەیە کە تووشی دزیو دەستدرێژی بوونەتەوەو زۆر جار ئەو بۆتە هۆی کوژرانی پەناخوازان لە ڕێگەدا.

ئەو پەنـاخوازانە وێـڕای دانـی بڕێکـی زۆر پـووڵ، گیـانی خۆیـانی بە قاچاغچیەکـان دەسـپێرن و هەمـوو مەترسییەکانی ڕێگە بە گیان دەکڕن بەو هیوایەی ژیانێکی خۆشتر بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. دوایین نمـوونە لە نـوقم بـوونی گەمیـی پەنـاخوازان لە ڕێـگەی ئەنـدونێزی بـۆ ئوسـترالیادا بـوو کە بـووە هـۆی گیـان لەدەستدانی چەندین کەس ژن و منداڵ.

بۆ ڕێگە گـرتن لە هـاتنی پەنـاخوازانو قاچـاغی مرۆڤەکـانو هەروەهـا کـۆنترۆڵی ڕەوتـی پەنـابەرێتی، دەوڵەتـی ئوسترالیا گەڵاڵەیەکی نوێی پەسندکردوە کە هەموو ئەو پەنـاخوازانەی بە شێوەی ناقـانوونیو لە ڕێگەی دەریـاوە هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە ئەم وڵاتە دەنێـرێتە دوورگەی پـاپوا گینـەی نـوێو، ئەوە بـۆتە هـۆی نیگەرانیـی زۆری پەنـاخوازانو لە ئاکـامداو لە کۆتـایی مـانگی جـوولای ئەمسـاڵدا ڕاپەڕیـنو نـارەزایەتیی ئەوان لە یەکێـک لە کەمپەکانی ئوسترالیای لێ کەوتەوە کە زۆر بە تەندی لە لایەن پۆلیس و خەڵکی خۆجێی سەرکوت کران.

ئەم ڕەوتی سەختترکردنی ڕێگەکانی کۆچی ناقانوونیو چوونی پەناخوازان بۆ وڵاتانی ئەمنترو بەتـایبەت ئورووپـا و ئوسـترالیا بەردەوامەو ئەم وڵاتـانە بە پەسـندکردنی گەڵاڵەو قـانوونی سـەختگیرانەو کـۆنترۆڵی تونـدتری سنوورەکان هەوڵ دەدەن ڕێگە لەم دیاردەیە بگرنو ڕەوتی کۆچی ناقـانوونی کەم بکەنەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم هەوڵانەو سەختیو مەترسییەکانی ڕێگەی پەناخوازانو ناڕوونیی چارەنووسیان، هەتا دەوڵەتـانی نابەرپرسیار لە جیهاندا هەبن کە مافو ئازادییەکانی خەڵکەکەیان پێشێل دەکەنو گرنگی بە دابین کردنـی ژیـانێکی گونجـاو و ئازاد بـۆ خەڵکەکەیـان نـادەن، خەڵکانێک دەبن کە بە ناچاری ڕێگەی ئـاوارەیی دەگـرنەبەرو ئەو مەترسییانە بە گیان دەکڕن و جیهان شاهیدی کارەساتی گیان لەدەستدانی پەناخوازان لە شوێنە جۆراوجۆرکان دەبێ.

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## کۆبوونەوەکانی ژێنێڤ بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران

کۆبوونەوەی ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە ۲۳ و ۲٤ی ڕەزبەری ۱۳۹۲، دووەم کۆبوونەوەی دەوڵەتی نوێی تاران و لایەنە ڕۆژئاواییەکان لەسەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بوو. ئەم کۆبوونەوەیە کە لە شاری ژێنێڤی وڵاتی سویس بەڕێوەچوو بووە جێی سەرنجی زۆربەی ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان.

هەڵوێستی تازەی ڕێژیمی تاران و ئیدیعای شەفافییەت و سووربوون لەسەر چارەسەری کێشەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە لە لایەک و نیگەرانییەکانی ڕۆژئاوا لە سیاسەت و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە لایەکی دیکەوە، هەستیاربوونی ئەم کۆبوونەوانەی زیاترکرد و هەموو چاوەکانی بڕییە ئاکامەکانی ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە و داهاتووی بەرنامەی ئەتۆمی و پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا.

دەوڵەتی تازەی ئێران بە سەرۆکایەتیی حەسەن ڕووحانی لەم ماوە کورتەی هاتنەسەرکاریدا بە چرای سەوزی خامنەیی بۆ ڕزگارکردنی ڕێژیم لە دارمان، هەڵوێست و گوفتمانێکی نوێی گرتۆتەبەر و نەک هەر بە زمانێکی تازە لەگەڵ جیهان و بە تایبەت ئەمریکا قسە دەکا بەڵکوو تەنانەت لە هێندێک بواردا دەستی داوەتە تابۆشکێنی و چەند هەنگاوێکی هەڵێناوەتەوە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێ وێنەن. کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا و وتووێژی تەلەفۆنیی سەرکۆمارەکانی ئێران و ئەمریکا و تەنانەت نەرمی نواندنی زۆری بەرپرسانی ئێرانی لە بەرامبەر هاوتا ئەمریکییەکانیاندا نیشانەی جیددی بوونی دەوڵەتی نوێ و لەسەرووی ئەویشەوە حکوومەتی تارانە لە خۆڕزگارکردن لە گەمارۆ جیهانییەکان و ئاکامەکانی سیاسەتی تا ئێستای ڕێژیم لە بواری ئەتۆمی و سیاسەتی دەرەوەدا کە بە گشتی نیشانەی کاریگەریی قووڵی گەمارۆکانی ڕۆژئاوایە لەسەر ڕێژیمی تاران.

لە بەرامبەردا ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بە ئیحتیاتەوە پێشوازییان لەم هەنگاوانەی تاران کردوە و ڕایانگەیاندوە کە چاوەڕوانی ئەوەن ئێران لە کۆبوونەوە ئەتۆمییەکانی ژێنێفدا بە دەستی پڕەوە بەشداری بکا و هەنگاوی بە کردەوە و جیددی هەڵێنێتەوە.

هەروەک گوترا کۆبوونەوەکە ڕۆژی دووشەممە دەستی پێکرد و لەم کۆبوونەوەیەدا ئێران بە پێشکەشکردنی گەڵاڵەیەک لەژێرناوی «کۆتاییەک بۆ قەیرانێکی ناپێویست ...» کە بە وتەی محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران گەڵاڵەی ڕەوتێکی یەکساڵەیە بۆ چارەسەریی کێشەکان، پێشنیارەکانی ئێرانیان بۆ ڕەواندنەوی گومان و نیگەرانییەکانی ڕۆژئاوا لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران و لە ئاکامدا لابردنی گەمارۆکان لەسەر ئێران خستەڕوو.

لەم کۆبوونەوانەدا کە دوو ڕۆژی خایاند و دوانیوەڕۆی سێشەممە کۆتایی پێهات لایەنی ئێرانی هەوڵی دا لایەنی ڕۆژئاوایی بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە سوورە لەسەر چارەسەریی راستەقینەی قەیرانەکە و، لە کۆتاییشدا هەردوولا کەشووهەوای کۆبوونەوەکانیان بە ئەرێنی و باش وەسف کردو بڕیاردرا خولی داهاتووی کۆبوونەوەکان ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی خەزەڵوەری داهاتوو لە ژێنێف بەڕێوەبچێ و ئێران داوای کرد کۆبوونەوەکان لە ئاستی وەزیراندا بەڕێوەبچن.

هەروەک دوای کۆبوونەوەکان ڕاگەیەندرا نێوەرۆکی گەڵاڵە پێشنیارکراوەکەی ئێران لەسەر داوای لایەنی ئێرانی بە نهێنی ماوەتەوە و کارناسان پێیانوایە ئەوە دەتوانێ نیشانەیەکی هیوابەخش بێ بۆ جیددی بوونی ئێران و گەڵاڵە پێشنیارییەکەی. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەروەک لە ڕاگەیەنەکانی ئێرانیشدا بڵاوبۆوە دوو خاڵی کەمکردنەوەی ئاستی پیتاندنی ئۆرانیۆم و ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی لەم گەڵاڵەیەدا گونجێندراون. بەڵام لە درێژەی کۆبوونەوەکاندا ئێران ڕایگەیاند کە ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلەکە بەشی کۆتایی ئەم ڕەوتە یەکساڵەیە.

لایەنی ڕۆژئاواییش دەگەڵ ئەوەی کۆی گشتیی کۆبوونەوەکانیان پێ ئەرێنی بوو، بەڵام هاوکات ڕایانگەیاند کە مەرجی لابردنی گەمارۆکان ئەوەیە کە ئێران بە کردەوە نیازپاکیی خۆی نیشان بدا و وەک هەنگاوی یەکەم پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٢٠% ڕابگرێ . بڕیار وایە ئەندامانی گرووپی ٥+١ یش گەڵاڵەکەی ئێران بەرنەوە وڵاتانی خۆیان و تا خولی داهاتووی کۆبوونەوەکان ڕاوێژ و لێکدانەوەی لەگەڵ دەوڵەتەکانی خۆیان لەسەر بکەن.

ئەوەی ڕاستی بێ هەتا ئێرە ئێران لە نیشاندانی سیمایەکی نوێ کە ڕۆژئاوا چاوەڕوانی دەکا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و قۆناغی دواتر و لە ڕاستی چەند مانگی داهاتوو دەیسەلمێنن کە ئەم سەرکەوتنە بەردەوام دەبێ یان شتێکی کاتییە و لە بڕگەیەکی کورت تێناپەڕێ.

بەڵام هەر ئێستاش سەرەڕای ئەو بە ڕواڵەت سەرکەوتنە بەرتەسکەی ئێران لە دروستکردنی کەشێکی هیوابەخشانە لە ڕۆژئاوادا، ئیسرائیل نیگەرانییەکانی لەم کۆبوونەوانە نەشاردۆتەوە و هەموو توانای خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا کە لە کۆبوونەوەکاندا ئیمتیاز بە ئێران نەدەن و گەمارۆکان لەسەر ئێران سووک نەکەن.

باراک ئۆباماش لە نێوخۆی ئەمریکادا گوشارێکی زۆری لەسەرە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئێراندا ئیمتیاز نەدا و گەمارۆکانی سەر ئێران کەم نەکاتەوە. هاوکات لە نێوخۆی ئێرانیشدا هێندێک لایەنی توندڕەو گوشاریان خستۆتە سەر دەوڵەتی ڕووحانی بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا زۆر نەرمی نەنوێنێ و ئیمتیاز نەدا.

بەڵام لە هەمووی ئەمانە گرنگتر ئەو دیواری بێمتمانەییە کە لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا دروست بووە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر بەرزبۆتەوە. بێ گومان نەهێشتنی ئەم دیوارە کارێکی دژوارە و ئێران بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژی بێ متمانەیی ناچارە هەنگاوی گەورە هەڵێنێتەوە و گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانیدا پێک بێنێ.

سەرکەوتنی کۆبوونەوەکانی ژێنێڤ و کۆبوونەوەکانی دواتر و هەروەها بەرنامەکانی داهاتووی ڕێژیم بەستراوەتەوە بە جیددی بوون و سەداقەتی تاران لە هەنگاوەکانی ئێستا و داهاتوویدا و، ڕۆژئاواش خوازیاری گەرەنتییە لە ئێران بۆ ڕاستگۆبوونی لە ڕەوتی کۆبوونەوە ئەتۆمییەکاندا.

لە ژمارە ٦١٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## ١٣ی خەزەڵوەر و دیپلۆماسیی تەدبیر و ئومێد!

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەر کە یادکردنەوەی هێرشی تاقمێک بەسیجی بە ناوی «خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام» بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تارانە، بۆتە هێماو سەمبولی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو، وەک یەکێک لە بنەماکانی شوناسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لێهاتوە.

ئەم ڕووداوە کە تێیدا بەسیجییەکان ٥٢ دیپلۆماتی ئەمریکاییان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتەگرت، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دانا و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە پێوەندیی ڕەسمییان پێکەوە نەبووە. ئەگەرچی لە ماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا لە چەند قۆناغی تایبەتدا دانیشتنو تەنانەت یارمەتیی ئیتلاعاتیو نیزامیی نهێنیان پێکەوە هەبووە، بەڵام باڵی دەسەڵاتداری ڕێژیمو لە سەرووی هەمووانەوە خامنەیی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو دروشمی «مرگ بر آمریکا»ی کردوە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناس و هۆوییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە دوای ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە ماوەی ٨ ساڵدا پێوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ ڕۆژئاوا گەیاندە خراپترین ئاستی خۆی، ئێستا بە هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانیو بە وتەی خۆی بە تێڕوانینو سیاسەتێکی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ڕێژیم هەوڵ دەدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسایی بکاتەوەو ڕادەی ئەو گەمارۆ سیاسیو ئابوورییانە لەسەر کۆماری ئیسلامی کەم کاتەوە کە لە ئاکامی ناڕاستیو سیاسەتی هەڵەی تاران لە پەروەندەی ئەتۆمیدا بەسەر ڕێژیمدا سەپاون و بەرەبەرە بەرەو ئەوە دەچن کە ڕێژیم تووشی مەترسی قەیرانی زۆر جیددی و تەنانەت داڕمان بکەنەوە.

حەسەن ڕووحانی هەر لە دوای هاتنە سەر کاری وەک سەرکۆماری نوێی ئێران، بە چرای سەوزی خامنەیی هەوڵی دا ڕوو بکاتە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەو گرفتەکانی ڕێژیم کە بە باوەڕی ئەوان ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندایە. حەسەن ڕووحانیو تیمی سیاسەتی دەرەوەی پێیانوایە ڕێگە چارەی گرفتەکانی تارانو ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، چارەسەری کێشەکان لەگەڵ لایەنی سەرەکی، واتە ئەمریکایە. هەر بۆیە

لە کاتی سەفەر بۆ ئەمریکاو بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە چەند کاناڵەوە هەوڵیان دا لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا پێوەندی بگرنو ئەو هەوڵانە لە راگەیەنە گشتییەکاندا دەنگدانەوەی بەرچاویان بەدوادا هاتو گەشبینییەکی زۆری لای خوازیارانی پێوەندیی دۆستانەی ئێران و ئەمریکا لە دنیادا دروست کرد.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانەی رووحانی، لە نێوخۆی ئێراندا دژایەتییەکی توند لە لایەن بناژۆخوازانی نێو دەسەڵاتو توندڕەوەکانی باڵی دەسەڵاتداری ڕێژیم دژی ئەم سیاسەتە نوێیە لە ئارادایەو سیاسەتەکانی رووحانیو تیمی دیپلۆماسیی ئێرانیان بە سازشکارانە ناوبردوەو لە راگەیەنەکانیاندا گوشارێکی زۆریان بۆسەر دەوڵەتی رووحانی هێناوە.

بناژۆخوازان وێڕای ئەوەی داوادەکەن دەوڵەت لە پەروەندەی ئەتۆمیدا ئیمتیاز نەداو پاشەکشە نەکا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاشدا زۆر بە توندی دژی نەرمی نواندنو ریٚخۆشکەری بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانن. هەر بەو بۆنەوە لە چەند حەوتووی رابردوودا لە تاران باڵی بناژۆخوازی ڕێژیم کۆمەڵێک پۆستێر و بیلبۆردیان بە دارو دیوارەکاندا هەڵاوەسیوە کە ئاماژە بە بێ سەداقەتیو ناڕاستیی ئەمریکا دەکاو بەمجۆرە هەوڵی لەبارلردنی سیاسەتی نوێی دەوڵەتیان داوە و تێکۆشاون دەوڵەتی رووحانی لەگەڵ بیروبۆچوونی خامنەییو بنەما هۆوییەتییەکانی ڕێژیم ناتەبا نیشان بدەن.

لە پێوەندی لەگەڵ ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵیشدا پێشبینی دەکرا کە لە درێژەی ئەم هەوڵانەی باڵی کۆنەپارێزی ڕێژیم دەستی پێکردوون، تێبکۆشن ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەر زۆر گەرمو گوڕتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوەبەرنو دەنگی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو دروشمی «مرگ بر آمریکا» لە ساڵانی پێشوو بەرزتر بکەنەوە.

هاوکات قسەکانی خامنەیی لە رۆژی ١٢ی خەزەڵوەر لە نێو پۆلێک لە خوێندکارانو قوتابیاندا بەم بۆنەوەو، ئاماژەی ناوبراو بە کارە دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ رۆژئاوادا، جێی لێوردبوونەوەیە.

خامنەیی دەگەڵ ئەوەی پشتیوانیی لە تیمی دیپلۆماسیی ئێران کردو داوای کرد کەس بە سازشکاریان ناو نەبا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی دا باڵی توندڕەوی دژە ئەمریکاش رازی رابگرێ و رایگەیاند کە هیوایەکی ئەوتۆی

بە دانوسانەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا نیەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاداو سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ئێراندا راشکاوانە وشەی «چ غەڵەتێکیان پێ دەکرێ؟!»ی بەکارهێناو پێداگریی لەسەر سیاسەتەکانی تا ئێستای ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا کردەوە. ناوبراو بە ئاماژە بەو هەواڵانەی لەم دواییانەدا لەسەر کردەوە سیخوڕییەکانی ئەمریکا بڵاوبوونەتەوە، وتی ئەوە نیشاندەری ئەو راستییەیە کە لاوانی ئێران ۳۰ ساڵ پێشتر ئەمریکایان باش ناسیوە و باڵوێزخانەی ئەمریکا بە راستی «لانەی جاسووسی»یە.

ئەم بەشەی قسەکانی خامنەیی ڕۆژێک پێش ڕێوڕەسمی ۱۳ی خەزەڵوەر دڵگەرمی‌یەکی زیاتری بە باڵی توندڕەوی دەسەڵات دا کە لەم ڕێوڕەسمەدا گەرم و گوڕتر لە ساڵانی پێشوو دەربکەون، بە جۆرێک کە بە پێی هەواڵی هەواڵدەریی فارس لە زمانی محەممەد ڕەزا نەقدی، سەرۆکی بەسیجی «مستضعفین»، ڕێژەی بەشداریی خوێندکاران و قوتابیان و چین و توێژەکانی خەڵک لە ڕێوڕەسمی ۱۳ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا پێنج هێندەی ساڵانی پێشوو بووە. و تەنانەت گەرم و گوڕیی ڕێوڕەسمەکە زۆر لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نژادیش زیاتر بووە.

کۆی ئەم کێشەو ململانێیە، بێ وەبەرچاوگرتنی راستی و ناڕاستیی هەواڵەکان لەسەر ڕێژەی بەشداری لە ڕێوڕەسمی ۱۳ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، نیشاندەری ئەو راستییەیە کە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا هەروەک گوترا بوتە بەشێک لە شوناس و هۆوییەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و، دەسەڵاتدارانی تاران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بڕینی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکایان بە باشترین ڕێگە زانی بۆ ئەوەی دەستی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆی ئێران کەم بکەنەوەو بەمجۆرە گەرەنتیی زیاتری مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بکەن. هەر بەو پێیە دروشمی «مرگ بر آمریکا»یان کردە بەشێک لە شوناسی ڕێژیمەکەیان و لە راستی‌دا فەلسەفەی بوونو مەشرووعییەتی ڕێژیم لای بەشێکی بەرچاو لە بەدەنەی توندڕەو و بناژۆخوازی ڕێژیم لەم دروشمەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر بۆیە لای بەشێک لە دەسەڵاتداران، شکاندنی ئەم تابۆیەو ڕووخاندنی ئەم دیوارە یەکسان دەبێ لەگەڵ ڕووخانی بینای مەشرووعییەتی نیزامەکەیان. کەوابێ ئەوانەی دەیانهەوێ ئەم دیوارە ۳٤ ساڵەیە بڕووخێنن ڕێگەیەکی دژواریان لە پێشەو رووحانی و دەوڵەتەکەی لە ڕەوتی گەڕاندنەوەی متمانەی ڕۆژئاوا بە ئێران و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکادا ڕێگەیەکی زۆر سەختیان لە بەردەمە و ئەم ڕێوڕەسمە گەرم و گوڕەی ۱۳ی خەزەڵوەرەی ئەمساڵ و هەوڵەکانی لەم دەستە، تێچوو و هەزینەکان بۆ رووحانی زیاتر دەکەن و نەک هەر لە نێوخۆ بەڵکوو لە دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاواشدا کارەکەی سەختتر و پڕهەزینەتر دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۳

## هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٣ بە گوێرەی ئارشیوی «کوردستان و کورد»

### ١- مانگی ژانویە:

- لە سێدارەدانی ٣٢ زیندانی لە ئێران لە ماوەی ١٠ ڕۆژ دا
- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: ژمارەی کوژراوانی سووریە لە ٦٠ هەزار کەس تێپەڕیوە
- ڕەنگدانەوەی دانوستانەکانی تورکیە و ئوجالان لە راگەیەنەکانی ئەو وڵاتەدا
- هەرێمی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ دەستی کردوە بە هەناردەی نەوت
- کوژرانی ٣ ژنە چالاکی سیاسیی کورد لە پاریس
- ڕێگەپێدان بە ژنانی عەرەبستان بۆ ئەندامەتیی مەجلیسی ئەو وڵاتە
- هێرشی ئەلقاعیدە بۆسەر بنکەی «بریتیش پێترۆلیۆم» لە ئەلجەزایر
- شەڕ و پێکدادانی خەڵکی نستان و هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم
- بێ ئاکام مانەوەی دانوستانەکانی ئێران و ئاژانسی ئەتۆمی
- بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی ژینۆسایدی گەلی کورد لە بریتانیا
- دژبەرانی بەشار ئەسەد بۆ جارێکی دیکە پێک هێنانی دەوڵەتی کاتییان وەدوا خست
- ئاشکرابوونی ڕۆڵی جینایەتکارانەی ئێران لە سووریە
- دەست پێکردنی دەوری دووەمی سەرکۆماریی باراک ئۆباما
- هەڵگرتن لە داراییەکانی ئێران بۆ قەرەبووی بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەکەی عەرەبستان
- ڕێکخراوی راپۆرتنێرانی بێ سنوور: ئێران لە پلەی ١٧٤ی ئازادی چاپەمەنی لە نێوان ١٧٩ وڵاتی دنیادایە

### ٢- مانگی فێوریە:

- ئێعدام کرانی بە نهێنیی ٤٠٠ کەس لە زیندانی وەکیل ئابادی مەشهەد لە نێوان ٤ تا ٥ مانگی رابردوودا
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا: چەک و تەقەمەنییە دەست بەسەرداگیراوەکانی ئێران لە یەمەن دەتوانی کارەساتی

لێ بکەوێتەوە

- بان کی موون: نابێ ڕێژیمی ئێران دەرفەتی زیاتر لەوەی بدرێتێ
- ئاشکرابوونی تۆڕێکی تیرۆریستی سەر بە ئێران لە بەحرەین
- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: هەر دوو لایەنی سووریە جینایەتی جەنگیان کردوە

### ٣- مانگی مارس:

- ئەحمەد شەهید: بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بووە
- مردنی هۆگۆ چاوێز
- کورسیی سووریە لە یەکیەتی عەرەب درایە دژبەرانی بەشار ئەسەد
- گەڕانەوەی وەزیرە کوردەکانی حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان
- ئینترپول: حوکمی دەسبەسەرکرانی کاربەدەستانی ئێران هەڵناوەشێنینەوە
- ناڕەزایەتیی ئەمریکا لە عێراق سەبارەت بە ڕێگەپێدان بە چوونی فرۆکەکانی ئێران بۆ سووریە لە ئاسمانی ئەو وڵاتەوە
- ڕێککەوتنی نیزامیی کورەی باشوورو ئامریکا لەدژی ئەگەری هەرچەشنە پەلامارێکی کورەی باکوور
- گەیاندنی چەک وتەقەمەنی بۆ دژبەرانی سووریە لەلایەن عەرەبستانەوە
- کوژرانی زیاتر لە ٦ هەزار کەس لە سووریە لە مانگی مارسدا

### ٤- مانگی ئاوریل

- ڕاگەیاندنی ڕەسمیی حکومەتیی کاتیی ئۆپۆزسیۆنی سووریە
- وەرێخرانی چەند ناوەندی ئەتومیی دیکە لە ئێران
- ئۆلتیماتۆمی ڕۆژئاوا بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی پەروەندی ناوکیی ئێران
- هەڵوەشانەوەی گەمارۆی نەوتیی سووریە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە
- هاتنەدەرێی پ ک ک لە لیستی تێرۆری یەکیەتیی ئورووپا
- کەڵک وەرگرتنی ڕێژیمی سووریە لە چەکی شیمیایی

- ژمارەی پەنابەرانی سووریە گەیشتە زیاتر لە یەک ملیۆن و چوارسەد هەزار کەس
- جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران: پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لە عێراق «مەحاڵە»
- کاندید کردنی شیرکۆ بێکەس بۆ خەڵاتی ئاشتیی بێلژیک
- لەقاودرانی هەوڵەکانی ئێران بۆ تێکدانی پرۆسەی ئاشتی تورکیە

### ٥- مانگی مای:

- ڕێگەپێدان بە زمانی کوردی لە ئیدارەکانی تورکیە
- دەستپێکردنی کشانەوە هێزەکانی پ ک ک لە تورکیە
- گەڵاڵەی کۆنگرەی ئامریکا بۆ ڕامالینی ئێران لە بازاڕی جیهانیی نەوت
- ڕێککەوتنی تورکیەو هەرێمی کوردستاو ئیکسۆن مۆبیل بۆ دەرێنانی نەوت لە کوردستان
- ڕێککەوتنی حەماسو فەتح لەسەر ئاشتەوایی نیشتمانی
- ڕەددی سەلاحییەتی بەربڵاوی کوردەکان لە شارەکانی نەغەدەو ورمێ
- پشتیوانیی ئامریکا لە گەڵاڵەی بەهێزکردنی ئابووریی فەلەستین
- ئامریکا گەمارۆی موبایلو کۆمپیوتێر لەسەر ئێرانی هەڵوەشاندەوە

### ٦- مانگی ژوئەن:

- کۆچی دوایی پییەر مۆروا، ڕێبەری سۆسیالیستی فەڕانسەیی و دۆستی دوکتور قاسملوو
- میسر پێوەندیە دیپلۆماتیکەکانی خۆی لەگەڵ سووریە پچڕاند
- ناردنی چوار هەزار کەس لە هێزەکانی سپای پاسداران بۆ سووریە
- کۆتایی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و سەرکەوتنی حەسەن ڕووحانی
- باراک ئۆباما: ڕێگەی دانووستان لەگەڵ ئیران ئاوەڵایە
- ژمارەی کوژراوانی سووریە لە ١٠٠ هەزار کەس تێپەڕی
- دستپێکردنی ناردنی چەکو چۆڵ لە ئەمریکاوە بۆ دژبەرانی سووری
- هەڵوەشانی گەمارۆکانی شووڕای ئەمنیەت دژی عێراق

## ٧- مانگی جوولای:

ـ لابردنی محەممەد مۆرسی لە سەرکۆماریی میسر بە بڕیاری ئەرتەشی ئەو وڵاتە. ـئەمریکاش گوتی لابردنی مۆرسی لە دەسەڵات بە کودەتا نازانین

ـ ئامادە بوونی ئامریکا بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران

ـ نتانیاهوو: ئەگەر پێویست بکا بەبێ ئامریکاش پەلاماری ئێران دەدەین

ـ پێدرانی خەڵاتی»ئیلاریا ئاڵپی» بە ژنە ڕۆژنامەنووسێکی کورد

ـ کوشتنی کوڵبەرانی کورد، بڕیاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پشتە

ـ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنگتۆن

ـ کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر لەسەر داوای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ـ دژایەتی خامنەیی لەگەڵ بژێرەکانی ڕووحانی بۆ وەزارەتخانە سەرەکییەکان

ـ کۆچی دوایی فەلەکەدین کاکەیی کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی باشووری کوردستان

## ٨- مانگی ئاگۆست:

ـ تاران و لەندەن پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە

ـ حەسەن ڕووحانی بە ڕەسمی بوو بە سەرکۆماری ئێران

ـ کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس، شاعیری ناوداری کورد

ـ ئامادەیی دەربڕینی حەسەن ڕووحانی بۆ وتوویژ لەگەڵ ئامریکا

ـ ڕێککەوتنی ئامریکاو ڕووسیە لەسەر ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنفڕانسی ژنێڤ 2

ـ ئەنیستیتۆی فەرهەنگیو هونەریی ئەحمەدی خانی لە ورمێ داخرا

ـ فەڕانسە: بەشداری هەر چەشنە کردەیەکی نیزامی لە دژی بەشار ئەسەد دەبین

## ٩- مانگی سێپتامبر:

- كوژرانی ٤٤ كەس لە ئەندامانی ڕێكخراوی موجاهیدینی خەڵق لە كەمپی ئەشرەف
- ئامادە بوونی ناتۆ بۆ هێرشی نیزامی بەدژی سووریە
- بریتانیا بەكار هێنانی گازی سارین لە سووریەی پشتڕاست كردەوە
- وەزیری دەرەوەی ئێران كۆمەڵكوژیی جولەكەكانی مەحكوم كرد
- نەتەوە یەگرتووەكان: بەشار ئەسەد لە هەشت كۆمەڵكوژیدا بەرپرسیارە
- بەردەوامیی كوژرانی كاسبكارانی كورد
- گۆلی ورمێ بەرەو نەمان دەڕوا
- بان كی مۆن: لەهەڵەبجە مەترسیدارترین جۆری چەكی شیمیایی بەكار هێنرا
- بەڕێوەچوونی  هەڵبژاردنەكانی پارڵمانی كوردستان
- واشینگتۆن : داوای لە دەمێشق كردوە لیستی »وردو دەقیقی« چەكی شیمیایی بخاتەڕوو
- ئیخوانولموسلمین لە میسر قەدەغە كرا
- ڕێگری لە بەشداریی ناوەندەكانی چاپو بڵاوبوونەوەی كتێبی كوردی لە پیشانگای كتێبی تاران
- خولی نوێی وتووێژی ناوكی بە بەشداری جان كێری دەست پێدەكاتەوە
- یەكەمین چاوپێكەوتنی وەزیرانی دەرەوەی ئامریكا و ئێران پاش ٣٤ساڵ
- وتووێژی تەلەفوونیی ڕووحانی و ئۆباما
- تەقینەوەیەكی تیرۆریستی لە هەولێر

### ١٠- مانگی ئۆكتۆبر:

- دەسپێكی كاری پشكێنەرانی نێودەوڵەتی بۆ پووچەڵكردنەوەی چەكە شیمیاییەكانی سووریە
- هەواڵنێرانی بێ سنوور: ڕێژیمی ئێران بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسان بە بارمتە دەگرێ
- ئەمریكا دەستخۆشی لە سووریە كرد بۆ پابەندبوونی بە بڕیاری لە نێوبردنی چەكە شیمیاییەكانی
- لە مانگی ئاگوستەوە تا ئوكتوبر كە حەسەن رووحانی بۆتە سەركۆمار، ١٢٥ كەس ئێعدام كراون
- خەڵاتی ئەنجومەنی نووسەرانی ئەمریكا بە ڕۆئیا حەكاكیان نووسەری كتێبی بكوژانی كۆشكی فیرووزە درا
- ئەحمەد شەهید: پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بەردەوامە
- حەبیبوڵڵا گوڵپەریپوور لە دار درا

- ئیعدامکردنی لاوێکی دیکەی کورد لە سەڵماس
- لەداردرانی ٧ زیندانیی کورد لە ورمێو شیراز
- نەتەوە یەکگرتووەکان: کوژرانی ٩٧٩ کەس لە عێڕاق لەو مانگەدا

## ١١- مانگی نوامبر:

- ئۆلتیماتۆمی ٦٠ ڕۆژەی ڕێکخراوە یەهوودییەکان بە ئۆباما لە بەرانبەر ئێراندا
- لە دار درانی شێرکۆ مەعارفی، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد
- باڵوێزخانەی ئێران لە فەڕانسە هێرشی کرایە سەر
- ئێعدامی لاوانی کورد نارەزایەتیی ئاشکرای خەڵکی مەریوانی لێکەوتەوە
- بەردەوامیی کاردانەوەکان بە ئێعدامەکانی ڕۆژهەلات لە باشووری کوردستان
- نارەزایەتیەکان دژ بە ئێعدامی لاوانی کورد لە سەقزیش سەری هەڵدا
- یوکیا ئامانۆ: ئێستاش ناتوانین پەروەندەی ناوکیی ئێران بە ئاشتیخوازانە بزانین
- ئیمزای گرێبەستی نەوتیی نوێی نێوان کوردستان و تورکیە
- بەردبارانی بالوێزخانەی ئێران لە شاری هەولێر، لە لایەن خەڵکی توورەوە بە دژی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان
- دەسبەسەرکرانی ٨ چالاکی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن حکوومەتی هەریمی کوردستانەوە. - ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبەریی کاتی لە ڕۆژئاوای کوردستان
- مەحکووم کرانی تورکیە لە لایەن دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپاوە بە تاوانی بۆردومانی دوو گوندی کوردستان
- ڕێککەوتنی ئێرانو ولاتانی (١+٥) لە سەر کێشەی ئەتومیی ئەو ولاتە
- دەوڵەتی ئاڵمان پەرەسەندنی ئێعدامەکان لە ئێرانی مەحکووم کرد

## ١٢- مانگی دێسامبر:

- کوردەکانی خۆرئاوا بە ڕەسمی داوای سیستمی فیدراڵی دەکەن
- کۆبوونەوەی بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی لە دانانی پارێزگاری خۆجێیی لە کوردستان

- رایس: ئامریکا لەسەر بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤی ئێران سوورە
- کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا
- پتەوتربوونی هێزی نیزامیی ئامریکا لە ناوچە سەرەڕای ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران
- تیرۆری رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی لە کەلار.
- ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی مەحکووم کرد
- چالاکێکی کوردی خوراسان سێهەمین خەڵاتی مافی مرۆڤی وەدەست هێنا
- دەست لەکارکێشانەوە نوێنەرانی پارێزگای سنە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە پشتگوێخرانی شارو ناوچەکانیان لە بودجەی ساڵی داهاتووی وڵاتدا
- پاشەکشەی سەنای ئامریکا لە سەپاندنی گەمارۆ نوێیەکان بەدژی ئێران
- ناڕوونیی چارەنووسی ٧چالاکە مەدەنییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانی محەتتەی هەولێر
- ژمارەی کوژراوانی بۆمبارانی حەلەب گەیشتە ٧٦ کەس
- ئازادکرانی دوو کەس لە چالاکە مەدەنییە گیراوەکانی رۆژهەلات لە هەولێر

لە ژمارە ٦٢٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

## پەیامی نەورۆزیی خامنەیی و ساڵی بەڕێوەبەریی جیهادی

خامنەیی لە پەیامی نەورۆزیی ئەمساڵیشدا وەک ساڵانی پێشوو وێڕای تیشک خستنە سەر خاڵە سەرەکییەکانی ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەسەر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕێژیم، ناوێکی بۆ ساڵی نوێی ئێران دیاری کرد کە جێی لێوردبوونەوو تێڕامانە. ناوبراو ساڵی تازەی بە "ساڵی ئابووری و فەرهەنگ بە ئیرادەی نەتەوەیی و بەڕێوەبەریی جیهادی" ناودێر کرد. دیاریکردنی ئەم ناوە و ئەو خاڵە سەرەکییانەی ناوبراو لە پەیامەکەیدا پێی لەسەر داگرتن بەجۆرێک نیشاندەری ڕێڕەو و سیاسەتە گشتییەکانی ڕێژیم لە نێو خۆ و دەرەوە لە ساڵی تازەدایە کە بە لێکدانەوەی لایەنە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانی سیاسەت و پێوەندییەکانی ڕێژیم، کەموزۆر نیشاندەری ئاسۆی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی ئێرانە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی تازەدا.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە پەیامی خامنەیی کە پوختەی نێوەرۆکەکەی لە ناوی ساڵی تازەدا خۆدەنوێنێ، دەبینین دوو بابەتی ئابووری و فەرهەنگ بە زەقی پێیان لەسەر داگیراوەتەوە کە شیکردنەوەیان دەتوانێ دووره دیمەنی سیاسەتەکانی حکوومەت لەم دوو بوارەدا روونتر بکاتەوە.

مەسەلەی ئابووری و نیگەرانییەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا، سەرەڕای بەرەوپێشچوونی بەرچاوی وتووێژەکانی دەوڵەتی رووحانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و، کرانەوەی دەلاقەیەکی هەرچەند چووک لە هیوا بە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی دوولایەن، نیشاندەری ئەو راستییەیە کە خامنەیی هەتا ئێستاش بڕوایەکی ئەوتۆی بە ڕۆژئاوا نیە و هیوایەکی زۆری بە لابردنی گەمارۆکان لە ماوەیەکی کورتدا نیە، کە لەوانەیە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بۆخۆیان بەنیاز نین واز لە بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەیان بێنن.

خامنەیی ئەگەرچی لە بەشێک لە پەیامەکەیدا وەک هەمیشە گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی رۆژئاوای کەم بایەخ وسف کرد، بەڵام باش دەزانێ کە درێژەکێشانی گەمارۆکان بە گوڕ و گوشاری پێش وتووێژەکان لەگەڵ رۆژئاوا، دەبووە هۆی دارمانی رێژیم و، مل راکێشان بۆ وتووێژەکان و رێککەوتنامەی ژێنێڤ نیشاندەری ئەو ترس و پاشەکشە گەورەیە بوو لە بەرامبەر گوشار و گەمارۆکانی رۆژئاوادا.

بەڕێوەبەری جیهادی لە بواری ئابووریدا بانگێشتی خەڵک بۆ بردنەسەری ئاستی تەحەمول و خۆڕاگرییان لە بەرامبەر فشاری ئابووریی زیاتر و، هاندانی دەست و پێوەندەکانی رێژیم بۆ بەرخوردی جیهادی بە ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر دۆخی نالەباری ئابووریدایە.

کەوابێ پێش بینیی ئەم دۆخە ئابوورییە لە لایەن خامنەییەوە دەتوانێ نیشاندەری ئەوەبێ کە لەوانەیە ناوبراو پشتیوانییە بێ مەرج و تەواوەکەی لە وتووێژە ئەتۆمییەکان کەم بکاتەوە و دەستی دەوڵەتی رووحانی لە وتووێژەکاندا تاڕادەیەک ببەستێ، کە ئەوە دەبێتە هۆی نەرمی نەنواندنی رۆژئاوا و بەردەوامیی گەمارۆکان لەسەر ئێران.

مەسەلەی فەرهەنگ کە ماوەیەکە خامنەیی و باڵی بناژۆخوازی رێژیم زۆری باس دەکەن، یەکێکی دیکە لەو بابەتانە بوو کە لە پەیامی رێبەری رێژیمدا هاتە بەرباس. خامنەیی لە پەیامەکەیدا گلەیی لە دۆخی فەرهەنگیی ئێران کرد و وێڕای بە گرنگ زانینی مەسەلەی فەرهەنگ بۆ کۆمەڵگا، رەخنەی ئەوەی لە دامودەزگاکانی رێژیم گرت کە تەنیا بیانییەکان لە خەسارە فەرهەنگییەکان بەرپرس نین، بەڵکوو بەرپرسانی رێژیمیش لەم دۆخەدا بەرپرسیارن. ناوبراو فەرهەنگی وەک هەوا زانی کە هەرکەس لەم وڵاتەدا بژی پێویستە لێی هەڵمژێ. کەوابێ فەرهەنگی خراپ و بە وتەی ناوبراو ناپاک، کاریگەریی لەسەر هەموو کۆمەڵگا دەبێ.

زەق کردنەوەی مەسەلەی فەرهەنگ کە خامنەیی لە قسەکانی یەکەم رۆژی ساڵی تازەشدا لە مەشهەد بە توندی پێی لەسەر داگرتەوە، نیشاندەری نیگەرانییەکانی رێژیم لە کرانەوەی کەشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێرانە کە بە هاتنە سەرکاری رووحانی چاوەڕوانییەکان لەم بوارەدا لە دەوڵەتی یازدەهەم زۆرە و رووحانیش بە جۆرێک دەیهەوێ ئەو هاوسەنگییە رابگرێ و تەنانەت چاوەڕوانیی گەڕانەوە بۆ کەشی دوای جۆزەردانی ٧٦ی لە خەڵکدا پێکهێناوە. گلەییەکانی راگەیەنەکانی سەر بە باڵی بناژۆخواز لە سیاسەتە فەرهەنگییەکانی دەوڵەتی

تازە بەجۆرێک دژکردەوە بووە بەو بەرنامە و سیاسەتانەی رووحانی و کابینە میانەڕەوەکەی کە ئەو چاوەڕوانییانە لە خەڵکدا زیاد دەکەن.

بەڕێوەبەریی جیهادی لە بواری فەرهەنگیدا مانای گەڕانەوە بۆ ئەو دۆخە داخراو و پۆلیسییەیە کە رێژیم لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق و دواتر بە تایبەتی لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا بەسەر ئێرانیدا زاڵ کردبوو.

ساڵی بەڕێوەبەریی جیهادی لەبواری فەرهەنگیدا دەتوانێ ساڵی بەرتەسکتر کردنەوەی ئازادییەکان و سەرکوتی هەر دەنگێکی جیاواز بێ لە نێوخۆ و دەرەوەی سیستمدا.

ناوی ساڵی بەڕێوەبەریی جیهادی لە بوارە گرنگەکانی ئابووری و فەرهەنگیدا نیشاندەری ئەو روانگە و بۆچوونەیە کە دژایەتیی هەیە لەگەڵ خواست و ویستەکانی ئەو خەڵکەی ساڵی رابردوو بە هیوای کەشێکی کراوەتر و ژیانێکی خۆشترەوە دەنگیان بە رووحانیدا و خوازیارن رووحانی بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردن لە بوارە جوارجۆرەکان و بە تایبەت ئابووری و فەرهەنگیدا بێنێتەدی.

بەڵام دەبینین لە هەموو ئەو بوارانەدا کە خامنەیی ئاماژەی پێدان و لە پەیامە نەورۆزییەکەیدا بەرجەستەی کردنەوە، جیاوازییەکی زەق و بەرچاو لە نێوان روانگە و بۆچوونەکانی خامنەیی لە لایەک و رووحانی و کابینەکەی لە لایەکی دیکەوە دەبینرێ. هەر بۆیە ئەم ناودێرکردنە و ئەم پەیامە دەتوانێ ئاماژەبێ بە دەسپێکردنی ساڵێکی پڕ کێشە و گرژی لە نێوان رێبەر و دەوڵەتی رووحانیدا و هەر بەو پێیە دەبێ چاوەڕوانی رووبەڕووبوونەوەی نێوان مەجلیس و دەزگای قەزایی و دامودەزگاکانی سەر بە خامنەیی لەگەڵ دەوڵەتی و وەزیرەکانی لە لایەک و خەڵک و جیابیران و رەخنەگران لە لایەکی دیکەوە بین.

هەر بەو پێیە ئەگەری ئەوە هەیە لە ساڵی تازەدا جیاوازیی بۆچوونەکانی نێوان دەوڵەت و رێبەری بەرجەستە بێتەوە و لە هەڵسووکەوتی دەزگا قەزایی و ئەمنییەتییەکان و تەنانەت مەجلیسیشدا رەنگ بداتەوە. دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە ساڵی تازەدا مەجلیس فشار بۆسەر دەوڵەت زیاد بکا و تەنانەت ئیستیزاحی وەزیریش دوور لە چاوەڕوانی نابێ.

هەر بە ئاراستەی بەڕێوەبەریی جیهادی لە بواری فەرهەنگی‌دا دەبێ چاوەڕوانی رووبەڕووبوونەوەی توندی دەزگای قەزایی لەگەڵ خەڵک و جیابیران و رەخنەگران بین و بەو پێیەش چالاکیی دەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییە هاوتەریبەکان پەرەبستێنێ.

کەوابێ ناوی ساڵی ئابووری و فەرهەنگ و بەڕێوەبەریی جیهادی لە نێوخۆ ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران دەدا کە دەبێ چاوەڕوانی ساڵێکی جیهادی بن و خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی جیهادگێڕانی حکوومەتی ئیسلامی ئامادە بکەن و لە ئاستی دەرەکیش‌دا دەبێ چاوەڕوانی سەختتربوونی رەوتی دانوسان و وتووێژەکان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٤

## وڵاتێک بە ناوی عێراق‌و ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە

ئەو وڵاتەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی‌و شکستی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە لایەن بریتانیاو فەرانسەوە دروستکراو نەخشە سیاسییەکەی دیاریکرا، بە پێکەوە لکاندنی زۆرەملی‌و نادڵخوازی سێ پێکهاتەی جیاوازی کوردو عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە هەتا ئەمڕۆ رووی ئارامی‌و تەناهیی بەخۆیەوە نەدیوە. هەمیشە یەکێک لەم پێکهاتانە خۆی بە خاوەنی عێراق زانیوەو ئەوانی دیکەی چەوساندۆتەوە. هەر ئەوە وایکردوە هیچکام لەم پێکهاتانە ئەم وڵاتە بە هی خۆیان نەزانن‌و مێژووی زیاتر لە ٩٠ ساڵەی ئەم وڵاتە پڕبووە لە شەڕو ململانێ‌و کودیتاو ...

دوای رووخانی رێژیمی بەعس لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرفەتێک پێکهات کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە شیعەو سوننەو کوردەوە بۆ یەکەم جار لە دروست کردنەوەی حکوومەتو دارشتنەوەی یاسای بنەرەتیی وڵاتدا لێک کۆببنەوەو هەوڵ بدەن وڵاتێکی ئازاد دابمەزرێنن کە هی هەمووان بێ. گەلی کورد لە عێراق وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد کە لە دوای ساڵی ٩٠ەوە لە باشووری کوردستان ئەزموونی ئیدارەو بەڕێوەبەریی بەشێک لە وڵاتی خۆی هەبوو، لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقدا دەروێکی کاراو بەرچاوی گێڕاو توانی لە یاسای عێراقدا سیستمی فیدرالی بۆ ئیدارەی وڵات بچەسپێنێ. بەڵام دوای دەسبەکاربوونی دەوڵەتی تازە کە دەوڵەتێکی

شیعەی زۆر نزیک لە ڕێژیمی ئێران بووو دوای دامەزراندنەوەی سپاو دامەزراوەکانی حکوومەت، دەوڵەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی نووری مالکی هەمان ڕێچکەی دەوڵەتەکانی پێشووی عێراقی گرتەوەبەرو دەستیکرد بە پەراوێزخستنی لایەنەکانی دیکە. سیاسەتەکانی مالکی وایکرد لە ماوەی دە ساڵدا لە هەموو عێراق، جگە لە بەشی باشووری کوردستان کە لە لایەن کوردەکانەوە ئیدارە دەکرێ، جگە لە هەڵاواردنو وێرانیو گەندەڵی هیچ کارێکی جیددی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق نەکرێ.

وەلانانی سوننەکان لە دەسەڵاتو پەراوێزخستنیانو پێشێل کردنی یاساو پشتگوێ خستنی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیو زۆر بڕگەو مادەی دیکەی یاساو، ئیدارەو هەڵسوکەوتی تاکڕەوانەو بە پێی حەزو بەرژەوەندی مالکیو تاقمی دەوروبەری بووە هۆی دروست بوونی ناڕەزایەتییەکی زۆر لە نێو هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە سوننەو کوردو تەنانەت بەشێک لە لایەنە شیعەکانیشەوە.

دوای سەرهەڵدانی گرژیو نائارامییەکان لە ناوچەو بە تایبەت لە سووریەداو پەیدا بوونی چەندین گرووپی ئیسلامیی جیهادی لە ناوچەکەو دەستتێوەردانی وڵاتانی دیکەو بە تایبەت ئێران وەک بەرەی شیعە بۆ پاراستنی ڕێژیمی بەعسی سووریەو پاڵپشتی لە گرووپە تیرۆریستەکان لە ناوچە بۆ لە مەترسی خستنی بەرژەوەندەکانی ڕۆژئاواو مانۆڕو مەیدانداریییەکانی سپاسی قودسی ئێران لە ناوچە وەک هێزێکی بێ ڕکەبەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بەرەی شیعەو هاوپەیمانەکانی خۆیو وەزاڵەهێنانی سوننەکانی عێراقو تەحریکی وڵاتانی سوننەی ناوچەو، هاوکات بەزاندنی سنوورەکانی سەرەڕۆییو تاکڕەویی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر عێراقداو بە لوتکە گەیشتنی ناڕەزایەتییەکان لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی، بەرەی سوننەو پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشووی لە ناوچە سوننەنشینەکان خستە بەرەیەکەوەو پێکەوە کەوتنە خۆڕێکخستنو دژایەتیو پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی مالیکی.

کاتێک لە دواساتەکانی ڕۆژی ٩ی ژوئەن هێزە چەکدارەکانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام) لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر شاری گرنگی موسڵدا گرتو سپا ٦٠ هەزار کەسییەکەی عێراق لە چەند کاتژمێردا تەسلیم بوون، یەکەم تەقینەوەی گەورە لەو عەنبارە باڕووتەدا دەستی پێکرد کە بەهۆی تاکڕەویو سەرەڕۆیییەکانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق دروست ببوو.

هێرشەکانی هێزە چەکدارەکانی داعش کە پێکهاتبوون لە چەند گرووپی ئیسلامیی سوننەو پاشماوەکانی ڕێژیمی

پێشوو، خێرا ناوچەیەکی زۆری لە خاکی عێراق گرتەوەو سەرەڕای ئەوەی بەغداو تارانو چەند وڵاتێکی دیکە ئەو هێزەیان بە ترۆریست ناوبرد بەڵام لە لایەن خەڵکی ناوچە سوننەنشینەکانەوە پێشوازییان لێکراو هاوکارییان کردن. ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکاش کە بە سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەتی ئۆباما بەشێک لە بەرپرسیارێتیی ئەم دۆخەی دەکەوێتەی ئەستۆ، زۆر بە ئیحتیاتەوە لەگەڵ مەسەلەکە هەڵسوکەوت بکاو سەرەڕای داوای مالیکی ئامادە نەبوو هێزی چەکدار بنێرێتە بەرەی شەڕ.

ئێستا دوای سێ حەوتوو لە هێرشەکەی داعشو ڕاپەڕینەکەی سوننەکان لەدژی دەسەڵاتی شیعەی بەغدا، هێزە چەکدارەکانی سوننە ناوچەیەکی بەرینی خاکی عێراقیان بە دەستەوەیەو خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر بەغدا ئامادە دەکەن.

سپای عێراق بە کردەوە هەڵوەشاوەتەوەو، ئەو سپایەی بە دەیان ملیارد دۆلاری بۆ ڕاهێنانو پڕچەک کردنی خەرج کرا لەبەر سیاسەتی غەڵەتو فیرقەیی دەوڵەتی ناوەندیو گەندەڵیی لە ڕادەبەدەر توانای پاراستنی وڵاتی نیە. سوننەکان داوای پێکهێنانی هەرێمو دەسەڵاتی خۆیان دەکەینو هیواو متمانەیان بە دەسەڵاتی مالیکی نەماوە.

لە لایەکی دیکەوە دوابەدای تەسلیم بوونو هەڵاتنی سپای عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچە دابڕاوەکانی خاکی کوردستانی کۆنترۆڵ کردۆتەوەو ئێستا هەموو بەشەکانی خاکی کوردستان لەبەردەستی هێزی پێشمەرگەدایە.

کورد کە لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی باشووری کوردستانی کردوە توانیویەتی ئاوەدانیو سەقامگیرییەکی کەم وێنە لە ناوچەکەدا پێکبێنێ کە متمانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی وەدەستهێناوەو ئێستا دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ کە هەنگاوی جیدیو خێراتر هەڵێنێتەوە بۆ وەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی کوردانو دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان.

کورد لە یازدە ساڵی ڕابردوودا هەموو هەوڵی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ حکوومەتی ناوەندی ناچار بکا ڕێز لە یاسا بگرێو وڵاتێکی دێموکراتیکی گشتگیر دابمەزرێنێ. بەڵام سەرکێشیو سەرەڕۆییەکانی بەغدا وایکرد کە هیچ ڕێگەیەک بۆ کوردو لایەنەکانی دیکە نەمێنێتەوە.

ئێستا بریتانیاو بە تایبەت ئەمریکا کە هەڵوەشانەوەی عێراق بە شکستی یەکجارەکیی سیاسەتەکانیان لە ناوچەکەدا دەزانن بە پاساوی ئەوەی عێراقێکی یەکپارچە بەهێزترە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەن کە حکوومەتێکی گشتگیر بە بەشداریی هەمووان پێک بێنن. بەڵام هەڵسوکەوتی تا ئێستای مالکیو سەرانی حیزبەکەی بە تایبەت شکستی یەکەم دانیشتنی پارلمانی عێراقو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نوێنەرانی کورد هیواکان بە گەیشتن بە ڕێککەوتنو یەکڕیزییەکی نیشتمانیی ڕاستەقینە کە بتوانێ عێراق لە پارچەپارچە بوون ڕزگار بکا، زۆر کەم دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە کورد سوورە لەسەر ئەوەی لە مافی ڕەوای خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووسو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆش نەبێو هەوڵەکانی سەرکردایەتیی کوردو پشتیوانیی زۆر لە وڵاتانی ناوچەو ئورووپا بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاتی ئەوە هاتووە کورد مەسیری خۆی لە عێراق جیا بکاتەوەو ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێ کە سەردەمانێک بە زۆرو بێ ڕەزایەتی خۆی پێیانەوە لکاندوە.

ئێستا بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی گوتراو بە لێکدانەوەی نفووزو دەسەڵاتی وڵاتانی دەرەکیو بە تایبەت ئێرانو بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقو سیاسەتو هەڵسوکەوتی ئیحتمالییان لەگەڵ دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق، دوو ئەگەر لە هەمووان بەهێزترن: یەک ئەوەیکە بە داوای ئێرانو بەخۆداچوونەوەی بەرپرسانی شیعە لە عێراق، واز لە سەرەڕۆیی بێننو ڕێگە بدەن دەوڵەتێکی گشتگیر پێک بێو هەموو لایەک لە دەسەڵاتو سەروەتو سامانی وڵاتدا شەریک بن کە لەم حاڵەتەشدا ئیتر کوردو هاوسەنگیی هێز لە نێوان کوردو عەرەبدا وەک پێشوو نەماوەو کورد داواکاریی زیاتری دەبێ کە سیستمێکی کۆنفیدرالی دەتوانێ حاڵەتێکی بێ. دووەم ئەوەکە هەروەک تا ئێستا کردوویانە حکوومەتی ناوەند دەست لە سەرەڕۆیی هەڵنەگرێو مل بۆ داواکانی لایەنەکانی دیکە ڕانەکێشێ کە ئەوکات ئەگەری دابەشبوونی عێراق زۆر زیاتر دەبێ. دیارە لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستاندا، لە هەردووکی ئەم حاڵەتانەدا ئەوەی بڕیاری کۆتایی دەدا خەڵکی کوردستانە کە دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بداو داهاتووی خۆیو وڵاتی عێراق بە دابەشبوون یان پێکەوەمانەوە دیاری بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٤

# وردبوونەوەیەک لە هەستی نەتەوایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان

گەلی کورد وەک گەورەترین گەلی بێدەوڵەتی جیهان کە مافە نەتەوایەتییەکانی لێ زەوتکراوە و خاک و نیشتمانی لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بووە، سەدان ساڵە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی خەبات دەکا و قوربانی دەدا.

داگیرکەرانی کوردستانیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە هەموو شێواز و ئامرازەکان هەوڵی سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوەی کورد و دامرکاندنی ئاگری خەباتە پیرۆزەکەیان داوە، بەڵام لە هەمووی ئەو خەبات و ململانێیەدا، هەستی نیشتمانپەروەری و ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی ئەم گەلە خەباتکارو خۆڕاگرە هۆکاری سەرەکیی مانەوە و گەشاوەبوونی ئاگری خەباتی نەتەوەیی کورد بووە.

ئەم هەستە نەتەوایەتییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان وایکردوە گەلی کورد لە بەرامبەر سەرکوت و زەبروزەنگی دوژمناندا بە چۆکدا نەیە و ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ئاگری خەبات لە کزی دابێ، لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەم ئاگرە سەرهەڵداتەوە و گەلی کورد بەرامبەر بە دوژمنان قایم و خۆڕاگر و بەرامبەر هاونیشتمانە زۆرلێکراوەکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان خەمخۆر و دڵسۆزتر بن.

هەروەک گوترا هەستی نەتەوایەتی بە تایبەت بۆ گەلی کورد کە خاک و وڵاتی داگیرکراوە و بۆ وەدەستهێنانی سەروەری و دەسەڵاتی خۆی لەسەر خاکەکەی خەبات دەکا، هەستێکی پیرۆز و پێویستە و ڕەمزی مانەوە و بەردەوامبوونە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتیدا. لەم وتارەدا دەوڵ دەدرێ ئاوڕێک لەم هەستە پیرۆزەی گەلی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بدرێتەوە و دەرەنجامە خوازراو و نەخوازراوەکانی لەسەر خەباتی نەتەوایەتی لەم بەشەی کوردستاندا لێک بدرێتەوە.

هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر تێکۆشەران و

خەباتکارانی کورد و هاونیشتمانەکانیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان شتێکی روون و ئاشکرایە و عەرەب گوتەنی «اظهر من الشمس»ـە. باوشی ئاوەڵا و پێشوازیی گەرمی کوردی رۆژهەڵات لە رۆژە سەختەکانی ئاوارەیی و لێقەوماندا بە رووی خوشک و برا هاونیشتمانەکانی لە باشووری کوردستان، خۆپێشاندان و گیران و کوژران لە پێناو پشتیوانی لە خەباتی کورد لە باکووری کوردستان، خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی و شادی و دیلان بۆ سەرکەوتنەکانی کورد لە باشوور و دەیان نموونەی دیکە شاهیدن لەسەر ئەم هەستە بەرزەی کوردی رۆژهەڵات.

بێگومان ئەم هەستە پیرۆزە و ئەم رەوشتە بەرزە لە فەرهەنگێکی نیشتمانپەروەرانە و گەلدۆستانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرهەمی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی کوردانی رۆژهەڵات و هزر و پەروەردەی نەتەوایەتیی بزووتنەوەی سیاسیی پێشکەوتنخوازانەی کورد و رێبەرانی شەهیدی لەم بەشەی کوردستانە کە وایکردوە بە شادییەکانی هاونیشتمانەکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان شاد بن و لە خەم و پەژارەیاندا خەمبار و شەریکی خەمیان بن.

بەڵام ئەوەی تا ئێرە باسکرا، لایەنێکی خەباتی نەتەوایەتییە و بۆ ئەوەی ئەم هەستە پیرۆزە خزمەتی پێویست بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی بکا و زیان بە بەشێکی دیکە نەگەیەنێ، پێویستە گەلی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵات چاوکراوەتر و گشتگیرتر بڕوانێتە لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەبات، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان هەر هەست یان کردەوەیەک ئەگەر لە شوێنێک بە قازانج بێ بەڵام لە شوێنێکی دیکە زیان بە بەرژەوەندی گشتیی کورد بگەیەنێ خراپە و ناچێتە خانەی خزمەت بە گەلی کوردەوە.

بۆ روونتربوونەوەی مەسەلەکە پێویستە کورد بە گشتی و گەلی کورد لە رۆژهەڵات بە تایبەتی، باش لەو راستییە تێبگەن کە سروشتی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە هەر پارچەیەک جیاوازە و تێکۆشەرانی کورد لە هەر پارچەیەک خەبات بکەن دەبێ کۆمەڵێک رێسا و چوارچێوە وەبەرچاوبگرن کە هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە بەسەر کوردیدا سەپاندوە. بۆ وێنە کاتێک کورد لە پارچەیەک خەریکی خەباتە لە دژی حکوومەتی ناوەندیی زاڵ بەسەر خاکەکەیدا، ناچارە بۆ مانەوەی خۆی و راگرتنی خەبات لە ئیمکاناتی ناوچەکە و پێوەندیی دەوڵەتەکان و ناکۆکیی نێوانیان کەڵک وەرگرێ (دیارە بە مەرجێک زیان بە خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکە نەگەیەنێ). کەوابێ هیچکام لە خەباتکارانی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستان ناتوانن لە یەک کاتدا لەگەڵ چەند دەوڵەتی ناوچە شەڕ بکەن و دوژمن بن. هەر بۆیە پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوانیاندا دروست دەبێ و شەرتی

یەکەم و سەرەکیی ئەم دەوڵەتانەش ئەوەیە کە هیچ مەترسییەک بۆسەر ئەمنییەت و بەرژەوەندەکانیان دروست نەکەن. کەوابێ هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی بەهێز و کاریگەری کورد لە ناوچەکە ناتوانێ چالاکی بنوێنێ ئەگەر دژی بەرژەوەندەکانی زیاتر لە یەک دەوڵەت لەو دەوڵەتانە کار بکا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

لە دۆخێکی لەمجۆرەدا هەر پارتێکی سیاسی لە بەشێکی کوردستان بە هەڵگرتنی دروشمێک کە لەگەڵ واقعی کوردستان ناگونجێ (بۆ وێنە سەربەخۆیی کوردستانی گەورە) بیهەوێ هێز و پتانسیەلی کورد لە بەشەکانی دیکە بۆ خەبات لە بەشەکەی خۆی بەکاربێنێ و ئەو پتانسییەلە لە مەیدانی ئەسلی و پارچەی خۆی دوور بکاتەوە خزمەتی بە داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان کردوە و کەڵکی خراپی لە هەستی نەتەوایەتیی کوردی ئەوە بەشە وەرگرتوە و لە ڕاستیدا کەڵکی ئەبزاریی لەو پتانسییەلە وەرگرتوە.

دەرک کردن و تێگەیشتن لەم ڕاستییە و دوور کەوتنەوە لە ئیحساسات وادەکا کورد سیاسەتێکی واقعبینانەتر بکا و توانا و ئیمکاناتی خۆی لە جێی خۆی و شوێن و کاتی پێویستدا بەکاربهێنێ.

هەر بۆیەشە لە حاڵێکدا کە دەبینین کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر هەموو ڕووداوە ورد و درشتەکانی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەسەرهەستن و شادی و خەمیان لەگەڵ بەش دەکەن و تەنانەت زۆر جار لەوەش زیاتر دەچنە پێش و گلەیی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بۆچی بۆ هەر ڕووداوێکی ڕۆژئاوا و باکوور و ... ڕاگەیەندراو دەرناکەن و هەڵوێست ناگرن، بەڵام لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستاندا هیچ دژکردەوەیەک بەرامبەر کوژرانی کۆڵبەرانی کورد و گیران و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی نیشان نادرێ.

ئەوە وادەکا سیاسییەکان و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر بکەونەوە کە بە ڕاستی بۆچی خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەندەی بە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ماندوون ئەوەندە بیر لە بارودۆخی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناکەنەوە. زۆر جار هەڵوێست و کردەوەکانی بەشێک لە چالاکانی ڕۆژهەڵات کە جاروبار بە ڕووناکبیریش ناودەبرێن، بەرامبەر کوژرانی گەریلایەک و شەرڤانێک و قسەیەکی عەبدوڵلاگول و قسەکانی سەرکردەی فڵان حیزب و ڕێکخراوی بەشێکی دیکەی کوردستان ئەوەندە توند و گەرم و گوڕە کە کەسێک کورد نەناسێ دەڵێ ڕەنگە ئەوانە لە ڕۆژهەڵات هیچ گرفتێکیان نەبێ و سەربەخۆییان وەرگرتبێ و ئێستا دەیانهەوێ

پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ڕزگار بکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە لە گەلی کورد لە رۆژهەڵات رۆژانە لەژێر چەوسانەوە و سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمی ئاخوندیدایە و رۆڵەکانی لە زیندانەکان ئەشکەنجە دەکرێن و مانگ نیە چەند لاوێکی کورد لە سێدارە نەدرێن یان کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم نەکوژرێن و بریندار نەبن. کورد لە سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتییەکانی وەک خوێندن بە زمانی خۆی بێبەشە و تەنانەت ناوی منداڵەکانیشیان دەبێ بە ویستی ڕێژیم بێ. ڕێژیم بە هەر شێوەیەک لە دەستی بێ لە هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی کورد و نیشانەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندایە و بە رووی دەرەوەشدا زۆر بێشەرمانە رادەگەیەنێ کە کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد لە ئێران بوونی نیە.

کاتێک بیر لەم ئیدیعایەی ڕێژیمی تاران دەکەینەوە هەستیاریی ئەم باسە و گرنگیی دیاریکردنی ئاراستەی هەست و سۆزی نەتەوایەتی لە نێو کوردی رۆژهەڵات زیاتر خۆی دردەخات. لە حاڵێکدا کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر بچووکترین چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردی رۆژهەڵات هەستیارن و زۆر بە توندی بەرپەرچی دەدەنەوە و سەرکوتی دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر هەست و سۆزیان بۆ پارچەکانی دیکە رێگرییەکی ئەوتۆ ناکەن و پێیان ناخۆش نیە هەست و پیانسییەلی نەتەوایەتیی کوردی رۆژهەڵات بە ئاراستەیەکی دیکەدا بچێ و کوردی رۆژهەڵات بەرامبەر دەرد و ئازارەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی دەرنەبڕێ و بێ دەنگ بێ و بە کردەوە ئیدیعای ڕێژیم بۆ نەبوونی کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد بسەلمێندرێ.

لەم حاڵەتەدا جێی خۆیەتی هەم سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەم رووناکبیران و چالاکانی ئەو بەشە نیگەرانی ئاراستەی ئەو هەستە نەتەوایەتییەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بن کە خەریکە لە ئاست سەرکوتی سیستماتیک و هەوڵی چڕی ڕێژیم بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کورد و کولتوور و هێما نەتەوایەتییەکانی گیرۆدەی جۆرێک کەمتەرخەمی و بێتەفاوەتی دەبن و ئێعدام و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی لاوانی کورد بۆیان دەبێتە شتێکی ئاسایی رۆژانە و لە هەمان حاڵدا هەوڵ دەدەن حەز و هەستی نەتەوایەتییان بە ئاراستەی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دابمرکێنن و لە ئاست ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک تەسلیم و بێدەنگی بگەن بەجۆرێک کە زۆر جار دەبینین کەسانێک کە کوڕ و جگەر گۆشەیان بە دەستی هێزەکانیان ڕێژیم کوژراوە ئامادەنین بچنە بەردەم ئیدارەیەک و ڕق و تووڕەیی خۆیان لەو زوڵمە دەرببڕن کە بەرانبەر خۆیان و

جگەرگۆشەکەیان کراوە و خەڵکی دەوروبەریشیان لە دوورەوە بینەرێکی بێ تەفاوتی دووبارە بوونەوەی ڕۆژانەی ئەم سیناریۆیەن کە لەوانەیە زوو یان درەنگ لەسەر خۆشیان بەڕێوەبچێ.

لێرەدایە کە گرنگیی ئەو ڕاستییە باشتر دەردەکەوێ کە پێویستە ئەو هەستە نەتەوایەتییە پاک و بێگەردەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی حەز و خواستی دوژمنانی کورد لەم بەشەی کوردستان، وێڕای پاراستنی سۆز و وەفاداری بۆ هاونیشتمانەکانی لە بەشەکانی دیکە، ئاراستەکەی بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات بگۆڕدرێ و لە جیاتی ئەوینێکی (بەداخەوە) یەک لایەنە، ڕوو لە ئەرکە نەتەوایەتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتدا بکا و ببێتە ئاگرێک و گڕ لە ماڵی ئارامی داگیرکەرانی کوردستان بەربدا. بێگومان هەستیاری و چالاکیی کوردانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر مافەکانیان و یەکگرتوویی و تێکۆشان بۆ پساندنی زنجیری دیلی و ژێردەستەیی تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی گەلی کورد لەم بەشە و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانە.

لە ژمارە ٦٣٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## ڕاپرسیی سەربەخۆیی سکاتلەند و پەیامەکانی

دوای ئیمزای ڕێککەوتننامەیەک لە ڕێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ لە نێوان دەیوید کامێرۆن، سەرۆک وەزیری بریتانیا و ئەلێکس سامۆند، وەزیری یەکەمی دەوڵەتی هەرێمی سکاتلەند لە ئێدینبۆرگ، پایتەختی سکاتلەند، ڕێگە بۆ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی ٣٠٧ ساڵەی نێوان سکاتلەند و بریتانیا خۆش کرا.

لە دوای ئیمزاکردنی پەیمانی یەکێتی لە ساڵی ١٧٠٧ ەوە، سکاتلەند و وێلز و ئیرلەندی باکوور بوونە بەشێک لە شانشینی یەکگرتووی بریتانیا. ساڵی ١٩٩٧ و دوای بەڕێوەبردنی ڕاپرسییەک، سکاتلەند دوای ٣٠٠ ساڵ بوو بە خاوەنی پارلمانی هەرێمی. ئێستا سکاتلەند بە شێوەی نیمچە فێدراڵ بەڕێوەدەچێ و خاوەنی پارلمان و دەوڵەتی

هەرێمیی خۆیەتی.

بە پێی ڕێککەوتننامەکەی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢، دوو لایەن ڕازی بوون لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕاپرسیی سەربەخۆیی سکاتلەند بەڕێوەبچێ و خەڵکی ئەم بەشەی شانشینی بریتانیا لەسەر چارەنووس و داهاتووی خۆیان بڕیار بدەن کە داخوا لەگەڵ بریتانیا دەمێننەوە یان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێک دێنن.

سەرەنجام ئەم ڕاپرسییە ڕۆژی ١٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ (٢٧ی خەرمانای ١٣٩٣) بەڕێوەچوو و نزیک بە ٥٥%ی خەڵکی سکاتلەند دەنگیان دا بە مانەوە لە چوارچێوەی بریتانیادا.

جیاواز لە ئاکامی ڕاپرسییەکەی سکاتلەند و بڕیاری ئەم خەڵکە لەسەر چارەنووس و داهاتووی سیاسیی خۆیان، شێوازی بەڕێوەچوون و بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک و دەوڵەتی بریتانیا لەگەڵ ڕاپرسییەکە جێگەی لێوردبوونەوە و هەڵگری پەیامێکی گرنگە بۆ جیهان و، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی لەگەڵ دیاردەی فرەنەتەوەیی بەرەوڕوون.

بریتانیا یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین وڵاتانی جیهانە و خاوەن سیستمێکی سیاسیی دێموکراتیک و پێشکەوتوویە کە جێ پەنجەی لەسەر ڕووداو و بڕیارە گرنگەکانی جیهان دیارە. بێگومان جیابوونەوەی سکاتلەند لەم وڵاتە کاریگەریی لەسەر ئەم وڵاتە دادەنا و جگە لە لەدەستدانی بەشێکی بەرچاو لە خاکەکەی قورسایی و پێگە سیاسی و ئابووریەکەشی زیانی پێدەگەیشت.

هەر بۆیە کاتێک کامێرۆن ڕێککەوتننامەی ١٥ی ئۆکتۆبری ئیمزاکرد ڕەخنە و گلەییەکی زۆری هاتەوە سەر. بەڵام جێگیربوون و زاڵبوونی عەقڵییەت و سیستمی دێموکراتیک بووە هۆی ئەوەی ڕێگە بە زەوتکردنی ئەم مافە لە خەڵکی سکاتلەند نەدرێ و سەرەڕای ئەوەی خەڵکی سکاتلەند لەگەڵ هەموو بەشەکانی دیکەی بریتانیا مافی سیاسی و ئابووری و دێموکراتیکی یەکسانیان هەیە و، جگە لەوەی لە دەسەڵاتی بریتانیادا شەریک و بەشدارن خاوەن دەوڵەت و پارلمانی خۆیانن، ڕێگەیان پێدرا خۆیان لەسەر جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ بریتانیا بڕیار بدەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمی و دواکەوتوو کە چەند نەتەوەی جیاواز بە دوور لە هەموو

یاسا و ڕێسا دێموکراتیکەکان و بە زۆر لە چوارچێوەی وڵاتێکی دەسکرددا جێگیرکراون، حەساسییەت و دژکردەوەی سەیر و سەمەرە بەرامبەر ڕاپرسییەکەی سکاتلەند هاتە ئاراوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نێو بەشێک لە بەناو ڕووناکبیران و چالاکانی ئێرانیی تاراوگەنشین شاهیدی ڕاوبۆچوون و نووسینی دوور لە عورفی سیاسی و دێموکراتیک بووین. هێندێک لەو بەناو ڕووناکبیرانە بە هێنانەوەی بەڵگە و لێکدانەوەی هەڵقوڵاو لە مێشکی داخراوی شۆڤێنیستی خۆیان هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕاپرسی لە سکاتلەند نابێ ببێتە هۆی دڵخۆشیی خوازیارانی دابەشبوونی خاکی ئێران و پێیانوابێ ئەوە ڕێخۆشکەرە بۆ دابەشکردنی ئێرانی ئازیزیان.

ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی کە خۆیان مافی ئەوەیان نیە لە ئێرانی ئازیزیاندا بژین و لە سایەی سیستمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێراندا ئاوارەی هەندەران بوونە، بە نوقاندنی چاویان لە ڕاستییەکان، هەڕەشە لە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران دەکەن کە نابێ سکاتلەند بکەنە بیانوو و بیر لە جیابوونەوە لە ئێران بکەنەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم نەتەوە ژێردەستانە نەک هەر هیچ ماف و ئازادییەکیان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان نیە، بەڵکوو لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان بێ بەشن و سیستمی شۆڤێنیستی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتانەدا بە هەموو توانا و ئیمکاناتێکەوە لە هەوڵی تواندنەوەی ئەم نەتەوانەدایە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە و لە سەدەی بیست و یەکدا بۆتە جۆکێکی تاڵ و خەفەتهێن جیاوازیی سەرسوڕهێنەری عەقڵییەتی زاڵ بەسەر بەناو ڕووناکبیرانی وڵاتانی جیهانی سێهەم و بیری پێشکەوتووی وڵاتانی دێموکراتیکە کە چۆن چاو لە ڕاستییەکانی دەورووبەریان دەکەن. کاتێک خەڵکی سکاتلەند لە سایەی ئازادی و دێموکراسی و هەبوونی هەموو مافە نەتەوایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی خۆیان، ئیختیاری بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان پێ دەدرێ، شتێکی سرووشتییە کە مانەوە لە دۆخی ئێستایاندا بە قازانجتر بزانن و بڕیاری مانەوە لەگەڵ بریتانیا بدەن. بەڵام داخوا نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانیش ئەو ماف و ئازادییەیان پێدراوە و وەک هاووڵاتیی پلە یەک سەیر دەکرێن؟ داخوا نەتەوەکانی ئێران دەبێ بە کام ماف و ئازادییەک لە ئێراندا دڵخۆش بن کە خوازیاری ڕزگاربوون لەم سیستمە سەرکوتکەرە نەبن کە جگە لە چەوسانەوە و زیندان و ئێعدام و برسییەتی هیچ دیارییەکی پێنەداون.

دوای راگەیاندنی ئاکامی راپرسییەکەی سکاتلەند دەیوید کامێرۆن گوتی بەڕێوەبردنی راپرسی کارێکی گونجاو بوو چونکە پشتگوێ خستنی رای بەشێک لە خەڵکی سکاتلەند لەسەر چارەنووس و داهاتووی سیاسیی خۆیان تەنیا بە مانای وەدواخستنی مەسەلەیەکی پێویست بوو. بەراوەردی ئەو راو و بۆچوونە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەی کە تەنانەت باسکردن لە راپرسیش بە تاوان دەزانێ، نیشاندەری قووڵبوونی زامی دیکتاتۆری و هزری شۆڤێنیستی لەسەر جەستەی وڵاتانی دواکەوتووی جیهانی سێهەم و ڕیشەدار بوونی لە مێشک و بیری بەشێکی بەرچاو لە رووناکبیرەکانییەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## خوێندنەوەیەک بۆ نوێترین هەڵوێست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە چەند رۆژی رابردوودا و هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی مەترسیی داگیرکرانی شاری کوبانی لە رۆژئاوای کوردستان لە لایەن تیرۆریستانی حکوومەتی ئیسلامیی عێراق و شام و، چڕتر بوونەوەی خۆڕاگری و بەرگرییەکانی رۆڵەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان، خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ نیشاندانی هاوپێوەندی و پشتیوانی خۆیان و، هەروەها راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی جیهانی بۆ لای خەڵکی بێ دیفاعی کوبانی لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا، کەوتوونەتە جۆش و خرۆش و لە هەر ڕێگەیەک بۆیان دەکرێ، بە خۆپێشاندان و وەڕێخستنی کەمپین ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

لەم نێوەدا وەک هەمیشە و هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی فەرهەنگی بەرزی نەتەوەیی و هەستی بێگەردی نیشتمانپەروەرییان بە شێوەیەکی کەم وێنە و بە هەست و حەماسەتێکی کوردانەوە، هاوپێوەندی و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ هاونیشتمانەکانیان لەم پارچەی کوردستان دەربڕی.

هەواڵی وەڕێخستنی کەمپین لە لایەن رووناکبیران و هونەرمەندانی ناسراوی رۆژهەڵات و، خۆپێشاندان و ڕێپێوانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، شەپۆلێکی بەرین لە هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی

بە بەرچاوی هاونیشتمانیان لە لایەک و داگیرکەران و خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهان لە لایەکی دیکەوە نیشان دا.

ئەم حەرەکەتە حەماسی و پشتیوانییە بەرینەی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەبەرچاو و لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەروەک چاوەڕوان دەکرا بێ هەزینە و گرفت نەبوو. هەروەک لە باکووری کوردستان سپای تورک بە گولله و گازی فرمێسک ڕێژ و باتۆم بەرەنگاری خۆپێشاندەرانی کورد بوونەوە و ڕۆڵەکانی کوردیان لە خوێن گەوزاند و ژمارەیەکی زۆریان شەهید و بریندار کرد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دوژمنانی کورد و کوردستان بە هێزی ئەمنییەتی و سپای بەکرێگیراوانەوە ئامادەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خۆپێشاندەران بوون و، سەرەڕای ئەوەی لە ترسی خرۆشانی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان هەوڵیاندا ڕاستەوخۆ بەرەنگاری حەرەکەتەکە نەبنەوە، بەڵام بینرا کە لە شاری مەریوان هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و شەڕ و تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە.

ڕێژیم سەرەتا هەوڵی دا ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا بەرێ و لە ڕێگەی ژمارەیەک بەکرێگیراوی خۆیەوە بە سووتاندنی ئاڵای ئەمریکا وانیشان بدا کە خەڵکی ڕۆژهەڵات، ئەمریکا و هاوپەیمانان بە هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکەی کوبانی دەزانن. لە لایەکی دیکەوە بە بڵاوکردنەوەی دروشمی بێ بنەمای هەڵقولاو لە بیری شۆڤێنیستی و پان ئێرانیستی و ئەوەیکە "هەموو کوردەکان لە هەر شوێنێک بن ئێرانین"، ویستیان مەرام و ویستی دواکەتوانەی خۆیان بەسەر حەرەکەتەکەدا زاڵ بکەن.

بەڵام وشیاری و ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی نەتەوەیی کورد وەک لە سی و چەند ساڵی ڕابردوودا، نیشانیدا ئەم هەوڵە نەزۆکانە بێ ئاکامە و سەرەنجام هێرش و سەرکوتی بێ بەزەییانەی هێزەکانی ڕێژیم و قۆڵبەست کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپێشاندەران بە تایبەت لە مەریوانی لێ کەوتەوە.

ئەم سەرکوت و بەرخوردە توندەی ڕێژیم و شێواز و سیاسەتە فێڵاوییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو خۆپێشاندەرانەی بۆ پشتیوانی لە هاونیشتمانەکانیان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان هاتوونەتە سەرشەقامەکان، هەڵگری پەیامێک بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانە.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە وێڕای پاراستنی هەستی بەرزی نەتەوەیی و هاوپێوەندی و پشتیوانی و بەهاناوەچوونی خوشک و برا هاونەتەوەکانیان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەبێ وشیار و

ئاگاداری ماهییەتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی بن و لەبیریان نەچێتەوە کە ئەرکی سەرەکی و یەکەمیان بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامییە. چونکە ئەم کارە جگە لە رزگارکردنی کورد لەم بەشەی کوردستان، گەروەترین یارمەتیشە بە پارچەکانی دیکە و هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ نەهێشتنی سێبەری دوژمنێکی گەورەی کورد بەسەر ناوچەکە و بەرژەوەندی گشتیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرەڕای پشتیوانیی رواڵەتیی ئەم رێژیمە لە کوردی پارچەکانی دیکە، لە راستیدا دژی هەموو بەرژەوەندییەکانی کورد لە تەواوییەتی خۆیدایە و، هەر یارمەتی و پشتیوانی کردنێکیشی لە بەشێک لە کوردەکانی پارچەیەک، بە مەبەستی ناپاکی و ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی خستنە ناو ریزەکانی کورد و لێک دوور کردنەوەی هەرچی زیاتری پارچەکانی کوردستان لێکترە و هەر بۆیەشە هاوپێوەندی و هاوسۆزیی خەڵکی رۆژهەڵات بۆ پارچەکانی دیکە لە لایەن ئەم رێژیمە و هەموو دوژمنانی کوردستانەوە تەحەممول ناکرێ.

هاوکات ئەم حەرەکەت و پشتیوانییە شکۆدارەی خەڵکی کوردستان و بەردەوامیی چەندر رۆژەیان بەم حەرەکەتانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، نیشاندەری بەردەوامیی رووحی شۆڕشە لە جەستەی رۆژهەڵات و مێشک و دڵی رۆڵەکانی رۆژهەڵاتدا. کە ئەگەر لە سایەی لەخۆبردوویی و بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەست بەرداری هێندێک ماف و چالاکییەکانی خۆیان بوونە، بەڵام رووحی شۆڕشگێڕی و رەوتی شۆڕش لە هەر قالب و فۆرمێکدا کە نیشتمانە پارچە پارچەکراوەمان بخوازێ و پێویستی بێ زیندووە و ئامادەی مەیدانداری و بەرخۆدان و خەباتە. جا ئەم مەیدانداری و بەرخۆدانە چ لە مەیدانی پشتیوانیی مەعنەوی و یارمەتیی ماددی بۆ شەنگال، یان خۆپێشاندان و کەمپین بۆ پشتیوانی لە کوبانی بێ، چ لە پێشوازی و یارمەتیدانی رۆڵەکانی دێموکرات و پارێزەرانی رۆژهەڵات و حەواندنەوە و حەشاردان و پاراستنیان لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا بێ. هەمووی ئەمانە نیشاندەری رووحی شۆڕشگێڕیی خەڵکی رۆژهەڵاتە کە بە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی داگیرکەرانی کوردستان و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر زیندووە و تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی هەروا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## پشتیوانی جیهانی بۆ کوبانی و سەرکوتی خۆپێشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە حاڵێکدا کە ٥٠ ڕۆژ بەسەر هێرشی هێزە تیرۆریستییەکەی داعش بۆ سەر شاری کوبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان تێدەپەڕێ، لە ڕۆژی ١ی نۆوامبردا لە چەندین وڵاتی دنیا بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی کوبانی لە بەرامبەر پەلاماری هێزەکانی داعش ڕێپێوان و خۆپێشاندان بەڕێوەچوو و، لە چەند ڕۆژ لەوەپێشەوە بانگەوازی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی کوبانی بڵاوبۆتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراو و دامەزراوەکان پشتیوانی‌یان لەم بانگەوازە کردوە.

بێگومان خۆڕاگریی کەم وێنەی ڕۆڵەکانی کورد لەم بەشەی خاکی کوردستان و قارەمانەتییان لە بەرامبەر هێرشکەران و تیرۆریستانی داعش کە بە یارمەتیی ماڵی و تەداروکاتیی چەند لایەنی ناوچەیی و تەیار بە چەک و ئیمکاناتی پێشکەوتوو لە هەوڵی داگیرکردنی شاری کوبانی و تەواوی ڕۆژئاوای کوردستان‌دان، هەروەها پشتیوانی و لایەنگریی ڕۆڵەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و خۆپێشاندان و کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی بۆ پشتیوانی لە خوشک و براکانیان لەم بەشەی کوردستان و بە تایبەت بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وپەسندی لەلایەن پارلمانی کوردستان بۆ ناردنی هێز و، یارمەتیدانی خوشک و براکانمان لەم پارچەی کوردستان، جیهانی ناچارکرد بێدەنگی بشکێنێ و پشتیوانیی خۆی لە ڕۆڵەکانی کورد لەم بەشەی کوردستانیش دەربڕێ کە بە کەمترین ئیمکانات بەرەنگاری دوژمنێک بوونەتەوە کە نەک هەر دوژمنی گەلی کورد، بەڵکوو دوژمنی جیهانی پێشکەوتوویە و مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر هێمنی و ئارامیی جیهان.

ئەگەر سەردەمێک سەفبەندییە ناوچەیی و جیهانییەکان وایکردبوو دەنگی خەباتکارانی کورد ئەوجۆرەی پێویستە بە گوێی دنیا نەگا و وڵاتانی جیهان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئامادەنەبوون گرنگی بە کورد بدەن، ئەمڕۆ دەبینین کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرەیەکدا شەڕ دەکا کە بەرامبەرەکەی مەترسیدارترین دوژمنە بۆ بەرژەوەندییەکانی هەموو جیهان و ئەوە ئەرک دەخاتە سەرشانی ئەو وڵاتانەی خۆیان لە بەرەی دژی تیرۆردا دەبیننەوە کە لە بەرامبەر داهاتووی ئەم شەڕە و داهاتووی جیهان‌دا بێدەنگ نەبن. هەر بۆیە خۆڕاگریی هێزی کورد و یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان وایکرد ئەو بێدەنگییەی لە ئاست هێرش و هەڕەشەکانی

داعش بۆ سەر شاری کوبانی هەبوو بشکێنن و، هاودەنگیی بەرینی جیهانی بۆ پشتیوانی لە خەبات و خۆڕاگریی کورد لە بەرامبەر هێرشی تیرۆریستاندا وەڕێبخرێ.

هەر بۆیە دیتمان ڕۆژی شەممە ۱ی نۆوامبر لە زۆربەی وڵاتانی جیهان خۆپیێشاندان و ڕێپێوانی بەرین وەڕێخرا بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی کوبانی و بانگەوازی ڕۆژی جیهانیی کوبانی.

بەڵام لەم نێوەدا ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا پشتیوانیی جیهانی بۆ خۆڕاگریی کوبانی لە بەرامبەر پەلامارەکانی داعش وەڕێخراوە، لە ئێران خۆپیێشاندانی پشتیوانی لە کوبانی دەکەوێتە بەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم.

ڕۆژی شەممە لە کاتێکدا کە خەڵکی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خوشک و براکانیان لە کوبانی خۆپیێشاندانێکی ئارام و هێمنانەیان وەڕێخستبوو، لە لایەن هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەوە بە توندی هێرشیان کرایە سەر و کەوتنە بەر پەلاماری باتوم و گازی فرمێسک ڕێژ و ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپیێشاندەران دەسبەسەر کران کە تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

ئەم حەرەکەتەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی داعش سفەتی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە هەموو جیهان پشتیوانی لە خۆڕاگریی کوبانی لە بەرامبەر هێزی تیرۆریستی داعشدا دەکا، جێگای تێڕامان و لێوردبوونەوەیە.

کۆماری ئیسلامی هەتا ئەوکاتەی هیوای بەوە هەبوو کە بتوانێ ئاراستەی خۆپیێشاندانەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاراستەی سیاسەتەکانی خۆیدا و لە دژی ڕۆژئاوا بگۆڕێ بێدەنگییەکی ڕێژەیی لە بەرامبەر خۆپیێشاندانەکاندا گرتبووە بەر. بەڵام کاتێک بۆی روون بۆوە کە خەڵکی کورد لەوە وشیارترە کە ئامانج و داوا ڕەواکانی خۆی فیدای سیاسەتە نائینسانییەکانی ئەم ڕێژیمە بکا و، لەوەش گرنگتر ئەو هێزە بێ وێنەیەی لە سایەی یەکگرتوویی و یەکیەتیی نەتەوەیی کورددا پێک دێ نەک شتێک نیە کە ڕێژیمێکی دژە کوردی وەک کۆماری ئیسلامی بتوانێ بیکاتە ئامرازی بەڕێوەبردنی سیاسەتە هەڵەکانی، بەڵکوو هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەموو دوژمنان و نەیارانی کورد، بە تایبەت کۆماری ئیسلامی، ڕووی راستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد و، لە حەرەکەتی ڕۆژی ۱ی نۆوامبردا لە دژی خۆپیێشاندەرانی شاری سنە سەلماندنی کە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە هەرگیز

ڕێگەی پێنادا کارێک بکا کە لە قازانجی راستەقینەی نەتەوەی کورددا بێ. ئەم ڕێژیمە ئەگەر لە پارچەکانی دیکەش جاروبار بە رواڵەت یارمەتیی کوردی داوە هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە کە گەلی کورد بەهێز بکا و خزمەتی راستەقینەی ئەم گەلە بکا، بەڵکوو لە هەر هەنگاوێکدا هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی داوە و ویستوویەتی کوردی ئەو بەشە بهێنێتە ژێر رکێفی خۆی و لە هاوکێشە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا بەکاریان بێنێ و ڕێگەنەدا کورد بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا. بۆیە هەرکات هەست بکا رەوتێک و حەرەکەتێک دەبێتە هۆی لێک نزیک بوونەوە و یەکگرتوویی گەلی کورد، بە توندی لە دژی دەوەستێتەوە و سەرکوتی دەکا.

هەر بۆیە ئەم حەرەکەتەی ڕێژیم پەیامێکی روون و ئاشکرایە بۆ گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە ئەم ڕێژیمە هیچکات دۆست و پشتیوانی ئەوان نیە و لە هەر دەنگێکی پشتیوانی بۆ گەلی کورد لە هەر گۆشەیەکی جیهان بێزارە و دژایەتیی دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە پێمان دەڵێ کە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی گەلی کورد گەورەترین و بەهێزترین چەکی ئەو گەلەیە کە دوژمنانی کورد و کوردستانی تۆقاندوە و خەوی ئارامی لێ حەرام کردوون، بۆیە بە هەموو تواناوە هەوڵ دەدەن ڕێگە لەم یەکگرتوویە بگرن و نەیهێڵن ئەم گەلە یەکگرتوو بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

## ڕووداوە تیرۆریستییەکانی پاریس و شەڕی دژە تیرۆر

ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ڕۆژانی ٧ و ٨ و ٩ی ژانویەی شاری پاریس جارێکی دیکە مەترسییەکانی بناژۆخوازییە ئایینییەکانی بەرجەستەکردەوە و نەفرەت و بێزاریی لە تیرۆر و تۆقاندن بە ناوی دین و، یەکدەنگی و یەکگرتوویی‌یەکی ڕواڵەتی لە دژی ئەم دیاردەیە لە جیهاندا دووبارەکردەوە.

هێرش بۆ سەر گۆڤاری شارلی ئێبدۆ کە بە تەنزو کاریکاتۆرەکانی هەموو ئایین و مەزهەبەکان دەداتە بەر ڕەخنەی توند لە لایەن برایانی کواشی و کوژرانی ١٢ کەس کە زۆربەیان لە ستاڤی ئەم گۆڤارە بوون و، دواتریش بە بارمتە گرتنی چەند کەس لە لایەن لاوێکی بە ڕەگەز ئەفریقایی لە فرۆشگایەکی جوولەکەکاندا، کە سەرجەم بووە هۆی کوژرانی ٢٠ کەس بە سێ تیرۆریستەکەشەوە لەم سێ ڕۆژەدا، وێڕای ئەوەی شۆکێکی گەورەبوو بۆ کۆمەڵگای فەرانسە، دەنگدانەوەیەکی بەرینی لە ئاستی جیهاندا لێکەوتەوە.

ئەم هێرشانە کە بە پاڵپشتی و لە لایەن کەسانی سەر بە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە بەڕێوەچوون، کۆمەڵێک نیگەرانی و دژکردەوەی جۆراوجۆری لە نێو موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەکانی فەرانسە و ئورووپادا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم کردەوە تیرۆریستییە گەورەیەی کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا وێڕای کوژرانی ٢٠ کەس، دۆخێکی نائاسایی بەسەر پاریسدا زاڵ کرد و لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا فەرانسە نموونەی هاوشێوەی بە خۆیەوە نەبینیوە، لە نێو موسوڵمانەکانی فەرانسەدا ئەو نیگەرانییەی دروست کرد کە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییان لەم وڵاتەدا بکەوێتە مەترسییەوە و، ئەوە ببێتە بیانوویەک بۆ ڕاسیست و دژبەرانی بوونی بیانییەکان بۆ گوشاری زیاتر و بەرتەسکتر کردنەوەی دەرفەتەکانی ژیانیان لە فەرانسە. لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی فەرانسە و بەشێکی زۆر لە ڕاگەیەنەکان لە ترسی ئەوەی ئەم ڕووداوە ببێتە سەرەتایەک بۆ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ و دژایەتیی نێوان غەیرە موسوڵمانەکان و موسوڵمانەکانی فەرانسە کە ژمارەیان نزیک بە ٦ ملیۆن کەسە، هەوڵیان دا حیسابی ئەم

تیرۆریستانە لە ئیسلام جیابکەنەوە و بە هەموو تواناوە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوەی روویداوە پێوەندیی بە ئیسلامەوە نیە. دیارە ئەم نیگەرانییانە لە جێی خۆیدایە و بێگومان ئەگەر دژایەتی و ناکۆکییەکی جیددی بکەوێتە نێوان موسوڵمانەکانی فەرانسە یان هەر کام لە وڵاتە ئوروپاییەکان و خەڵکانی دیکە، شیرازەی ئەمنییەت و ئاسایشی ئەو وڵاتانە تێک دەچێ و ئەوە دەتوانێ ببێتە کارەساتێکی گەورە بۆ ئورووپا.

ئەم هێرشانە لە حاڵێکدا روودەدەن کە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان چەند ساڵێکە بە چالاکی و کردەوە تیرۆریستییەکانیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمنییەت و ئاسایشی ئەو ناوچانەیان شێواندوە و جگە لە وێرانی و کوشتارێکی زۆر لە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق، سووریە و چەند وڵاتی ئەفریقای باکوور، بە وتەی خۆیان شەڕیان دژی بەرژەوەندەکانی رۆژئاوا راگەیاندوە. بەڵام هەروەک گوترا ئەوەی تا ئێستا کردوویانە بە کردەوە وێرانکردنی ئەو ناوچانە بووە کە باسکرا. دیارە لە بەرامبەردا رۆژئاواش شەڕی دژە تیرۆری راگەیاندوە و هێزێکی زۆری بۆ شەڕی ئەم گرووپانە رەوانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا کردوە و بە کردەوە شەڕی تیرۆر دەکا. تازەترین بەرەی شەڕیش، شەڕی نێوان گرووپی ئیسلامیی داعش و حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە هێزەکانی پێشمەرگە رۆژانە لە ریزی پێشەوەی شەڕی دژە تیرۆردا بەربەرەکانیی تیرۆریستانی داعش دەکەن کە ئەوە بۆتە جێی پێزانین و خۆشحاڵیی جیهان و بە وتەی ئەوان کوردستان لە جیاتی جیهان شەڕی دژە تیرۆر دەکا.

لەم شەڕەدا کە باسکرا فەرانسە یەکێک لەو وڵاتە گەروانەیە کە لە شەڕی دژی تیرۆردا دەوری سەرەکی و گرنگی هەیە و بەردەوام لە لایەن گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە هەڕەشەی زەبر وەشاندن لە خاکی خۆیدا لێکراوە. هەر بۆیە ئەم هێرشە و تەنانەت کردەوەی تیرۆریستیی دیکەی لەم چەشنە بۆ فەرانسە و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا چاوەڕواننەکراوە نیە و ئەم وڵاتانە دەبێ هەموو کات ئامادەی رووبەڕووبوونەوەی هێرشی لەم چەشنە بن.

بەڵام لەم نێوەدا ئەوەی جێگەی رەخنەیە، کەمتەرخەمیی دەزگا ئەمنییەتییەکانی فەرانسەیە، چونکە بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە راگەیەنەکان بڵاوبوونەوە، ئەم چەند کەسەی ئەو کردەوە تیرۆریستییانەیان ئەنجام داوە پێشتر پێشینەی تاوانیان هەبووە و پێوەندییان بە گرووپە توندڕەوە جیهادییەکانەوە هەبووە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سیستمی قەزایی و ئەمنییەتیی وڵاتانی ئورووپایی بە جۆرێک دەستی لایەنگران و ئەندامانی ئەم گرووپە تیرۆریستییانەیان ئاوەڵا هێشتۆتەوە کە لە وڵاتەکانیاندا بمێننەوە و ئازادانە کار و بەرنامەکانیان بەڕێوەبەرن.

## شەڕی دژی تیرۆر

ئەوەی تائێستا باسکرا رواڵەتی ئەو شەڕەیە کە لە نێوان تیرۆریستانی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە لایەک و رۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە لە ئارادایە و رێپێوانە بەرینەکەی رۆژی یەکشەممە ١١ی ژانویەی پاریس کە بە بەشداریی زیاتر لە ٢ میلیۆن کەس و ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو وێڕای شەرمەزارکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییانە و پشتیوانی لە ئازادیی رادەربڕین، بە جۆرێک پێداگرتنەوە و تەئکیدکردنەوەی زیاتر لە سەر بەردەوامیی ئەم شەڕە بوو.

بەڵام داخوا بە راستی ئەوەی ئێستا لە جیهاندا دەگوزەرێ و ئەوەی لەسەرەوە بە کورتی باسکرا شەڕی راستەقینەی دژە تیرۆرە و جیهان لە دژایەتی کردن و شەڕی تیرۆریستان راستگۆیە و لە سیستمی نوێی جیهاندا شەڕی دژە تیرۆر بە چی دەگوترێ؟

ئاشکرایە یەکەم گرووپە توندڕەوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەریانهەڵدا لە لایەن ئەمریکا و بۆ دژایەتی لەگەڵ بەرەی کۆمۆنیزم پێکهاتن و دواتر لەم ساڵانەی دوایی‌دا دەیان گرووپی جۆراوجۆری جیهادی لە وڵاتانی ئیسلامیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقادا سەریان هەڵداوە و هەروەک گوترا ئەوەی تائێستا کردوویانە جگە لە وێرانی و کوشتار و تیرۆر و تۆقاندن لە ناوچەکانی کارو چالاکیاندا نەبووە. خاڵی هاوبەشی هەمووشیان بەڕێوەبردنی یاساکانی ئیسلامی راستەقینە و دژایەتیی رۆژئاوا بووە و، رۆژئاواش لە بەرامبەردا شەڕی دژە تیرۆری راگەیاندوە و هەوڵی داوە بەرەی شەڕ بێنێتە نێو ئەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێکرا و ناوچەکە بە سپا و چەکوچۆڵ پڕبکا.

بەڵام بە چاوخشاندنێک بەسەر دوو سێ دەیەی رابردوودا بۆمان دەردەکەوێ کە رۆژئاوا ئەوجۆرەی پێویستە یان ئەوجۆرەی ئیدیعا دەکا لە شەڕی تیرۆریزمدا سادق نەبووە و هەڵسوکەوت و مامەڵەی دووفاقەی رۆژئاوا لەگەڵ تیرۆریستان گومانی جیددی دەخاتە سەر ئەم ئیدیعایەی رۆژئاوا. بۆ وێنە، بۆ رۆژئاوا و بۆ هەموو جیهان ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سی و شەش ساڵ تەمەنی خۆیدا بە ناوی ناردنەدەرەوەی شۆڕش گەورەترین و سەرەکیترین پاڵپشت و رێکخەری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بووە و جگە تیرۆری دژبەرانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆی

وڵات و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپاییدا، گەورەترین پشتیوانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە جیهاندا بووە. بەڵام دەبینین رۆژئاوا نەک شەڕی لەدژی گەورەرترین ماکە و سەرچاوەی تیرۆر نەکردوە بەڵکوو لە هەردەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئەم رێژیمە و بە تایبەت سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا لەم پێوەندییەدا زۆر جێگەی رەخنەیە. یان لە پێوەندی لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستیی وەک داعشدا کە لە ناوچەیەکی هەستیاری وەک عێراق و سووریە بەشێکی بەرچاو لەم وڵاتانەیان داگیرکردوە و لە بەرامبەر جیهاندا وەستاونەتەوە، بەڵام هاوپەیمانیی جیهانیی دژە تیرۆر کە لە نزیک بە سی وڵاتی جیهان پێکهاتوە شەڕێکی جیددیی دەگەڵ نەکردوە و تەنانەت تا ئێستا ئامادە نەبووە ئەو چەکە قورسەی دەتوانێ ببێتە هۆی شکستی داعش بدا بە هێزی پێشمەرگە. یان لە پێوەندی لەگەڵ بەشار ئەسەد کە لە ماوەی دوو سێ ساڵی رابردوودا بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سووریەی کوشتوە بەڵام رۆژئاوا تا ئێستا هەوڵێکی جیددیی بۆ لابردن و رووخاندنی رێژیمەکەی نەداوە لە حاڵێکدا کاتێک بە پێی بەرژەوەندەکانی خۆیان ویستیان لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا رێژیمێکی بەهێزی وەک رێژیمی بەعسی عێراقیان رووخاند. هەر بۆیە ئەم شێوازە رووبەڕووبوونەوە جیاوازانە لەگەڵ تیرۆر و تیرۆریستان گومانی جیددی لە ئیرادەی و نییەتی رۆژئاوا بۆ نەهێشتنی تیرۆر دروست دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە هەروەک گوترا بە رێگەپێدان بە ئەندامان و لایەنگرانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا کە بۆ دەزگا ئەمنییەتییەکانی رۆژئاوا ناسراون بەجۆرێک لە بەهێزبوون و بەردەوامیی تیرۆردا هاوکار و شەریکی تاوانن.

## رووداوەکەی پاریس و ئازادیی رادەربڕین

بەڵام سەرەڕای ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ نییەت و ئیرادەی رۆژئاوا لە شەڕی تیرۆردا گوترا، ئەوەی لە فەرانسە روویدا جیاواز لە لایەن و رەهەندە بنچینەییەکانی ئەمجۆرە لە تیرۆریزم، جۆرێک هێرش بوو بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین و ئەوجۆرەی هێندێک لە خاوەن رایان دەڵێن شەڕی گوللە و قەڵەمە کە بەداخەوە ئەمجۆرە دەرهاویشتە لە گرووپە ئیسلامییەکاندا زۆر بەرچاوە. راستییەکەی ئەوەیە ئەم گۆڤارە هەموو ئایین و مەزهەبەکان بە ئیسلام و مەسیحییەت و جوولەکەوە دەداتە بەر رەخنە و هەوڵ دەدا لایەنە لاوازەکانی هەموو ئایینەکان لە چوارچێوەی ئازادیی دەربڕین و لیبرالیزمدا بداتە بەر رەخنە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی تەنیا موسوڵمانەکانن کە لەم سەردەمەدا وڵامی بیر و قسە بە گوللە دەدەنەوە و بۆ وڵامدانەوەی رەخنە دەست بۆ کوشتن و خوێن ڕشتن دەبەن.

گومان لەوەدا نیە رەخنەکانی ئەم گۆڤارە یان زۆر کەسی دیکە لە ئایین لەوانەیە لە لایەن ئیماندارانی ئەم ئایینە

بە بێڕێزی بزانرێ و پێیانوابێ بێڕێزی بە پیرۆزەکانیان کراوە. بەڵام لە جیهانی ئەوڕۆدا و بە تایبەت لە جیهانی پێشکەوتوودا تەنانەت ئەگەر بێڕێزییەکیش بکرێ ڕێگاکەی کوشتن و خوێن ڕشتن نیە، بەڵکوو دەکرێ یان بە نووسین و مەنتق وڵام بدرێتەوە یان لە ڕێگەی قانوون و دادگاوە شکایەت بکرێ. بە پێی پەروەردە و ڕێنماییەکانی هەموو ئایینەکان گیانی مرۆڤ بایەخی تایبەتی هەیە و کوشتنی ئینسان لە کارە هەرە دزێو و ناپەسەندەکانە. بەڵام بەداخەوە لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان زۆر بە ئاسانی گیانی هەر کەسێک ڕەخنەیان لێ بگرێ و دژی ئەوان بێ بە حەڵاڵ دەزانن و حوکمی کوشتن دەدەن کە بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ئیسلام و موسوڵمانان سیمایەکی زۆر دڕندە و توندوتیژ لە ئیسلام دروست دەکا و گەورەترین زیان بە ئیسلام دەگەیەنێ.

لە ژمارە ٦٤٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٥

---

## گرژییەکانی نێوان کۆنگرە و کۆشکی سپی لەسەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران

دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٤ی نوامبری ٢٠١٤دا کۆماریخوازەکانی ئەمریکا زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرەیان وەدەستهێنا، ڕوون بوو کە کاری باراک ئۆباما وەک سەرۆک کۆماری دیموکراتی ئەمریکا لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانیدا، بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا سەختتر دەبێ.

لە ماوەی شەش ساڵی رابردووی سەرۆکۆماریی ئۆبامادا، سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکەی لە لایەن کۆماریخوازەکانەوە بەردەوام ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە کە بۆتەوە هۆی دابەزینی جێگەوپێگەی ئەمریکا لە جیهاندا و هێژمۆنیی ئەم وڵاتەی لە زۆر شوێنی دنیادا کە، کردۆتەوە.

یەکێک لەو بوارانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە کۆماریخوازەکان و دیموکراتەکان ناکۆکی و جیاوازیی بەرچاویان تێدا هەبووە، پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانە. ئێران بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی چەند

ساڵە لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە ململانێ دایە و لەم ڕێگەیەدا چەندین بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵێک گەمارۆی سیاسی و ئابووریی قورسی بەسەردا سەپارە و هەر لە ئاکامی ئەم گوشارانەدا بوو کە دوای هاتنەسەرکاری رووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران، لاپەڕەیەکی نوێ لە وتووێژەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا کرایەوە.

لە چەند مانگی رابردوودا وتووێژەکانی نێوان ئێران و گرووپی ١+٥ بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە و ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بە گەیشتن بە ڕێککەوتن و ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانی دنیا لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هیوادارتر بوونە.

لەم نێوەدا ئەوەی لە هەمووان پێداگرترە لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن و بەردەوامیی هەوڵە دیپلۆماتیکەکان تیمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە سەرووی هەموانەوە باراک ئۆبامایە.

هەروەک گوترا لە کاتێکدا کە لە چەند مانگی رابردوودا دوو لایەنی ئێرانی و ڕۆژئاوایی بە خێراییەکی زیاترەوە لە ڕێککەوتن نزیک دەبوونەوە کۆماریخوازەکان زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرەیان وەدەستهێنا و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ەوە بە کردەوە بەرنامەکانیان بۆ فشار خستنەسەر ئۆباما بە مەبەستی سەختگیریی زیاتر و هەروەها فشارهێنان بۆ ئێران بۆ ملدان بە خواستەکانی کۆمەڵگای جیهانی دەستپێکردوە.

باسی گەڵاڵەی زیاترکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران کە لە چەند ڕۆژی رابردوودا لە کۆنگرەی ئەمریکادا هاتەگۆڕێ، گرژییەکانی نێوان کۆشکی سەرۆک کۆماری و کۆنگرەی ئەمریکای زیاتر کرد بە جۆرێک کە ئۆباما هەڕەشەی ڤیتۆکردنی گەڵاڵەکەی کرد.

دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا بە هۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی، وتووێژەکان هەتا مانگی ژوئەنی ٢٠١٥ درێژکرانەوە، ئێستا ئۆباما سوورە لەسەر ئەوەی لەم ماوەیەدا ڕێگە نەدا هیچ شتێک کۆسپ بخاتە سەر ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و، ئەوە گرژییەکانی نێوان کۆشکی سپی و کۆنگرەی زیاتر کردوە.

کۆی ئەم گرژییانە و هەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆ لە لایەن ئۆباما و، بە گشتی نەرمینواندنی گرووپی ١+٥ لە

بەرامبەر ئێراندا وایکردوە ئێران لە هاوکێشەکەدا هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر بکا و هەلەکە بقۆزێتەوە و سەرەڕای بوونی دەنگی نارەزایەتی لە لایەن توندڕەوەکانەوە لە کردەوە دیپلۆماتیکەکانی تیمی دانوسانکاری دەوڵەتی رووحانی، بەڵام بە گشتی بە سەرکەوتنی تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامیی بزانن. هەر بۆیە ئەو نیگەرانییە لای رەخنەگرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دروست بووە کە لەم حاڵەتەدا ئێران هیچ پەلەیەکی لە گەیشتن بە رێککەوتنی کۆتایی نابێ و هەروەک چەند ساڵی رابردوو سیاسەتی وتوویژ و درێژکردنەوەی کات بۆخۆی رەچاو دەکا.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەورەی سەرۆک کۆماریی ئۆباما بەرەو کۆتاییە و ئەمە وایکردوە ئۆباما بە هەموو تواناوە تێبکۆشێ ئەم پەروەندەیە لە دەورانی خۆیدا ببەستێ و بیکا بە سەرکەوتنێک بۆ دێموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی خولی داهاتووی سەرۆک کۆماریی ئەمریکادا، ئەگەرچی ئەگەری پێچەوانەبوونەوەی پێشبینییەکەی ئۆباما بەهێزترە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە، لە درێژەی رەخنە و نارەزایەتییەکان لەم شێوازەی باراک ئۆبامادا، حەوتووی رابردوو راوێژکاری پێشووی سیاسەتی دەرەوەی باراک ئۆباما و دوو خاوەن رای دیکە لە وتارێکدا رەخنەیان لە سیاسەتەکانی ئۆباما گرت و رایانگەیاند پەرەسەندنی نفووزی ئێران لە ناوچە بۆتە هۆی نیگەرانیی هاوپەیمانانی ئەمریکا و، نفووزی زۆری ئێران لە وڵاتانی عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەندا یەکسانە لەگەڵ پاشەکشەی ئەمریکا لەم ناوچانە.

هەر بۆیە بە بەنبەست گەیشتنی وتوویژەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ و مانۆر و پەلهاویشتنەکانی ئێران لە ناوچەکەدا لە خۆڕا و بێ هۆ نیە. لە راستیدا ئەم سیاسەتە نەرمەی رۆژئاوا و بە تایبەت ئۆباما کە هەوڵ دەدا بە هەڕەشە و گوشار و بەکارهێنانی هەموو دەسەڵاتەکەی، هەموو رێگەکان لە دژبەرانی رێککەوتن ببەستێ نەوەک رێککەوتنەکەیان لەگەڵ ئێران سەرنەگرێ، بە وەبەرچاوگرتنی رابردوو و ماهییەتی رێژیمی تاران، سیاسەتێکی لاواز دێتەبەرچاو و لە راستیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران ماوەیەکی دیکەش کات بکرێ و وتوویژەکان درێژبکاتەوە، بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەلماندوویەتی لە چەنەلێدان و درێژکردنەوەی وتوویژەکاندا بە توانان. هەر بۆیە لەوانەیە هاوکات گرتنەبەری سیاسەتێکی جیددیتر و فشاری سیاسی و هێنانەگۆڕی پەروەندەی مافی مرۆڤی ئێران و، هەروەک کۆماریخوازەکان دەڵێن هەڕەشەی گەمارۆ و ئاکامی قورستر لە ئەگەری سەرنەکەوتنی

وتووێژەکان لە ماوەی دیاریکراودا، دەتوانێ کاریگەری و ئاکامی وتووێژەکان زیاتر بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

## نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا

بە نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی ماوەی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێبەرانی ئێران و ئەمریکا هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەنجامی دانووسانەکان ڕاگەیاند.

باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕایگەیاند کە مەسەلەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ئیتر فەننی نیە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە چەند ڕۆژ پێشتر خامنەیی ڕایگەیاند کە بە ڕێککەوتن ڕازییە، بەڵام ڕێککەوتنێکی باش. ناوبراو وێڕای پشتگیری لە هەوڵەکانی تیمی دانووستاندکاری ئەتۆمیی ئێران، ڕایگەیاند کە خوازیاری ڕێککەوتنێکە کە بە زیانی ئێران نەبێ و نەبێتە هۆی سووکایەتی بە ڕێژیمەکەی.

ئەم قسە و هەڵوێستانە لە کاتێکدایە کە دوای ئەوەی لە نوامبری ٢٠١٣دا ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥دا هاتە ئاراوە، دانووسانەکان دووجار بە بۆنبەست گەیشتوون و دوو لایەن دوو جار ماوەی وتووێژەکانیان درێژکردۆتەوە. دوایین دەرفەتیش ٣١ی مارسی ئەمساڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و، ڕۆژی ٣١ی ژوئەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییە فەننییەکان دیاریکراوە.

لە حاڵێکدا کە هەر دوو لایەن خۆیان بە گەیشتن بە ڕێککەوتن پابەند نیشان دەدەن و جۆرێک خۆشبینی لە قسەکانیاندا بەدی دەکرێ، قسەکانی دوو ڕێبەر لە نزیکبوونە لە دوا دەرفەتەکاندا هەم بە جۆرێک تاکتیک و

فشاری سیاسی و ڕەوانی و خستنەوەی تۆپەکە لە مەیدانی بەرامبە بۆ دانی ئیمتیازی زیاتر تەفسیر دەکرێ و هەم جۆرێکیش نیگەرانیی دوو لایەن لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا.

پێداگریی دوو لایەن لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن لەم ماوەیەدا و دژایەتی لەگەڵ درێژکردنەوەی وتوویژەکان هەم لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکایی و هەم لە زمانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و هەروەها دژایەتیی چین لەگەڵ درێژکردنەوەی وتوویژەکان، فشارە ڕەوانییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن زیاتر دەکا و جیددی بوونی دوو لایەن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا. بەڵام هاوکات قسەکانی خامنەیی و ئۆباما وێڕای ئەوەی بە جۆرێک مانۆڕی سیاسیی دواساتەکان لەقەڵەم دەدرێن، جۆرێک نیگەرانی و ترسیان پێوەدیارە کە دەتوانێ بە دڵی نەیاران و دژبەرانی ڕێککەوتن لە ئێران و ئەمریکا شرۆڤە بکرێ.

ئاشکرایە هەم لە ئێران و هەم لە ئەمریکا زۆر کەس و لایەن دژی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکان و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ڕێگرتن لەو ڕێککەوتنەی بە دڵخوازی خۆیانی نازانن. لە ئەمریکا کۆماریخوازەکان و تەنانەت هێندێک لە دێموکراتەکانیش نیگەرانیی خۆیان لە ڕێککەوتنێکی لاواز کە نەتوانێ ئاشتییانەبوون و بە ئاشتییانە مانەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران گارانتی بکا ناشارنەوە و فشار دەخەنە سەر ئۆباما و داوای لێدەکەن لە بەرامبەر ئێراندا توندتر و جیددیتر بێ. هاوکات بە نزیکبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتن، ئیسرائیلیش بە هەڕەشە و فشار بۆ سەر ئەمریکاییەکان و لە هەر ڕێیەکەوە پێی بکرێ هەوڵ دەدا ڕێگە لە گەیشتنی دوو لایەن بە ڕێککەوتن بگرێ. ئیسرائیل پێیوایە نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی قەرارە نزیک مانگ و نیوێکی دیکە بێتە ئاراوە ناتوانێ ڕێگەی گەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بگرێ و مەترسییەکان بۆسەر مان و مەوجوودییەتی ئیسرائیل بڕەوێنێتەوە و هەر بۆیە بە مافی خۆیانی دەزانن بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتنە هەموو ڕێگەیەک بۆ پاراستنی خۆیان بگرنەبەر. لە نێوخۆی ئێرانیش دەوڵەتی ڕووحانی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن جیددییە، بەڵام لە بەرامبەردا بناژۆخوزان و ئوسولگەراکان کە لە ئاکام و ئاسەوارەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانیان لە ململانێ جەناحییەکاندا نیگەرانن بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەباربردن و دژایەتی کردنی دانووسان و ڕێککەوتنەکانیان داوە.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو دژایەتییانە، هەروەک گوترا قسەکانی دوو ڕێبەر جگە لە لایەنە تاکتیکییەکەی هەڵگری جۆرێک نیگەرانیشە لە بە ئاکام نەگەیشتنی دانووسانەکان. لە ئێران قورسایی باری گەمارۆکان کە

ڕێژیمی بە چۆکداهێناوە و خەریکە پشتی ئابووریی ئەم وڵاتە دەشکێنێ، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ڕێژیمی تاران دوای سەپاندنی تێچوویەکی زۆر قورس بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێران لە دوو دەیەی رابردوودا، پاشەکشە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکا و بۆ خۆدەربازکردن لە دارمان و رووخانی ژێرخانەکانی حکوومەت ئامادەی خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکە بێ. بە تایبەت ئێستا کە دابەزینی نرخی نەوت گوشارێکی دووهێندەی خستۆتە سەر پایە لەرزۆکەکانی ئابووریی ئێران، خامنەیی پێی باشە بە مەرجێک سیمای نێوخۆیی ڕێژیم بپارێزرێ و بە وتەی خۆی ڕێژیمەکەی سووک نەکرێ «نرمش قهرمانانه!!» بکەن و بەو ڕێککەوتنە بگەن کە ئەو بە باشی دەزانێ. بێگومان ڕێبەرانی ڕێژیم ئەزموونی خواردنەوەی جامی ژەهری خومەینیان لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا هەیە کە بە شکست و مایەپووچیی ئەم وڵاتە لە دوای شەڕەکە تەواو بوو، هەر بۆیە سرووشتییە ئەمجارە هەوڵ بدەن پێش ئەوەی لە ئاکامی قورستربوونی گەمارۆکان و نرخی نزمی نەوت بکەونە دۆخێکی سەرەمەرگ و لە هاوکێشەکەدا بە تەواوی بدۆڕێن بەوە رازی بن کە زەرەر لە نیوەڕا بگەڕێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئۆباما دەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم پەروەندەیە لە ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆیدا کۆتایی پێبێنێ و بیکاتە خاڵێکی بەهێز لە کارنامەی خۆی و دێموکراتەکاندا، نیگەرانی ئەوەشی هەیە کە ئاکامی هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە و ڕێککەوتنەکە بەو ئەنجامە نەگا کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، یان هەر بە ئەنجام نەگا. هەر بۆیە قسەکانی ئۆباما کە دەڵێ پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران ئێستا ئیتر تەنیا سیاسییە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە جۆرێک تۆمەتبارکردنی لایەنی بەرامبەر بە بێ ئیرادەیی و فشارخستنە سەرە بۆ هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەوپێش و لە لایەکی دیکەشەوە جۆرێک خۆدزینەوەیە لەوەی هەموو بەرپرسیارەتییەکان لە ئەگەرە نەخوزراوەکاندا بە تەنیا وەئەستۆ بگرێ.

کەوابێ ئەم پەروەندەیە هەم بۆ دەوڵەتی ئۆباما و هەم بۆ دەوڵەتی رووحانی کە جگە لە بواری دەرەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆشدا خەریکی ململانێی سیاسیی توندن، دوو لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی هەیە و سەرکەوتن یان شکستی هەرکامیان لە مەیدانی دەرەوە و ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا چارەنووسی سیاسی و داهاتووی لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆش دیاری دەکا.

هەر بۆیە دەگەڵ ئەوەی رواڵەتی هاوکێشەکان ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن بەهێز نیشان دەدەن دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە و بزانین ئەکتەرەکانی دیکەی ئەم مەیدانانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕێککەوتنەکە دەبێ و چارەنووسی

ئەم پەروەندەیە و لە ئاکامدا زۆر هاوکێشەی دەرەکی و نێوخۆیی دیکەی ڕێژیمی تاران بە چ ئاقارێکدا دەبەن.

لە ژمارە ٦٥٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٥

## نزیکبوونەوە لە دواساتەکانی دانووسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا

بە نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی ماوەی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە و لە چەند ڕۆژی رابردوودا، ڕێبەرانی ئێران و ئەمریکا هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئەنجامی دانووسانەکان ڕاگەیاند.

باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا رایگەیاند کە مەسەلەی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ئیتر فەننی نیە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە چەند ڕۆژ پێشتر خامنەیی رایگەیاند کە بە ڕێککەوتن رازییە، بەڵام ڕێککەوتنێکی باش. ناوبراو ویڕای پشتگیری لە هەوڵەکانی تیمی دانووستاندکاری ئەتۆمیی ئێران، رایگەیاند کە خوازیاری ڕێککەوتنێکە کە بە زیانی ئێران نەبێ و نەبێتە هۆی سووکایەتی بە ڕێژیمەکەی.

ئەم قسە و هەڵوێستانە لە کاتێکدایە کە دوای ئەوەی لە نوامبری ٢٠١٣دا ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥دا هاتە ئاراوە، دانووسانەکان دووجار بە بۆنبەست گەیشتوون و دوو لایەن دوو جار ماوەی وتووێژەکانیان درێژکردۆتەوە. دوایین دەرفەتیش ٣١ی مارسی ئەمساڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و، ڕۆژی ٣١ی ژوئەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییە فەننییەکان دیاریکراوە.

لە حاڵێکدا کە هەر دوو لایەن خۆیان بە گەیشتن بە ڕێککەوتن پابەند نیشان دەدەن و جۆرێک خۆشبینی لە قسەکانیاندا بەدی دەکرێ، قسەکانی دوو ڕێبەر لە نزیکبوونە لە دوا دەرفەتەکاندا هەم بە جۆرێک تاکتیک و فشاری سیاسی و ڕەوانی و خستنەوەی تۆپەکە لە مەیدانی بەرامبە بۆ دانی ئیمتیازی زیاتر تەفسیر دەکرێ و هەم جۆرێکیش نیگەرانیی دوو لایەن لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا.

پێداگریی دوو لایەن لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتن لەم ماوەیەدا و دژایەتی لەگەڵ درێژکردنەوەی وتوویژەکان هەم لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکایی و هەم لە زمانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و هەروەها دژایەتیی چین لەگەڵ درێژکردنەوەی وتوویژەکان، فشارە ڕەوانییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن زیاتر دەکا و جیددی بوونی دوو لایەن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن نیشان دەدا. بەڵام هاوکات قسەکانی خامنەیی و ئۆباما وێڕای ئەوەی بە جۆرێک مانۆڕی سیاسیی دواساتەکان لەقەڵەم دەدرێن، جۆرێک نیگەرانی و ترسیان پێوەدیارە کە دەتوانێ بە دڵی نەیاران و دژبەرانی ڕێککەوتن لە ئێران و ئەمریکا شرۆڤە بکرێ.

ئاشکرایە هەم لە ئێران و هەم لە ئەمریکا زۆر کەس و لایەن دژی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و ئەمریکان و هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ڕێگرتن لەو ڕێککەوتنەی بە دڵخوازی خۆیانی نازانن. لە ئەمریکا کۆماریخوازەکان و تەنانەت هێندێک لە دێموکراتەکانیش نیگەرانیی خۆیان لە ڕێککەوتنێکی لاواز کە نەتوانێ ئاشتییانەبوون و بە ئاشتییانە مانەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران گارانتی بکا ناشارنەوە و فشار دەخەنە سەر ئۆباما و داوای لێدەکەن لە بەرامبەر ئێراندا توندتر و جیددیتر بێ. هاوکات بە نزیکبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتن، ئیسرائیلیش بە هەڕەشە و فشار بۆ سەر ئەمریکاییەکان و لە هەر ڕێیەکەوە پێی بکرێ هەوڵ دەدا ڕێگە لە گەیشتنی دوو لایەن بە ڕێککەوتن بگرێ. ئیسرائیل پێیوایە نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی قەرارە نزیک مانگ و نیوێکی دیکە بێتە ئاراوە ناتوانێ ڕێگەی گەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بگرێ و مەترسییەکان بۆسەر مان و مەوجوودییەتی ئیسرائیل بڕەوێنێتەوە و هەر بۆیە بە مافی خۆیانی دەزانن بێ وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتنە هەموو ڕێگەیەک بۆ پاراستنی خۆیان بگرنەبەر. لە نێوخۆی ئێرانیش دەوڵەتی رووحانی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن جیددییە، بەڵام لە بەرامبەردا بناژۆخوزان و ئوسولگەراکان کە لە ئاکام و ئاسەوارەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر پێگە و بەرژەوەندییەکانیان لە ململانێ جەناحییەکاندا نیگەرانن بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەباربردن و دژایەتی کردنی دانووسان و ڕێککەوتنەکانیان داوە.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو دژایەتییانە، هەروەک گوترا قسەکانی دوو ڕێبەر جگە لە لایەنە تاکتیکییەکەی هەڵگری جۆرێک نیگەرانیشە لە بە ئاکام نەگەیشتنی دانووسانەکان. لە ئێران قورسایی باری گەمارۆکان کە ڕێژیمی بە چۆکداهێناوە و خەریکە پشتی ئابووریی ئەم وڵاتە دەشکێنێ، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ڕێژیمی تاران دوای سەپاندنی تێچوویەکی زۆر قورس بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پاشەکشە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکا و بۆ خۆدەربازکردن لە داڕمان و رووخانی ژێرخانەکانی حکوومەت ئامادەی خواردنەوەی جامی ژەهرێکی دیکە بێ. بە تایبەت ئێستا کە دابەزینی نرخی نەوت گوشارێکی دووهێندەی خستۆتە سەر پایە لەرزۆکەکانی ئابووریی ئێران، خامنەیی پێی باشە بە مەرجێک سیمای نێوخۆیی ڕێژیم بپارێزرێ و بە وتەی خۆی ڕێژیمەکەی سووک نەکرێ «نرمش قهرمانانه!!» بکەن و بەو ڕێککەوتنە بگەن کە ئەو بە باشی دەزانێ. بێگومان ڕێبەرانی ڕێژیم ئەزموونی خواردنەوەی جامی ژەهری خومەینیان لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا هەیە کە بە شکست و مایەپووچیی ئەم وڵاتە لە دوای شەڕەکە تەواو بوو، هەر بۆیە سرووشتییە ئەمجارە هەوڵ بدەن پێش ئەوەی لە ئاکامی قورستربوونی گەمارۆکان و نرخی نزمی نەوت بکەونە دۆخێکی سەرەمەرگ و لە هاوکێشەکەدا بە تەواوی بدۆڕێن بەوە رازی بن کە زەرەر لە نیوەڕا بگەڕێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئۆباما دەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم پەروەندەیە لە ماوەی سەرۆک کۆماریی خۆیدا کۆتایی پێبێنێ و بیکاتە خاڵێکی بەهێز لە کارنامەی خۆی و دێموکراتەکاندا، نیگەرانی ئەوەشی هەیە کە ئاکامی هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە و ڕێککەوتنەکە بەو ئەنجامە نەگا کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، یان هەر بە ئەنجام نەگا. هەر بۆیە قسەکانی ئۆباما کە دەڵێ پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران ئێستا ئیتر تەنیا سیاسییە و پێوەندیی بە ئیرادەی سیاسییەوە هەیە جۆرێک تۆمەتبارکردنی لایەنی بەرامبەر بە بێ ئیرادەیی و فشارخستنە سەرە بۆ هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەوپێش و لە لایەکی دیکەشەوە جۆرێک خۆدزینەوەیە لەوەی هەموو بەرپرسیارەتییەکان لە ئەگەرە نەخوزراوەکاندا بە تەنیا وەئەستۆ بگرێ.

کەوابێ ئەم پەروەندەیە هەم بۆ دەوڵەتی ئۆباما و هەم بۆ دەوڵەتی رووحانی کە جگە لە بواری دەرەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆشدا خەریکی ململانێی سیاسیی توندن، دوو لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی هەیە و سەرکەوتن یان شکستی هەرکامیان لە مەیدانی دەرەوە و ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا چارەنووسی سیاسی و داهاتووی لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆش دیاری دەکا.

هەر بۆیە دەگەڵ ئەوەی رواڵەتی هاوکێشەکان ئەگەری گەیشتن بە رێککەوتن بەهێز نیشان دەدەن دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە و بزانین ئەکتەرەکانی دیکەی ئەم مەیدانانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر رێککەوتنەکە دەبێ و چارەنووسی ئەم پەروەندەیە و لە ئاکامدا زۆر هاوکێشەی دەرەکی و نێوخۆیی دیکەی رێژیمی تاران بە چ ئاقارێکدا دەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە گەمارۆکان

رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ٧ی رەشەممە، کۆمیەتی لاوەکیی پێوەندییە دەرەکییەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبرد لەژێر ناوی "بارودۆخی کارەساتباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا". لەم کۆبوونەوەیەدا چەند چالاکێکی سیاسی و مافی مرۆڤ بارودۆخی مافەکانی مرۆڤیان لە ئێراندا تاوتوێ کرد و نیگەرانیی خۆیان لە بارودۆخی کارەساتباری مافی مرۆڤ لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا راگەیاند.

کریس سمیت، سەرۆکی کۆبوونەوەکە راگەیەند کە کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە درێژە بە گرتنی هاووڵاتیانی ئەمریکایی و ئێرانی دەدا، چاوەڕوانی ئەوەیە گەمرۆکانی لەسەر لابچێ و جیهان متمانەی پێبکا.!!

تێد دوێیچ، نوێنەری دێموکراتەکان لەم کۆمیتەیەدا رایگەیاند کە دەرفەتی ئەوەی کە بزانین دەوڵەتی رووحانی چ کارێکی پێ دەکرێ بەسەرچووە و بەکردەوە بۆمان دەرکەوتووە کە بەداخەوە رووحانی لەژێر کۆنترۆڵی خامنەیی‌دا توانای وەدیهێنانی هیچکام لە بەڵێنەکانی نیە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مافی مرۆڤ هەرکام ئاماژەیان بە گۆشەیەک لە پەروەندەی رەشی مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٣٦ ساڵی رابردوودا کردو داوایان لە دەوڵەتی ئەمریکا کرد کە لە دانووسانە ئەتۆمییەکاندا باشتربوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بکرێتە یەکێک لە مەرجەکانی رێککەوتنی

نێوانیان.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەکانی هاوشێوەی ئەمە وەبیرهێنەرەوەی ڕاستییەکی گرنگ و بنەڕەتین لە ماهییەتی دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی کە پێویستە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و جیهان بە گشتی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا وەبەرچاوی بگرن و خۆی لێ گێل نەکەن.

ئەگەرچی لە سیاسەتدا دەگوترێ کە بنەمای هەموو دانووسان و پێوەندییەکان بەرژەوەندییە و بە تایبەت وڵاتە زلهێزەکان پێوەندییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان بنیات دەنێن نەک خەڵکی وڵاتانی دیکە و، لە ئاکامدا بەها ئینسانییەکان و مافەکانی مرۆڤ هەرگیز نابنە خاڵی بنەڕەتی و بنەمای پێوەندییە سیاسییەکان، بەڵام ئەگەر تەنانەت لە دەلاقەی تەسکی بەرژەوەندییە یەک لایەنەکانیشەوە سەیری مەسەلەکە بکرێ دەردەکەوێ کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر کە کەمترین بایەخ بە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییانی خۆی نادا و لە پێناو ئیدئۆلۆژی و بەرنامە دژە ئینسانییەکانیدا هەموو پرەنسیپ و بنەما ئینسانییەکان لەنێوخۆیدا پێشێل دەکا، هەرگیز ناتوانێ شەریک و لایەنێکی جێی متمانە بێ لە پێوەندییە جیهانییەکاندا و ئەم ڕێژیمە هەمیشە مەترسییەکی بەکردەوەیە لەسەر ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵاتانی دیکە و هەموو جیهان بە گشتی.

کاتێک چاو لە کارنامەی ٣٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکی ئێراندا دەکەین دەبینین زیندان و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام وڵامی ڕێژیم بووە بۆ جیابیران و هەموو ئەو کەسانەی وەک ڕێژیم بیرناکەنەوە. ئەوە جگە لەو تیرۆر و کوشتن و بێدەنگکردنانەشە کە بە دەستی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بە بێدەنگی بەڕێوەدەچن. منداڵان لە ژێر تەمەنی قانوونیدا لەسێدارە دەدرێن و لاوان و ژنان لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان بێبەشن. ڕێژیم شێوازی جلوبەرگ و ژیانی تایبەتیی خەڵک دیاری دەکا و ژن و منداڵی خەڵک لە شەقامەکاندا بەهۆی جلوبەرگەوە دەکەونە بەر سووکایەتیی بەسیجی و هێزە ئینتیزامییەکان. مەئموورەکانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا دەستیان ئاوەڵایە بۆ هەموو جۆرە سووکایەتی و ئەشکەنجەیەک دەرهەق بە گیراوان بۆ ناچارکردنیان بە دانبنان بەو تاوانانەی نەیانکردوون. کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە مافەکانیان بێبەشن و مافی خوێندن بە زمانی خۆیان و بەڕێوەبردنی شار و دێهاتی خۆیان نیە و کەمایەتییە ئایینییەکان و ڕێوڕەسمەکانیان لەگەڵ بێڕێزی و بەربەستی مەئموورانی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبنەوە.

ئەوانە و سەدان هێندەی ئەوانە بەشێکن لەو هەڵسوکەوتە زاڵمانە و نائینسانییانەی کە ڕێژیم بە پێی یاسا و بنەما فکری و عەقیدەتییەکانی خۆی لەدژی خەڵکی ئێران بەڕێوەیان دەبا و نیشاندەری ماهییەتی مەترسیداری ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێژیمەن.

سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بەشێک لە نێوەرۆک و بنەما فکرییەکانی ڕێژیمە کە خۆی لە خەرج کردن و بەفیرۆدانی سەرمایەکانی خەڵکی ئێران لە پەرەپێدانی شەڕ و ئاژاوە و تیرۆر لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕێژیمدا دەبینێتەوە. یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکان و پاڵپشتیی ڕێژیم و دەسەڵاتی وەک بەشارئەسەد لە کوشتن و دژایەتی کردنی هاووڵاتیانیدا و وێرانکردنی ناوچەکە، بەشێکن لە دەرهاویشتە دەرەکییەکانی ماهییەتی دژە مرۆڤانەی ڕێژیم کە ئەگەر بۆی بگونجێ نایهێڵێ هیچ گۆشەیەک لە جیهان لێی بێبەش بێ. جا ئەم خەونە بە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی مسۆگەر بێ یان لە ڕێگەی یارمەتیدان و پەرەپێدانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە گۆشە و کەناری جیهان.

هەر بۆیە ئەگەر ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا نیگەرانی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامین، نابێ پێیانوابێ تەنیا بە ڕێگرتن یان وەدرەنگ خستنی دەستڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی ئەتۆمی دەتوانن ئەم مەترسییە لەناوبەرن، بەڵکوو هەتا ئەم ڕێژیمە ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران نەگرێ و مافەکانی مرۆڤ بە تەواوی وەبەرچاونەگرێ هەمیشە وەک پتانسیەلێکی مەترسیدار بۆ سەر جیهان دەمێنێتەوە. کەوابێ پێویستە یەکێک لە مەرجەکانی گەیشتن بە هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران، وەبەرچاوگرتنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٥

# لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی‌دا

## ئێران یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی ڕۆژنامەنووسانە لە جیهاندا

ئەگەرچی یەکەمجار فەرانسەوییەکان کە لە داهێنانی زۆربەی چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکاندا پێشەنگ بوون، ساڵی ١٨١٩ی زایینی ڕۆژی یەکی مانگی مایان وەک ڕۆژی ئازادیی ڕاگەیاندن دیاری کرد، بەڵام بە جیهانی بوونی ئەم بۆنەیە دوو سەد ساڵی خایاند.

لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، واتە دوو ساڵ دوای هەوڵی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور و ڕۆژنامەنووسانی ئەفریقایی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٣ی مای، بەرامبەر ١٣ی بانەمەڕی وەک ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی دیاری کردوە.

ئازادیی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن وەک گارانتییەکە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکان، کە پێش بە بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم دەربڕینی بیروڕای ئازاد دەگرێ و ماف و ئازادییەکانی ڕاگەیەنەکان و ئەو کەسانەش دیاری دەکا کە شکایەتیان لە ڕاگەیەنەکان هەیە. ئەم مافە لە زۆربەی وڵاتاندا لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی‌دا دیاریکراوە بۆ ئەوەی پشتیوانی لە ئازادیی ڕاگەیاندن بکرێ.

هەموو ساڵێک کە ڕاپۆرتی ڕێکخراو و بنیاتە جیهانییەکان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین لە وڵاتانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بەهۆی پلەی زۆر نزمی لە کۆتایی خشتەی وڵاتاندا و کارنامەی ڕەشی لە پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕیندا دەکەوێتە بەر سەرنجی ڕاگەیەن و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە.

ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌دا یەکێک لە داخراوترین وڵاتانی جیهانە کە هاووڵاتییەکانی لە کەمترین ماف و ئازادییە باو و پەسندکراوە جیهانییەکان بێبەشن، لە باری ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندنیش‌دا یەکێک لە خراپترین پلەکانی بۆخۆی تۆمارکردوە.

ڕێکخراوی «ماڵی ئازادی» لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە، ڕادەگەیەنێ لە نێو ١٩٩ وڵاتی جیهاندا ئێران پلەی ١٩١ی هەیە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە زیاترین ڕۆژنامەنووسی لە زیندانەکاندا هەیە.

هەروەها ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٥ی خۆیدا ئێرانی لە ریزی ١٧٣هەمین وڵات لە نێو ١٨٠ وڵاتدا داناوە کە پلەیەک لە خوار سۆمالی و یەک پلە لە سەرەوەی سوودانە.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە لانیکەم ١٦ ڕۆژنامەنووس بە تاوانی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن لە زیندانەکانی ئێراندا دەسبەسەرن کە ٤ کەسیان دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی وەک سەرۆک کۆمار کەوتوونەتە زیندانەوە.

ئەگەر ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بەسەردەبەن ئەوەبێ کە لە ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی بێسنووردا هاتوە، بە وەبەرچاوگرتنی برایانی کوردپوور و محەممەد سەدیقی کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور، دەبینین کە یەک لەسەر چواری ڕۆژنامەنووسانی زیندانی کراوی ئێران کوردن کە بە وەبەرچاوگرتنی ڕێژەی کورد لە ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی زیندانیکراویشدا کورد پشکی شێری پێبڕاوە.

پێوەر و پێوانەکانی ڕێکخراو و بنیاتە جیهانییەکان کە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی ئازادیی ڕاگەیاندن لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا پشتیان پێدەبەسترێ بەشێکیان بریتین لە بارودۆخی فەرهەنگی، ژمارەی ڕاگەیەنەکان و هەروەها ڕاگەیەنە تایبەتەکان و ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان، جۆری سیاسەت، یاسا و ڕوانگەی دەوڵەت، سەرکوت، کوشتن و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان و...

بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی وڵاتان بە پێی ئەو پێوەرانەی سەرەوەیە کە وڵاتێکی وەک ئێران کە دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی دەستی بەسەر هەموو لایەنە گشتی و تایبەتەکانی ژیانی خەڵکدا گرتوە، دەکەوێتە کۆتایی خشتەکە.

لە ئێران ڕاگەیەنی سەربەخۆ بوونی نیە و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێ لە خزمەت بڵاوکردنەوەی ئیدئۆلۆژی و

بیروبۆچوونەکانی ڕێژیمدا بن. تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش کە دوای تێپەڕین لە چەندین فیلتێر ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان پێدەدرێ بە بچووکترین ڕەخنە لە دەسەڵات دادەخرێن و ڕۆژنامەنووسانی دەگیرێن یان بێکار دەکرێن.

ئینتێرنێت لە پاوانی سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدایە و ساڵانە بە میلیۆن دۆلار بۆ کڕینی بەرنامە و کەلوپەلی سانسۆر و سیخوڕی کردن بەسەر پێوەندییەکانی خەڵک لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە خەرج دەکرێ. ڕێژیم هەوڵ دەدا لەم ڕێگەیەوە پێش بە گەیشتنی زانیارییەکانی نێوخۆی ئێران بە خەڵکی جیهان و، بە پێچەوانەوە هەواڵ و زانیارییە سەربەخۆکان بە خەڵکی ئێران بگرێ. تەنانەت هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئینتێرنێتی میللی و جیاکردنەوەی تۆڕی ئینتێرنێتی نێوخۆی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت هەر بەم مەبەستەیە.

بڕینی دەنگی ڕاگەیەنەکان و سانسۆڕ و سەرکوت و گرتنی ڕۆژنامەنووسان لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ ئەوەیە کە لە لایەک هەواڵی سەرکوت و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران بە جیهان نەگا و لە لایەکی دیکەوە ڕێگەی گەیشتنی هەواڵ و زانیاری بە خەڵکی ئێران بگرێ و لە باری فەرهەنگییەوە خەڵک لەو ئاستەدا ڕابگرێ کە وەرگری ئیدئۆلۆژی و بۆچوونە کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیم بمێننەوە و بەمجۆرە گەرەنتیی مانەوە و دەوامی دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سەرەڕۆیەکەی خۆی بکا.

لە ژمارە ٦٥٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

## کۆتایی ماوەی دیاریکراوی دانوسانەکان و بەردەوامیی ناکۆکییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا

لە درێژەی خولی نوێی دانوسانە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوادا و دوای ڕێککەوتنە سەرەتاییەکەی لۆزان لە ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٤دا، دوو لایەن لەسەر چوارچێوەیەکی گشتی ڕێککەوتن و ڕێکەوتی ٣٠ی ژوئەن واتە ١١ی پووشپەڕیان وەک دوادەرفەت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئێران و گرووپی ١+٥ دیاری کرد.

لە ماوی ئەم سێ مانگەدا کە تا سێ ڕۆژی دیکە کۆتایی پێدێ، دوو لایەن بەردەوام لە کۆبوونەوە و دانوسانادا بوونە و هەوڵیانداوە هەرکام لە ڕەوتی دانوسان و فشارە دیپلۆماتیکەکاندا زیاترین ڕێژە لە خواست و بەرژەوەندییەکانیان بە پێی ڕوانگەی خۆیان بخەنە نێو دێڕەکانی دەقی کۆتایی ڕێککەوتننامەکە.

ئێستا لە کاتێکدا کە تەنیا ٣ ڕۆژ ماوە بۆ تەواوبوونی دەرفەتی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی، بە گوێرەی هەواڵەکان کێشە سەرەکییەکانی نێوان دوو لایەن هەر ماون. بەشێک لەم کێشە سەرەکییانە لەسەر شێوازو کاتی لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران و هەروەها دەستڕاگەیشتنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە بنکە و ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێرانە. ڕوون کردنەوەی لایەنە شاراوەکانی بواری نیزامیی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و شێوەی لابردنی گەمارۆکان لەو خاڵانەیە کە دوو لایەن ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوونی جیددییان لەسەر هەیە و ئەم ناکۆکییانە هەتا ئێستاش هەر لە جێی خۆیانن.

عەبباس عەراقچی، ئەندامی بەرزی تیمی دانوسانکاری ئێران، لەسەر نووسینی بەشەکانی کۆتایی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی دەڵێ کارەکە بە زەحمەت دەچێتە پێش و ناکۆکیی جیددی هەر ماوە.
دیارە سەرەڕای ئەوانە، هەتا ئێستاش دیپلۆماتە ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان هەوڵ دەدەن وا نیشان بدەن کە هیوا بە گەیشتن بە ڕێککەوتن زیاترە لە ئەگەری شکستی دانوسانەکان.

بەڵام قسەکانی بەرپرسانی باڵای دوو لایەن و قەبارەی زۆری ئەو ناکۆکییانەی ماون، دوو لایەنی ناچارکردووە بە جۆرێک باس لە ئەگەری درێژکردنەوەی ماوەی وتووێژەکان بۆ چەند ڕۆژی دیکە بکەن.

Serchawe سەرچاوە

وتەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕۆژی سێ شەممە ٢ی پووشپەڕ لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بەرزی ڕژێمدا قسەی کرد و باسی لە هێڵە سوورەکانی ئێران لە دانوسانە ئەتۆمییەکاندا کرد کاری تیمی دانوسانکاری ئێرانی کەمێک سەختتر کرد و نیگەرانییەکان لە نەگەیشتن بە ڕێکەوتن لە کاتی دیاریکراوی زیاتر کرد.

خامنەیی لەم کۆبوونەویەدا گوتی نابێ بەجێگەیاندنی ئەرک و بەڵێنەکانی ئێران لە ڕێککەوتنە سەرەتاییەکەی لۆزاندا ببێتە پێش مەرجی لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران. ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە هەموو گەمارۆکانی سەر ئێران، چ ئەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسندی کردون و چ ئەوانەی ئەمریکا یەک لایەنە بەسەر ئێرانیدا سەپاندون، دەبێ دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە لاببرێن. ناوبراو هەرورها گوتی بەر بەستە ١٠ ساڵە و ١٢ ساڵەکانی ئەمریکا لەسەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران قەبووڵ ناکەن.

دوابەدوای ئەم قسانەی خامنەیی، جان کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە ئەم قسانەی خامنەیی تەنیا بۆ مەسرەفی نێوخۆییە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەمریکا نابێ. ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئەگەر ئێران پابەندی بەڵێنەکانی لە ڕێککەوتنی لۆزان نەبێ هیچ ڕێککەوتنێک لە گۆڕێدا نابێ.

کۆی ئەم لێدوانە دژ بە یەکانە و گوشاری لایەنەکانی دژی ڕێککەوتن چ لە ئێران و چ لە ئەمریکا و، هەروەها مانۆڕە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی دوو لایەن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر و پاشەکشە بە لایەنی بەرامبەر، کەشوهەوایەکی ئاڵۆزی بەسەر دانوسانەکاندا زاڵ کردوە. بەڵام لەوبەری مانۆڕە سیاسی و دیپلۆماتیکەکان، راستییەک لە ئارادایە ئەویش ئەوەیە کە دەگەڵ ئەوەیکە دوو لایەنی دانوسانکاری ئێرانی و ئەمریکایی، هەرکام بە هۆکاری تایبەتی خۆیان هەوڵی جیددییان داوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن وکۆتایی هێنان بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران، بەڵام دیوارێکی بڵیندی بێ متمانەیی لە نێوانیاندا هەیە کە ڕێگەی گەیشتن بە ڕێککەوتن و چارەسەری کێشەکان دژوارتر دەکا و، هەر ئەوەیکە لە دوایین ڕۆژەکانی وتووێژەکاندا هێشتا بەشی زۆری ناکۆکییەکان هەر ماون، نیشانەی بەرچاوی ئەم راستییەیە. هەر بۆیە شانسی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەو سێ ڕۆژەدا زۆر کەمە و لەوانەیە دانوسانەکان بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژ بکرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٥

## ڕووداوە گرینگەکانی بەر سەرنجی میدیاکان لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا

### ژانویە:

- ڕۆژی ٧ی ژانویە دوو تیرۆریستی سەر بە داعیش لە شاری پاریس هێرشیان کردە سەر دەفتەری گۆڤاری شارلی ئێبدۆ و ١٢ کەسیان کوشت. دوو ڕۆژ دواتر برایانی "کواشی" بکەرانی ڕووداوەکەی شارلی ئێبدۆ، لە نزیک شاری پاریس چەند کەسیان بە بارمتە گرت کە بە هێرشی پۆلیس و کوژرانی برایانی کواشی کۆتایی پێهات. هاوکات لەگەڵ کردەوەی برایانی کواشی، کەسێک بەناوی "ئامێدی کولیبالی" و ژنێک بە ناوی "حەیات بوومەدین" لە سوپێرمارکێتێکی جوولەکەکان لە شاری پاریس چەند کەسێکیان بە بارمتە گرت کە دوای هێرشی پۆلیس ئەگەرچی کۆلیبالی کوژرا بەڵام ٤ کەس لە بارمتەکانیش گیانیان لەدەست دا.

- ڕۆژی ٢٠ی ژانویە حوسی‌یەکانی یەمەن بە پاساوی ئەوەی دەوڵەت بەڵێنەکانی بۆ چاکسازی نەبردۆتە سەر، کۆشکی سەرکۆماریی ئەو وڵاتەیان گەمارۆدا و دەستیان بەسەردا گرت. ئەوە بوو بە سەرەتایەک بۆ شەڕ و ئاڵۆزی‌یەکانی دواتری یەمەن و حوسی‌یەکان کە تاقمێکی شیعەی نزیک لە ئێرانن، شەڕێکی نێوخۆیی‌یان لە یەمەن هەڵگیرساند.

- ڕۆژی ٢٦ی ژانویە خۆڕاگری و بەرخۆدانی هێزە کوردی‌یەکان لە شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان دوای زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە بەرامبەر تێرۆریستانی داعیشدا سەرکەوت و شاری کۆبانی بە تەواوی لە دەست تیرۆریستان ڕزگار کرا. دوای داگیرکرانی شاری کۆبانی بە دەستی تیرۆریستانی داعیش، هێزەکانی ی پ گ بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و پاڵپشتیی هێزی هاوپەیمانان و بە فیداکاری و ئازایەتیی کەم وێنەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە ژن و پیاوەوە توانیان شاری کۆبانی لە تیرۆریستان پاک بکەنەوە.

### فێوریە:

- ڕۆژی ١٤ی فێوریە لە شاری کۆپێنهاگی دانمارک لە سێ هێرشی تیرۆریستی‌دا چەند هاونیشتمانی دانمارکی بوونە

قوربانی. لە هێرشی یەکەمدا لە کافەیەک کە سیمینارێک لەژێر ناوی "هونەر، کوفر و ئازادیی دەربڕین"ی تێدا بەڕێوە دەچوو، کەسێک بەناوی عمر عبدالحمید الحسین تەقەی لە بەشداربووان کرد کە بووە هۆی کوژرانی کەسێک و برینداربوونی سێ پۆلیس. هێرشی دووەم لە کەنیسەیەکی جوولەکەکان رووی دا کە بووە هۆی کوژرانی کەسێک و برینداربوونی دوو پۆلیس. ڕووداوی سێهەمیش لە نزیک وێستگەی قەتار ڕوویدا کە بە تەقەی پۆلیس کەسێک گیانی لەدەست دا.

## مارس:

- ڕۆژی ١٨ی مارس لە تونێس دوو تیرۆریست هێرشیان کردە سەر مووزەخانەی باردۆ و ٢٠٠ کەسیان بە بارمتە گرت. لەم ڕووداوەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ دانانەوەی بۆمب لە پارلمانی تونێس، ٢٠ کەس کوژران کە لە گەشتیارانی فەرانسەیی، ئیسپانیایی، ئیتالیایی و تونێسی پێکهاتبوون.

- ڕۆژی ٢٥ی مارس، هاوپەیمانیی وڵاتانی عەرەبی بە سەرۆکایەتیی عەرەبستان هێرشە ئاسمانییەکانی خۆیان بۆسەر تاقمی شیعەی حوسییەکانی یەمەن دەست پێکرد کە بەشێکی زۆر لە شارەکانی یەمەنیان داگیرکردبوو. لەم شەڕەدا ئێران هاندەر و پاڵپشتی حوسییەکان بوو و ئەوە بووە هۆی پەرەسەندن و زیاتربوونی ناکۆکی و گرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی کە لە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا تووڕە بوون. لە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونە نێوخۆییەکانی یەمەندا زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس کوژران.

## ئاوریل:

- ڕۆژی ٢ی ئاوریل لە وڵاتی کێنیا گرووپی تیرۆریستیی "الشباب" هێرشی کردە سەر زانکۆی گاریسا و خوێندکاران و پێرسۆنێلی زانکۆیان بە بارمتە گرت. ئەم هێرشە تیرۆریستییە بە کوژرانی ١٤٧ خوێندکار کۆتایی هات.

- ڕۆژی ٢٧ی ئاوریل وەزارەتی بەرگریی نیجێریە ڕاگەیاند لە هێرشێکدا ٢٠٠ کچ و ٩٣ ژنیان ڕزگار کردوە کە لە لایەن گرووپی ئیسلامیی بووکووحەرامەوە بە بارمتە گیرابوون.

### مای:

ـ لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ٨ی مای بریتانیادا حیزبی کۆنەپارێز بە سەرۆکایەتیی دەیڤید کامێرۆن بەسەر حیزبی کارگەردا سەرکەوت و کامێرۆن بۆ پێنج ساڵی دیکە بۆوە بە سەرۆکوەزیرانی بریتانیا.

### ژوئەن:

ـ لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەنی تورکیەدا حیزبی داد و گەشە نەیتوانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست بێنێ و هەر بۆیە ناچار بوو حکوومەتێکی هاوپەیمانی پێکبێنێ، بەڵام حەزی ئۆردوغان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی تەکحیزبی و ئامادەنەبوونی حیزبەکانی دیکە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی داد و گەشە، تورکیای بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت برد و بووە هۆی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی و هاوکێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیەدا.

ـ ڕۆژی هەینی ٢٦ی ژوئەن جیهان شاهیدی سێ کردەوەی تیرۆریستی لە سێ شوێنی جیهان بوو. یەکەمیان بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە لە شاری لیۆنی فەرانسە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا سەری کەسێک لە جەستەی جیا کرایەوە و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون. دووەم ڕووداو تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە مزگەوتێکی شیعەکان لە کووەیت بوو کە بووە هۆی کوژرانی ٢٥ کەس و برینداربوونی ٢٠٠ کەس. سێهەم ڕووداویش هێرشێکی تێرۆریستی لە شاری سووسە لە تونێس بوو کە تێیدا کەسێکی توندڕەوی ئیسلامی بە دەستڕێژی گوللە ٣٨ کەسی لەو خەڵکەی هاتبوونە قەراغ دەریا، کوشت و ژمارەیەکیشی بریندار کردن.

### ژووئیە:

ـ ڕۆژی یەکەمی مانگی ژووئیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کووبا دوای ٥٤ ساڵ پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆیان دەست پێکردەوە.

ـ دوای نزیک بە دە ساڵ کێشە و ململانێی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە و پەسندکرانی چەندین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران، ڕۆژی ١٤ی ژووئیە،

ئێران و گرووپی ١+٥ لە شاری ڤییەن ڕێککەوتننامەی کۆتایی‌یان ئیمزا کرد. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە کۆمەڵێک ئەرک و دەروەستبوون دەخاتە سەر ئێران، ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی‌یەکانی ئێران و وڵاتانی جیهان‌و، ئەگەر ئێران هەموو مەرجەکان بەجێبێنێ گەمارۆ قورسە ئابووری‌یەکان لەسەر ئێران لادەچن. ئێران کە لەماوەی زیاتر لە دەساڵدا بە پێداگری لەسەر بەرنامە ئەتۆمی‌یە گوماناوی‌یەکەی، سەدان ملیارد دۆلاری زیان بە خەڵکی ئێران گەیاند سەرەنجام ناچار بوو لەژێر گوشاری سزا قورسە ئابووری و سیاسی‌یەکاندا مل بۆ ویستی جیهانی رابکێشێ و تەسلیمی ئیرادەی نێونەتەوەیی بێ.

- ڕۆژی بیستی ژووئیە بە هۆی تەقینەوەیەکی تیرۆریستیی خۆکوژی لە بەرامبەر ناوەندی فەرهەنگیی سورووچ لە پارێزگای ئۆرفای باکووری کوردستان، ٢٧ هاونیشتمانی کورد کوژران و ١٠٠ کەس بریندار بوون. لایەنە کوردی‌یەکان لە پێوەندی دەگەڵ ئەم کردەوە تیرۆریستی‌یەدا دەستی تاوانیان بۆ لای دەوڵەتی تورکیە و دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە راکێشا. دوو ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە دوو ئەفسەری تورک لەم پارێزگایە کوژران و پ ک ک بەرپرسیارەتیی ئەم هێرشەی وەئەستۆ گرت. ئەوە بوو بە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕ، دوای نزیک بە دوو ساڵ وتووێژ و دانوستان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیە.

### ئووت:

- ڕۆژی ١٢ی ئووت بەهۆی تەقینەوە لە کارخانەیەکی پێترۆشیمی لە پارێزگای تیانجین لە وڵاتی چین ١٦٥ کەس گیانیان لەدەستدا.

### سێپتامبر:

- ڕۆژی ٣ی سێپتامبر دۆزرانەوەی تەرمی ئایلان کوردی، منداڵێکی تەمەن سێ ساڵانەی کوردی ڕۆژئاوا لە کەنار ئاوەکانی تورکیە، بوو بە مانشێتی هەواڵدەری‌یەکانی جیهان. لە دوای هەڵایسانی ئاگری شەڕ لە سووریە و عێراق ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەم ناوچانە ڕوویان کردۆتە کۆچ بۆ وڵاتانی ئوورووپایی و سەدان کەس لەم ڕێگە دژوار و پڕمەترسی‌یەدا گیانیان لەدەست داوە. دۆزرانەوەی تەرمی ئایلانی سێ ساڵان بوو بە شۆکێک بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کە بیر لە بەرپرسیارێتی‌یان لەم شەڕانەدا بکەنەوە و ئاوڕێک لە بارودۆخی کارەساتباری پەناخوازان بدەنەوە و ئەوە

بووە هۆی کرانەوەی سنوورەکان بەسەر پەناخوازاندا و لە ئاکامدا بۆ ماوەی چەند مانگ شەپۆلی پەناخوازان بۆ ئورووپا زۆرتر و خێراتر و بەرینتر بۆوە.

ـ ڕۆژی ٢٤ی سێپتامبر لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە حەج لە مینا بەهۆی پاڵەپەستۆ لانیکەم ٢٢٠٠ کەس گیان لەدەست دا کە ژمارەیەک حاجیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشیان تێدا بوون.

ـ ڕۆژی ٣٠ی سێپتامبر ڕووسیە بۆ یەکەمجار هێرشە ئاسمانییەکانی بۆسەر هێزەکانی داعیش لە سووریە دەست پێکرد، بەڵام تورکیە و ئەمریکا و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەڵێن کە هێرشەکانی ڕووسیە زیاتر ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی دژبەری بەشار ئەسەد دەکاتە ئامانج.

***ئۆکتۆبر:***

ـ ڕۆژی ٣ی ئۆکتوبر فڕۆکە ئەمریکاییەکان بەهەڵە نەخۆشخانەیەکی پزیشکانی بێسنووریان لە ویلایەتی قۆندوزی ئەفغانستان کردە ئامانج و لە ئاکامدا ٤٢ کەسیان کوشت.

ـ ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبر لە کاتی خۆپێشاندانێکی هێمنانە لە شاری ئانکارای تورکیە بەهۆی دوو تەقینەوە لە مەودای ٥٠ میتری لە نێو خۆپێشاندەراندا ١٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا. بەرپرسانی تورکیە داعیشیان بە بەڕێوەبردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە تۆمەتبار کرد. بەڵام بەشێک لە چاوەدێران پێیان وابوو کە دەوڵەتی ئۆردوغان بۆ شوێندانان لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆی، هەوڵ دەدا کەشێکی نائاسایی و ئەمنیەتی بەسەر وڵاتدا زاڵ بکا.

ـ ڕۆژی ٣١ی ئۆکتۆبر فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ڕووسی چەند خولەک دوای هەستان لە فڕۆکەخانەی شەرموشەیخی میسر لە ئاسمان تەقیەوە کە بووە هۆی کوژرانی ٢٢٤ کەس. دوای ئەم ڕووداوە گرووپی داعیش بەرپرسیارەتیی ئەم تەقینەوەیەی وەئەستۆ گرت و ڕووسیەش ئەم ڕووداوەی بە هێرشێکی تیرۆریستی لەقەڵەمدا بەڵام بەرپرسانی میسری ڕایانگەیاند کە هیچ نیشانەیەکیان لە هێرشێکی تیرۆریستی لەبەر دەستدا نیە.

## نۆڤامبر:

ـ رۆژی ١ی نۆڤامبر لە تورکیە حیزبی داد و گەشە بە سەرۆکایەتیی رەجەب تەییب ئەردوغان لە هەڵبژاردنی پێشوەختدا توانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست بێنێ تا بتوانێ حکوومەتی تەکحیزبی پێکبێنێ. لە بەرامبەردا ژمارەی کورسییەکانی هەدەپ حیزبی کوردەکانی تورکیە بە سەرۆکایەتیی سەلاحەدین دەمیرتاش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێنج مانگ پێشتر کەمی کرد.

ـ رۆژی ١٣ی نۆڤامبر لە فەرانسە لە ئاکامی زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی لە چەند شوێنی شاری پاریسدا ١٣٠ کەس کوژران و ژمارەیەکی بەرچاو بریندار بوون. گرووپی تیرۆریستیی داعیش بەرپرسیارەتیی ئەم هێرشانەی وەئەستۆ گرت.

ـ رۆژی ٢٠ی نۆڤامبر فرۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە، فرۆکەیەکی رووسییان لە نزیک سنووری نێوان تورکیە و سووریە خستە خوارەوە و لە ئاکامدا یەکێک لە فرۆکەوانەکان کوژرا و ئەوی دیکەیان رزگاری بوو. ئەم کارەی تورکیە لە لایەن رووسیەوە بە خەنجەرلێدان لە پشتەوە دانرا و پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی بەرەو ئاڵۆزی برد و ئەگەرچی رووسیە لە تورکیەی ویست داوای لێبوردن بکا بەڵام تورکیە رایگەیاند کە ئەم فرۆکەیە سنووری وڵاتەکەی بەزاندوە و ئامادە نەبوو داوای لێبوردن لە رووسیە بکا.

## دێسامبر:

ـ رۆژی ٣ی دێسامبر لە شاری سەن بێرناردینۆ لە باشووری ئەیالەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا ژن و پیاوێک لە ناوەندێکی کاروباری کۆمەڵایەتی دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر خەڵک و لە ئاکام دا ١٤ کەس گیانیان لەدەست دا. پیاوەکە چەند مانگ بەر لەم کردەوە ترۆریستییە ئۆگریی خۆی بە داعیش راگەیاندبوو.

ـ رۆژی ١٢ی دێسامبر دوای کۆنفرانسێکی دوو حەوتوویی لە وڵاتی فەرانسە ١٩٥ وڵاتی جیهان رێککەوتننامەیەکی مێژوویییان بۆ کەمکردنەوەی پلەکانی گەرمای تۆپی زەوی ئیمزا کرد.

- ڕۆژی ١٢ی دێسامبر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی‌یەکان لە وڵاتی عەرەبستان ٢٠ ژن توانیان دەنگ بێننەوە و ببن بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.

- ڕۆژی ١٨ی دێسامبر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی بۆ کۆتایی‌هێنان بە شەڕی پێنج ساڵە لە وڵاتی سووریە پەسند کرد، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە دوارۆژ و چارەنووسی بەشار ئەسەد نەکرد.

لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانیۆێری ٢٠١٦




لە دنیای ئەمڕۆداو لە هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی جیهاندا رۆژی ئازادیی راگەیاندن بۆتە رۆژێک بۆ ئاوڕدانەوە لەو کێشەو گیروگرفتو مەترسییانەی لە زۆر شوێنی جیهانو بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەتوو و جیهانی سێهەمیدا بەربینگی رۆژنامەنووسان دەگرێو زۆرجار مەترسی بۆسەر کارو پیشەو گیانیان دروست دەکاو رۆژنامەنووسان لەگەڵ هەڕەشەو سانسۆرو گیرانو تەنانەت ئەشکەنجەو مەرگ بەرەوڕوو دەکاتەوە.

راگەیاندن وەکوو دەسەڵاتی چوارەم لە سیستمێکی دێموکراتیکدا لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا رۆڵی هەیەو هەر بەم پێیە گونجاوترین شوێن بۆ گەشەی راگەیاندن، ئەو وڵاتانەن کە سیستمێکی دێموکراتیکیان تێدا بەرقەرارە. بەڵام ئەو وڵاتانەی دێموکراسی تێیاندا لاوازە یان هەر نیە، راگەیاندنیش وەک هەموو بەشەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هاونیشتمانانو کۆمەڵگای مەدەنی لە بەردەم مەترسیی هێرشی ئەو هێزە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرانەدان کە گەیاندنی زانیاریو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو وشیاریی خەڵک بە زیانی دەسەڵاتو بەرژەوەندیی خۆیان دەزانن.

مەسعوود رەواندووست

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: ڕەشەمێ ٢٧٠١ کوردی - مارچی ٢٠١٨ی زایینی